www.pertwk.com

# نامەیەک دەربارەی لێکبوردن

نوسینی : جۆن لۆک

وەرگێڕانی لە فارسیەوە

شۆڕش جوانڕۆیی- فەرشید شەریفی

**ناوی کتێبەکە بە فارسی :**

نامه‌ای درباب تساهل- جان لاک, ترجمه شیرزاد گلشاهی کریم- تهران-

نشر نی – 1377

www.pertwk.com

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**وەزارەتی رۆشنبیری**

**بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان**

**www.roshnbiri org**
**khanaywargeran@yahoo.com**

Y **ناوی کتێب: نامەیەك دەربارەی لێکبوردن**

Y **نووسینی : جۆن لۆك**

Y **وەرگێڕانی لە فارسیەوە : شۆڕش جوانڕۆیی/ فەرشید شەریفی**

Y **نەخشەسازیی بەرگ: نازەنین صالح**

Y **نەخشەسازیی کۆمپیوتەر: جیهان مەحەمەد**

Y **تایپ: جیهان محەمەد / بەهرە عزەدین**

Y **زنجیرە:** 32

Y **تیراژ:** 1000 **دانە**

Y **ژمارەی سپاردنی ( 35 )ی ساڵی ( 2004 )ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە**

Y **چاپ: چاپخانەی تیشك**

www.pertwk.com

**پێشکەشە بە** :

- **هاوڕێم ( غازی خەلیلی ) نوسەرو شاعیر** .
- **فەرشید شەریفی**

www.pertwk.com

# پێڕست


- ووتەیەك ........ 9
- پێشەكی وەرگێڕی فارسی( لێكبوردن لە ئەندێشەی بیرمەندانی خۆرئاوا )دا........ 11- 13
- واتای لێكبوردن ........ 14
- واتای ژیان و ئاما نجەكانی ........ 14- 16
- بەڵگەی داكۆكیكاران لە پرەنسیبی لێكبوردن ........ 17

1. كاستالیون ........ 18- 21
2. ل- هۆپیتال........ 21 - 23
3. لانۆ........ 24- 25
4. جان بۆدن ........ 26 - 30
5. پیربیل ........ 31- 37
6. جۆن ستیوارت میل ........ 38- 43

- ( جۆن لۆك )و نامەیەك دەربارەی لێكبوردن ........ 44- 49
- نامەیەك دەربارەی لێكبوردن........ 50 -124

www.pertwk.com

## ووته‌یه‌ك

له‌ دوای تێپه‌ڕبوونی ده‌یان سه‌ده‌ به‌سه‌ر مێژووی فیكرو ئاخاوتن‌و دیالۆگی فه‌لسه‌فیدا، جێی خۆیه‌تی بۆ جارێكی دی بپرسینه‌وه‌: لێكبوردن چییه‌؟ گومانی تێدانیه‌ له‌ مێژووی مرۆڤایه‌تیدا چه‌مكی لێكبوردن له‌ نێو چه‌ندان ئاین‌و فه‌لسه‌فه‌و ڕێبازی جیاجیای فیكریدا بۆ ته‌ كه‌ره‌سته‌ی لێدوان‌و مشتومڕ، به‌ڵام هێشتا ئه‌و پرسیاره‌ (لێكبوردن چییه‌؟) قورسایی خۆی له‌ ده‌ستنه‌داوه‌، چونكه‌ ئه‌مێستا ئێمه‌ ژیانێك ده‌ژین كه‌ توندو تیژی‌و زه‌برو زه‌نگ له‌ شێوازی جیاجیا سه‌ریانده‌رهێناوه‌ته‌وه‌. ئه‌م كتێبه‌ هه‌وڵێكه‌ بۆ وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئه‌م پرسیاره‌، به‌ڵام ئه‌وه‌ی لێره‌دا گرنگه‌ له‌مه‌ڕ ئه‌م پرسیاره‌ ئاماژه‌یه‌كی خێرایی پێبده‌ین ئه‌وه‌یه‌، هۆی نیوه‌ناچڵی‌و كورتهێنانی زۆربه‌ی وه‌ڵامه‌كانی نێو مێژووی فیكری مرۆڤایه‌تی به‌م پرسیاره‌ به‌ زۆری بۆ ئه‌وه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ كه‌ تا هه‌نوكه‌ش ئه‌وانه‌ی گوتاری لێكبوردنیان ڕاگه‌یاندووه‌، له‌ حاڵه‌تی ده‌سه‌ڵات‌و هێژه‌وه‌ ئه‌مه‌یان كردووه‌و پێیانوابووه‌ ئه‌م سیفه‌ته‌یان له‌ بێمنه‌تی‌و دڵسۆزی خۆیانه‌وه‌ هاتووه‌ له‌ هه‌مبه‌ر ئه‌وی دیكه‌و جۆرێكه‌ له‌ ئازادكردن‌و به‌خشینه‌وه‌ی ئومێدی ژیان‌و لابردنی مه‌ترسی له‌سه‌ری، له‌ كاتێكدا ئه‌مه‌ ته‌واو پێچه‌وانه‌یه‌و لێكبوردن مانای ئازادكردنی ڕۆحی كه‌سی لێبوردو خۆیه‌تی‌و چاكه‌یه‌ك‌و دڵسۆزیه‌كه‌ ده‌رهه‌ق به‌زاتی خۆی، چونكه‌ به‌م هه‌نگاوه‌ سنوره‌كانی كامه‌رانی‌و چێژی ژیان له‌لای كه‌سی له‌خۆبوردو فراوان‌و والاتر‌ده‌بن‌و له‌ ده‌ست كۆت‌و به‌نده‌كانی ده‌ره‌وه‌ ڕزگاری ده‌بێت، هه‌ر بۆیه‌ هه‌ڵه‌یه‌ لێكبوردن به‌ پله‌ی یه‌كه‌م‌و وه‌ك دڵسۆزی‌و منه‌تێك به‌سه‌ر به‌رامبه‌ردا فه‌رز بكرێت.

**ش. جوانڕۆیی**

www.pertwk.com

## پێشەکی وەرگێڕی فارسی

### (لێکبوردن لە ئەندێشەی بیرمەندانی خۆرئاوادا)

پرسەی لێکبوردن و هەڵکردن لەبەرامبەر باوەڕە نەیارەکاندا سەرگوزەشتەیەکی سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەری لە خۆرئاوادا هەیە. سەرەتا مانای ئەم واژەیە لە مێژووی ئەندێشەی سیاسی خۆرئاوادا لە بواری پرسە مەزهەبیەکاندا سەریهەڵدا, واتە لەو سەردەمەدا کە هێشتا خەڵکی(رۆما) ئاینی مەسیحیان قبوڵ نەکردبوو, مەسیحیەکان لەوێ(لە ڕۆما) بە توندی لە ژێر ئازارو ئەشکەنجەدا بوون چونکە هەڕەشەیان لە سیستمی ئاکاری کۆمەڵگای(ڕۆم) دەکرد کە لەسەر بنەمای پەرستنی خوداوەندە جۆراوجۆرەکان دامەزرابوو, بەڵام لە کاتێکدا ئاینی مەسیحیەت لە ڕۆما بوو بە مەزهەبێکی رەسمی و دەوڵەتی, ئەمجارە یان ئەوە مەسیحیەکان بوون کە ئازارو ئەشکەنجەی نەیارەکانیان دەدا. ناتوانین نوسەرێك بە درێژایی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست بدۆزینەوە کە بچوکترین دژایەتی لەهەمبەر هەڵنەکردن و لێکنەبوردنی بیروڕا دینیەکان دا کردبێت. هەر جۆرە بە درێژایی تەوژمی ریفۆرمی ئاینی ئەو باوەڕەی کە دەیگووت نەیارانی ئاینی شایستەی سەرکۆنەکردن و سزان نەك تەنها لە دیدی کاسۆلیکەکانەوە, بگرە تەنانەت لە دیدی پرۆتستانتەکانیشەوە بەڕاست و رەوا لە قەڵەم درا, لێرەوە دەبینین وەك چۆن کاسۆلیکەکان(هۆبمایر[1]) یان سوتاند کاڵڤینستەکانیش(سروتس[2]) یان خستە ئاگرەوە. لەلایەن کۆمەڵەی دیندارانەوە ئەوە پەسەندکرابوو کە لە سێدارەدان و ئەشکەنجە ئامرازگەلێکی باش و گونجاون بۆ ریشەکێشکردنی بێدینی و هاوەڵدانان بۆ یەزدان و, لەبەر ئەوەش کە سیاسەت و ئاین تێکەڵاوببون و لەیەکدی جیانەدەکرانەوە کەواتە گۆڕان لە باوەڕەکان و کاروباری ئاینی و یان دژایەتیکردنی کەنیسە بە مانای دژایەتیکردنی حکومەت و هەروەها بە هۆکارێکیش بۆ ئاژاوە نانەوە لە قەڵەدەدرا.



هەر بەم هۆیەوە ئەو سیاسەتمەدارانەی خۆیان بە دیندار دەزانی, نەیارە مەزهەبیەکانی خۆیان سەرکوت دەکرد. سەرەڕای ئەو ناکۆکیە ناوەکیانەی کەنیسەکان هەیانبوو کەچی بە تەنها راڤەکەری رەوای فەرمودەکانی یەزدان دادەنران, ئەگەرچی لە روی تیۆریەوە کەسێکی باوەڕدار ناچار نەبوو کە بەدەر لە فەرمودەکانی یەزدان بۆ هیچ شتێکی دی ملکەچ بکات, بە کردەوە(ئەو) داوەری باوەڕو کردەوەکانی خۆی نەبوو بەڵکو کەنیسەکان دوا بڕیاری کۆتاییان سەبارەت بە باوەڕەکانی(ئەو) دەردەکرد.

ئەندێشەی لێکبوردن لە خۆرئاوادا بەر لەوەی بەرهەمی داچۆڕاوی زەینی بیریاران بێت, دەرئەنجامی بارودۆخی دەرگیری و کێشمەکێشی گروپە مەزهەبیەکان بوو, لەلایەکەوە ئەوان هێندە دەسەڵاتیان نەبوو نەیارەکانیان سەرکوت بکەن و لەلایەکی دیکەشەوە بە هیچ جۆرێك رێگەی فرەیی و هەمەڕەنگی حەقیقەتەکانیان نەدەدا.

بەخشین و بەختەوەری رۆحی مرۆڤەکان کە ئامانجی تەواوی گروپە مەزهەبیەکان بوو لەلایەکەوە لێکنەبوردنی لێدەکەوتەوە و, لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەکی پێدەکرد چونکە بەخشینی رۆحەکان تەنها لە سایەی باوەڕێکی راستگۆیانەو دڵسۆزانەوە بە باوەڕە ئاینیەکان فەراهەم دەبوو, و لێکنەبوردنیش لە بەرامبەر باوەڕە ئایینیەکان و هەروەها فەرزکردنی دەبووە هۆی ریاکاری و دووڕویی لە دیندا کە ئەمەش خۆی بە دژی ئامانجەکانی دین دەژمێردرا.

تەواوی ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی لێکبوردن لەلایەکەوە پشت ئەستوربێت بە جۆرێ لە عەقڵانیەت کە بەرهەمی هەلومەرجی کێشمە کێشە ئاینی‌یەکان بوو, لەلایەکی دیکەوە دەرئەنجامی جۆرێك باوەڕو بە تایبەتی ئیمانی دینی بێت, واتە ئەو شتەی دواتر تێڕامانی عەقڵانی و مرۆڤ گەرایی بە هانایەوە هاتن و بە هێزتریان کردو هەرچی زیاتریش جێگیریان کرد. هەر بەو جۆرەی ئاماژەیان پێکرد پرسەی لێکبوردن لەدەرونی باوەڕە ئاینیەکانەوە سەریهەڵداو، لەبەرئەوەش دڵەڕاوکێی خەڵکی لەو سەردەمانەدا بەدەوری باوەڕە مەزهەبیەکاندا دەخولایەوە،

www.pertwk.com

ئاسایی بوو کە پرسەی لێکبوردن لەبەستێنی سەرەتایی خۆیدا بریتی بێت لە ئازادی (تاك) لەهەڵبژاردنو قبوڵکردنی ئازادانەی تاکە مەزهەبێكو، ماوەیەکی زۆریشی خایاند تا لێکبوردن لەبوارەکانی دیکەدا پەرەی سەندو لەبنەڕەتدا بەمانای هەر جۆرە بیروڕا یان باوەڕێکی مەزهەبی یان سیاسی، یان کۆمەڵایەتی لەقەڵەم درا.

*　　　*　　　*



## □ واتای لێکبوردن

لێکبوردن بریتیە لەقایلبوونو پەسەندکردنی ئەوشتەی پێی قایل نینو ناڕازین لێی، بەلاّم هەمیشە ئەم ناڕازیبوونە نزیکە لەجۆرێك لەخۆگرتنو پاراستنی (خود–SELF)لە دەرکردنو تەفروتوناکردنی بیرکردنەوەیەك یان ئەندێشەیەك. ئەگەرچی کەسی (تاك) لێبوردوو ناڕازیە لەبیروڕایەكو هەرچەندە حەزی لەسەرکوتکردنی بیروڕای نەیارەکەی هەیە، بەلاّم ئەم حەزە لەکەسی لێبوردودا سەرکوتدەکرێت. تاکی لێبوردو ناڕازیە لەبوونی بیروباوەڕ یان ئەندێشەیەك، بەلاّم زیاتر ناڕازیە لەسەرکوتکردنی ئەو بیروباوەڕە، واتە لەنێوان سەرکوتکردنی بیروباوەڕێكو هەڵکردنو لێبوردن لە بەرامبەر ئەو بیروباوەڕەدا ئەو لەیەکەمیان زیاتر ناڕازی دەبێت.

ئەم مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵبژاردنی ئەو لەسەر بنەمای جۆرێ لەعەقلانیەت ئەنجامبدرێو، لەڕاستیدا لێبوردنەکەی لەسەرچاوەی عەقلاّنیەتو هەڵبژاردنی عەقڵی مەسەلەیەك (لێکبوردن) بەسەر مەسەلەیەکی دیکەدا (سەرکوتکردنی بیروڕای نەیار) سەرچاوە دەگرێت.

## □ واتای ژیان و ئامانجەکانی

پێدەچێ ئەو وتوێژەی لەنێوان لایەنگرانی بیری لێکبوردنو لایەنگرانی لێکنەبوردندا هەیە لەسەر بیروباوەڕێکی بنەڕەتیە، ئەویش رونکردنەوەی ژیانو ئامانجەکانێتی. لەدیدی ئەو کەسانەوە کە بڕوایان بەلێکبوردن نیە قیامەت ئامانجی ژیانەو، دەبێ خەڵکی لەم جیهانەدا بەجۆرێك بژین کە بەسەرکەوتویی و ئاسودەیی قیامەت بگەنو بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش دەبێ بەر لەهەموو شتێك ئیمان بە باوەڕە ئاینییەکان بهێنن تا لەوڕێگایەوە کردەوەکانیان لەبەر قاپی یەزداندا قبوڵبکرێو لەڕۆحیان خۆش بێت، ئەگینا بەتەنها پابەندبوون بەعەقڵو پەیڕەویکردن لەفەرمانە ئاکاریەکان بەختەوەری قیامەتی مرۆڤەکان مسۆگەر ناکات. هەمیشە جیاوازی لەنێوان

ئیماندارو بێئیمانەکاندا هەیە، ئیماندارەکان دەچنە بەهەشتو کافرەکانیش بەئاگری دۆزەخ دەسوتێن. تەواوی ئەو بەڵگانەی بۆ داکۆکیکردن لە تەحەمولنەکردن هێنراوەتەوە لەسەر ئەم تەوەرە سەرەکیە دەسوڕێتەوەو لەژێر سایەی هەمان باوەڕدا پێکهاتوون. لەم دیدگایەوە گرنگترین شت لەم جیهانەدا لای مرۆڤەکان بەختەوەربوونی رۆحیانە، هەر بەم هۆیەوە (ئاگۆستین)3ئەو بەڵگەیە دەخاتە روو کە، ئەگەر بڕیاربێت کەسێك لە ئەنجامی لەدەستدانی ئیمانەکەی بەئاگری هەتا هەتایی مەحکوم بێت، چاکتر وایە لەحاڵەتی پێویستدا بەزۆر بیکەن بەکەسێکی بەئیمان تا بەهۆی ئەوەوە ژیانێکی نەمرانەی بۆ مسۆگەر بکرێو، دیارە ئەمجۆرە زۆرەملێکردنە کارێکی شیاو, و پەسەندکراوە چونکە بەهەشت بۆ (ئەو) مسۆگەر دەکات، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە لەژێر ئەشکەنجەشدا گیانی لەدەستبدات ئەو ئەشکەنجەو مەرگە هیچ نیە بە بەراورد لەتەك ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەدا کە لەدۆزەخدا روبەڕوی دەبێتەوەو بەهۆی ئەم ئازارەوە ژیانێکی نەمرانەی بۆ مسۆگەر دەکرێ. مرۆڤ ئەشکەنجە دەدرێ تا دواتر بچێت بۆ بەهەشتو بەدڵنیایشەوە ئەو ئازارو ئەشکەنجەیە نرخی ئەوەی هەیە. لەڕاستیدا پرسیاری گرنگو بنەڕەتی ئەوەیە ئایا بێئیمانیو کفر خراپترو دزێوترن لە ناچارکردنی کافرانو یان ئەوانەی کە بەجۆرێکی جیاواز بیردەکەنەوە؟ ئایا بەختەوەری مرۆڤەکان نرخی ئەوەی نیە بەزۆرو ناچاری پابەندی فەرمانە ئاینیەکان بن؟ ئەگەر نرخی ناچارکردنی کافران لە بێئیمانیان زیاتر بێت لەوحاڵەتەدا لەڕوی لۆژیکیەوە دەبێ ناچار بکرێن تا ئیمان بە باوەڕە ئاینیەکان بهێنن. کەنیسەی مەسیحی وەڵامی ئەم پرسیارانە بەشێوەیەکی ئیجابی دەداتەوەو لەو بڕوایەدایە گوناهی کفرو بێئیمانی زۆر لە کردەوەی زۆرو ناچارکردن لەسەر مرۆڤەکان خراپترەو، لەبەر ئەوە دەبێ خوانەناسو کافرەکان بەزۆرو ناچارکردن بۆسەر رێگای راستی رێنمایی بکرێن، لەڕوانگەی کەنیسەوە وازهێنان لە نەیاران لەحاڵەتی گوناهدا خۆی بەستەمێك دادەنرا کە لەو نایارانە دەکرێو، کەواتە سەرکوتکردن بەهۆکاری ئازادکردنیان دادەنرێ لە بەرامبەر عەزابی هەتاهەتایی‌دا.



بەپێچەوانەی ئەم بەڵگانەی کەنیسەوە، بیریاران بەڵگەگەلێکی‌جیاوازیان خستۆتەڕوو:

1. دەستەیەك بڕواکانی کەنیسەیان قبوڵە، بەڵام دژی ئەوەبوون بەزۆر خەڵك والێبکرێت بڕوا ئاینیەکان پەسەند بکەن.

2. دەستەیەکی دیکەیان گوێیان نەدەدایە بڕوا ئاینیەکانی کەنیسەو، لەهەمان کاتدا دژی ئەوەش بوون بەزۆر وا لەخەڵکی بکرێ تەنها بڕوایەك پەسەند بکات.

3. بەشێکی دیکەیان هەم ناڕەزاییان لەهەمبەر بڕوا ئاینیەکانی کەنیسە دەردەبڕیو، هەم دژی ئەوەش بوون بەزۆر کەسێك والێبکرێت بە بڕوایەك قایلبێت.

لەنێوان ئەم گروپە فکریانەدا کەسانێك کە گوێیان بە باوەڕە ئاینیەکان نەدەدا بەئاسانی لەتەك مەسەلەی لێکبوردندا خۆیان دەگونجاند، بەڕای ئەوان لێکبوردن لە باوەڕە ئاینیەکاندا نەك تەنها مەسەلەیەکی پەسەندکراو بوو، بەڵکو وادەهاتە بەرچاو کە شتێکی پێویست بێت.

خوانەناسەکانیش کە لەبنەڕەتدا هیچ وابەستەیەکیان لەتەك باوەڕە ئاینیەکاندا نەبوو، زۆر ئاسایی بوو دژایەتی ئەو دۆخی ئەشکەنجەو ئازارە بکەن کە بەهۆی هۆکارە ئاینیەکانەوە ئەنجام دەدرا.

بەڵام پرسەی لێکبوردنی دینی لای کەسێکی باوەڕدار لەپرسە ئاڵۆزو دژوارەکان بوو کە دەبوایە بەهێزترین بەڵگەگەل سەبارەت بە داکۆکیکردن لە لێکبوردن لەلایەن ئەم گروپەوە بخرایەتە روو. گروپێك کە لەلایەکەوە خۆیان بە باوەڕە ئاینیەکانەوە گرێدابوو، لەلایەکی دیکەشەوە دژی ئەوەبوون بەزۆرو ناچارکردن باوەڕە ئاینیەکان بەسەر خەڵکیدا بسەپێنرێت.

## ▫ بەڵگەی داكۆكیكاران لەپرەنیسبی لێكبوردن

لەتەواوی ئەو داكۆكیانەی دەرهەق بە پرسەی لێكبوردن كراوون بەڵگەیەكی سەرەكی بەرچاو دەكەوێت كە بەهەندێ شێوازی جیاواز خراوەتە روو. ئەو بەڵگەیەش ئەوەیە هەمیشە بڕوابوون بە ئاینێك بەناچار هاوكاتی قبوڵكردنی ئارەزومەندانەو خۆبەخشانەیە. هیچ كاتێك زۆرو ناچاركردن ناتوانێ بڕوایەكی راستو حەقیقی لەدڵەوە بهێنێتە ئاراوە، هەر ئەم بەڵگەیە بەشێوەیەكی دی خراوەتە ڕوو ئەویش ئەوەیە كە ئامانجی هەموو ئاینەكان رگاربوونی مرۆڤەو، ئەم ئامانجەش بەهۆی باوەڕبوونی ئازادانەو خۆبەخشانەی مەزهەبیەوە مومكین بووەو هیچ كاتێك زۆرو ناچاركردن ئاسودەیی و رزگاركردنی ویژدانی مرۆڤەكان فەراهەم ناكات.

ئەو باوەڕانەی بەسەر مرۆڤەكاندا دەسەپێنرێ، هەمووی لەڕێی زۆرو ناچاركردنەوەیەو، زۆرو ناچاركردنیش ئامرازگەلێكن كە لەتەك خواستو ئامانجی ئایینـدا لە ناكۆكیدان. بەكورتی بەڵگەی دوهەم ئامرازی زۆرودەسەڵات لە فەراهەمكردنی ئامانجی ئایین كە هەمان ئاسودەیی و رزگاری مرۆڤەكان بەناكام دەزانێت. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین دوو جۆر بەڵگە هەیە سەبارەت بەداكۆكیكردن لە لێكبوردن:

جۆری یەكەم بەڵگەیەكە بە (بەڵگەی ئسوڵی) ناوی دەبەینو، لەبنەڕەتدا ئەو لافە لێدەدات كە دینداریو ئیمان مەسەلەیەكی تایبەتی و رۆحیەو بەزۆر بەدەست نایەت. جۆری دوهەم دەتوانین بە (بەڵگەی ئامرازی) ناوی ببەین، بەڵگەیەكە ئامرازی زۆركردن بە مەبەستی گەیشتن بەخواستی ئاین، واتە رزگاری رۆحی مرۆڤەكان بەگونجاو نازانێت.

ئێستاش سەرقاڵی راڤەكردنی كورتەیەك لەو بەڵگە سەرەكی و گرنگانە دەبین كەبەشێك لەبیریارانی خۆرئاوا لەڕەتكردنەوەی مەسەلەی لێكنەبوردندا خستویانەتەڕوو.



## 1ـ كاستالیون

كاستالیون لەكتێبەكەیدا لەژێر ناوی (پەندێك بۆ فەرەنسای پەرێشان) ئاماژە بەوە دەكات، كە تەواوی هەوڵە فكریەكانی ئاراستەی راڤەكردنی ئەو جەنگە كۆمەڵایەتیانە دەكات لە فەرەنسادا ڕویان داوەو، لافی ئەوە لێدەدات بەهۆی سەرەكی جەنگەكان نەبوونی تەحەمولو لێكبوردنی مەزهەبی و ناچاركردنو زۆركردنە كە بەسەر ویژدانی مرۆڤەكاندا دادەسەپێنرێتو، لەو بڕوایەدایە زۆرە ملیٚو داسەپاندن دەبێتە هۆی ئەوەی نەیارانی باوەڕێك هەرچی زیاتر پێداگرتن لەسەر بیروباوەڕی خۆیانو درێژە بەجەنگ بدەن.

بە بڕوای ئەو كاسۆلیكەكان تەنها لەبەر ئەوە پرۆتستانتەكان ئازار دەدەنو لەناویان دەبەن، چونكە نارەزایی لە بەرامبەر (پاپ)و (عەشای رەبانی)و هەندێ مەسەلەی دیكەی مەزهەبیدا دەردەبڕن كە نە لە(كتێبی پیرۆز)دا بەڵگەیەك لەسەر راستبونیان هەیەو، نەبەڕاشكاویش ئاماژەیان پێكراوە، لەكاتێكدا پرۆتستانتەكانیش بەنۆبەی خۆیان دان بەوەدادەنێن هەمیشە (مەسیح) وانەی عیشقو خۆشەویستی پێوتوونو، سەرەڕای ئەوەش خۆشیان لەڕابردودا كاسۆلیك بوون، بەڵام بەهۆی ئەو نەفرەتەی دەرهەق بەكاسۆلیكەكان هەیانبوو ئازارو ئەشكەنجەیان دەدان. (كاستالیون) جەخت ئەكات لەوەی هۆكاری جەنگ داسەپاندنی باوەڕەكانو لێكنەبوردنێكە كە هەردوو گروپ لەبەرامبەر یەكدیدا ئەنجامی دەدەنو، بەمەبەستی چارەسەركردنی مشتومڕو جەنگ دەبێ هەردوو لایەن دەستبەرداری ئەوەبن باوەڕەكانیان بەسەر یەكدیدا بسەپێننو بەرامبەر بەیەك لێبوردوبن. لەم بەڵگانەدا (ئەو) بەهیچ جۆرێك خۆی لەڕیزی گروپێكی ئاینی تایبەتدا دانانێو زیاتر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەكات كە باوەڕی كاسۆلیكەكانیش وەك تەواوی گروپەكانی دی ئەوەنێن بەڵگەیەكی رۆشنو ئاشكرایان لەنوسراوەكانی (كتێبی پیرۆز)دا هەبێت. بەڵام ئاشكرا نیە ئایا (كاستالیون) بەوە قایلبووە كاسۆلیكەكان لەسەر

حەقن و، لەهەمان کاتیشدا دەبێ لە بەرامبەر گوناهی پرۆتستانەکاندا لێکبوردن پیشان بدەن، یان ئەوەی لەو بڕوایەدایە دیدگای ئاینی کاسۆلیکەکان جێگەی گومانەو، کەواتە نابێت پێ لەسەر ئەوە دابگرن کە پرۆتستانتەکانیش لەمەڕ ئەو دیدگایانەی ناکۆکیان لەسەری هەیە پەیڕەوییان لێبکەن.

دەتوانین بەڵگەکانی (کاستالیون) بەسەر دوو دەستەدا دابەش بکەین: دەکرێت دەستەیەك لەم بەڵگانە بە بەڵگەی بنەمایی ناوببەین کە لەبنەڕەتدا پێی وایە ناچارکردنی مرۆڤەکان کارێکی نادروستەو لەبەر ئەوە هیچ کاتێك نە (مەسیح)و نە(حەوارییەکان) پەنایان بۆ زۆرو ناچارکردن نەبردووە. ئەو دەڵێ هیچ کاتێك (مەسیح) لەڕێگەی زۆرەوە کەسێکی ناچار نەکردووە پەیڕەوی لێبکاتو، قوتابییەکانی بەوپەڕی ئازادیو خواستی خۆیانەوە ملکەچی فەرمانەکانی بوونو پەیڕەوییان لێکردووە. کەسانێك کە ویژدانی خەڵکی ناچار دەکەن بەشتێك قایل بێت، ئەو کەسانە نەبەڕاستی پەیڕەوی لە مەسیح دەکەنو نەدەتوانن خەڵکی بۆسەر ئاینی مەسیح ڕێنمایی بکەن. ئەگەر کەسێك لەبەر خاتری ئەوە ئەشکەنجە بدرێ ببێت بەئیماندار، نەك تەنها جەستەی بەڵکو خیانەتیان بەرۆحیشی کردووە. بەشێکی دی لە بەڵگەکانی (کاستالیون) بەڵگەی ئامرازین بەو مانایەی ئەو ئامرازی زۆرەملێ و دەسەڵات بە نەزۆك دەزانێ بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئاین. بە بڕوای ئەو مەبەستو ئامانجی باوەڕە ئاینیەکان خێرو چاکە کردنە, بەڵام ئەو ئامرازانە واتە زۆرەملێ و دەسەڵات بەشتانێکی ناشایستەو خراپ دادەنرێن. ئەو لەم بەڵگەیەی خۆیدا دوو دەستور بەدەست دێنێت:

1. هەمیشە دەبێت لێکبوردن لە بەرامبەر بێئیمانەکاندا بەڕەوا بزانین، تەنانەت ئەگەر دژیشیان بین چونکە ئامرازی زۆرو قودرەت ناتوانێت بەشێوەیەکی واقعی بەمەبەستو ئامانجەکانی ئاینمان بگەیەنێت (ئیمانو بەختەوەری ئەودونیای مرۆڤەکان). لەبەرئەوەی ئامرازی زۆرو قودرەت ناتوانێت وامان لێبکات لەدڵەوە باوەڕ بهێنین.



2ـ تەنانەت ئەگەر خێرو چاکەیەك کە لەسایەی ناچارکردنی مرۆڤەکانەوە بەدەستدێت گەورەتربێ لەخراپەی بێ ئیمانیو دژایەتی مەزهەبی، لەو حاڵەتەشدا هێشتا بەدەستهێنانی ئامانجێکی باشو پیرۆز لەڕێگەی هەندێ ئامرازی خراپەوە بەکارێکی هەڵەو خراپ دەژمێردرێت. بەدەربڕینێکی دی ئەگەرچی وازهێنان لە مرۆڤەکان لەناو گوناهو کفردا کارێکی خراپو لۆمەکراوە، بەڵام لەوەش خراپتر ئەوەیە کەسێك لەبەر خاتری بەختەوەربوونی ئەبەدیو ئاسودەیی قیامەت ناچار بەئەنجامدانی کارێك بکەین.

(کاستالیون) سەبارەت بەڕاسپاردەی لێکبوردنی مەزهەبی هەندێ بەڵگەی دیکەی هەیە کەزیاتر لایەنی کارکردیو پراکتیکیان هەیە، (ئەو) ئەو بەڵگەیە دەخاتە ڕوو کە لەهەر جێگایەکدا مرۆڤ ناچار نەکرابێت تا بەزۆر ئیمان بهێنێت, هەمیشە لەو جێگایەدا ژمارەی ئیمانداران زیاتر بووە بە بەراورد لەو جێگایەی زۆریان لێکراوە، ناچارکردنی خەڵکی سەبارەت بە پابەندبوونیان بەکەنیسەوە لەجیاتی ئەوەی وەفاداری (واقیعی) لێبکەوێتەوە، بەپێچەوانەوە بۆتە هۆی زیادبوونی دووبەرەکیو نەفرەت. دەبێت هەمیشە ئەوە بزانین کە ئەندێشە بەلەناوبردنی خاوەن یان بەرەو پێدەرانی ئەو ئەندێشەیە کۆتایی نایەت.

تاکە ڕێگای گونجاوی کەنیسە بۆ دژایەتیکردنی کافرانو خوانەناسان (لادەران) ئەوەیە دوریانبخاتەوە، ئەگەر کەسێك مورتەدەکانو کەسانێك کە بەشێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوە لەسێدارە بدات، ڕەنگە دوچاری هەڵە بوبێتو لەڕاستیدا مەسیحیەکی ڕاستەقینەی لەناوبردبێ ئالەم حاڵەتەدا ناتوانێ بەهیچ شێوەیەك قەرەبوی زیانێکی وا گەورە بکاتەوە. بەڵام ئەگەر کەنیسە کەسێك دوربخاتەوەو بەم کارەشی توشی هەڵەبێت، دیارە ئەم هەڵەیەی قابیلی چاککردنەوەیە، لێرەوە (کاستالیون) بەو ئاکامە دەگات تاکە ئامرازی گونجاوی کەنیسە دورخستنەوەی خوانەناسەکانو ئەو کەسانەیە وەك خۆی بیرناکەنەوە، نەك کوشتنو لەناوبردن یان هەڕەشە لێکردنیان.

(کاستالیون) خەڵکی فەرەنسابوو بەمەزهەبیش پرۆستانت بوو. ئەو یەکێك بوو لەهاوڕێ خۆشەویستەکانی (کالڤین)و، پاشان (کاستالیون) چوو بۆ شاری (ژنێف) ناوەندی کالڤێنستەکان‌و چووە ناو ئەڵقەی ئەوانەوە، بەڵام زۆری نەخایاند وازی لێهێنان بەهۆی بیروباوەڕی ئازادیخوازانەو دژایەتیکردنی حاڵەتی (لێکنەبوردن)ی کالڤینستەکان‌و، هەروەها بەهۆی ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەوە لەبەرامبەر نەیارەکانیدا ئەنجامیان دەدا، بەگشتی بەڵگەکانی (کاستالیون) زۆر بەهێزبوون، بەڵام زۆربەی ئەم بەڵگانە تەنها بەیانگەری قسەی تاکە کەسێك بوون.

## 2ـ میشاڵ دول هۆپیتال

(میشاڵ دول هۆپیتال) یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی لەمەڕ لێکبوردنی ئاینی خامەیەکی بەبڕشتی هەبووە. ئەو یەکێك بووە لەپیاوانی سیاسی‌و راوێژکاری فەڕەنسا لەسەردەمی حکومەتی(کاترین)دا لەنێوان ساڵەکانی1560تا1568. کاتێك لەسەر ئەو قسە دەکەین بەتەواوەتی لەتەك کەسایەتیەکی سیاسیدا روبەڕوین کەدڵیشی بەئاینی کاسۆلیکەوە گرێدراوە. کتێبەکەی (هۆپیتال) لەژێر ناوی (دەربارەی جەنگ‌و ئاشتی) نوسراوێکی تەواو سیاسیە هۆکاری جەنگە مەدەنیەکان‌و ئەو شێوازانە روندەکاتەوە کە دەبێتە هۆی کۆتایهاتنی ئەو جەنگانە. (هۆپیتال)یش وەك زۆربەی دیندارەکان ئارەزوی بەدیهاتنی دوو ئامانجی هەیە:

1. پایەدارکردن‌و جێگیربوونی یەك (ئایین).
2. دروستبوونی یەك دەوڵەتی یەکگرتوو ویەکپارچە.

بەگشتی لەنێوان بیریارانی هاوچەرخی (هۆپیتال)دا ئامانجی یەکەم بە ئامانجی سەرەکی دادەنراو، ئامانجی دوهەم پەیڕەوی لەئامانجی یەکەم دەکرد، بەڵام (هۆپیتال) ئامانجی دوهەمی بەڕەسەن دەزانی‌و ئامانجی یەکەمی بەپەیڕەوکەری ئامانجی دوهەم دەزانی. ئەو جەختی لەسەر بێهودەیی‌و بێئاکامبوونی زۆرو ناچارکردن دەکردو، لەو بڕوایەدابوو تەنانەت ئەگەر بەڕواڵەتیش ناچارکردنی مرۆڤەکان هەندێ ئاکامی



دڵخۆشکەری لێبکەوێتەوە، هێشتا هەر شێوازێك نیە کە بتوانرێت لەڕێگەی ئەو شێوازەوە چارەسەری (واقیعی) ناکۆکیەکان بکرێت. بەڵگەکانی (هۆپیتال) زیاتر ئاراستەی ئەو کاسۆلیکانە دەکرێ کە لەو بڕوایەدان پرۆتستانتەکان دوچاری کفرو بێ‌دینی بوون‌و بەهەر شێوەیەك بێت پێویستە بۆ سەر ئیمانە کاسۆلیکیەکەی خۆیان بگەڕێنەوە.

(هۆپیتال) تیورێکی یەکجار روون‌و ئاشکرای لەمەڕ دەستەبەرکردنی ئیمان خستۆتەڕوو، ئەو لەو بڕوایەدایە هەر مرۆڤێك بۆ ئەوەی ئیمان بۆ خۆی دەستەبەر بکات پێویستە لەژیاندا یەکجار پاك داوێن‌و بەتەقوابێت‌و پەیڕەوی لەسەر مەشقێکی گەورەی ئاکاری بکات‌و لەڕاستیدا بەکردەوەکانی خۆی ئەوانە بخولقێنێت‌و، دەبێ بۆ ڕێگەگرتن لەگوناهکاران‌و گومڕاکەران لەجیاتی چەك‌و زۆرکردن کەڵك لە ووشەو بەڵگە وەربگرێت.

هەرچەندە لەڕوانگەی (هۆپیتال)ەوە پرۆتستانتەکان شایستەی ئەوەن تەکفیر بکرێن، بەڵام لەتەك ئەوەشدا هوشدار دەدات کە فەرمانڕەوا لەتەك تاکە کەسێکدا یان کۆمەڵێکی تایبەتدا رووبەڕو نیە، بەڵکو سەروکاری لەتەك ملوێنەها مرۆڤدا هەیە کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیدان‌و، ئەگەر خودی ئەو فەرمانڕەوایە (پاشا) بەشداری لەسزادانی نەیارانی فکری خۆیدا بکات‌و خەریکی پەیگیریکردن‌و سەرکوتکردنیان بێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا وولاتەکەیی‌و پاشاکەشی لەدەست دەدات. زەمانێك فەرمانڕەوایکردنی ئەو بەسەر ئەو وولاتەدا پارێزراوو بەردەوام دەبێت کە ئەو فەرمانڕەوایە خۆی تێکەڵی جەنگەکانی گروپ‌و تاقمەکان نەکات‌و هەوڵی رێکەوتن‌و ئاشتی لەنێوان گروپە رەقیبەکاندا بدات.

پێویستە حاکمی سیاسی سەرەڕای خواستی کاسۆلیکەکان بەتەواوی چاودێری هەموو مافەکانی پرۆتستانتەکانیش لەمەڕ ئەنجامدانی کاری پەرستن‌و شێوەی عیبادەتی یەزدان‌و کۆبونەوەکان بکات‌و، هەروەها داکۆکی لەمافی ئازادیان بکات. لەڕاستیدا کەسێك کە ئەم جۆرە مافە رەتئەکاتەوە دژی ئاشتیەو حەز بەجەنگ‌و ئاژاوە دەکات، هەمیشە ئەمجۆرە کردەوە سیاسیانە لەلایەن فەرمانڕەواکانەوە ئاکامی جەنگەکان‌و

www.pertwk.com

تەنانەت شکستەکانیش بە بەرژەوەندی فەرمانڕەوا دەگۆڕێ‌و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی ئەوەی هەمیشە رەوڕەوەی رۆژگار بەپێی بەرژەوەندی فەرمانڕەوا بسوڕێتەوە. نابێت فەرمانڕەوا دوچاری غروربێت‌و خولیای ئەوەی هەبێت کە دەبێ فەرمانەکەی بەوجۆرەی خۆی دەیەوێت پەیڕەوی لێبکرێت، بەڵکو دەبێت هەمیشە لەفکری پایەداربوونی ئاشتیدا بێت لەنێوان رەعیەتەکاندا، ئەگەر ئەو خەڵکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتی بۆ ئاشتی‌و ئارامی بانگهێشت بکات‌و، هەروەها ئەوەش فەرز بکات بەسەریاندا چاودێری ئەو پرەنسیپانەو پەیڕەوی حکومەت بکەن، ئیدی لەم حاڵەتەدا ئەو فەرمانڕەوایە شکست ناهێنێت. (هۆپیتال) بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە تەنانەت ئەگەر رەچاوکردنی پڕەنسیپەکانی لێکبوردن لەنێوان ئەو گروپانەدا کەبیرو باوەڕیان جیاوازە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی قودرەتی (پاشا)، دیسان بەخێرو چاکە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە، بەواتایەکی دی گەرچی لەوانەیە ئەم جۆرە ئاشتی‌و لەیەك گەیشتنە (پاشا) بێهێز بکات، بەڵام دەبێتە هۆی بەردەوامبوون‌و پتەوبوونی دەسەڵاتی حکومەت. بەهەرحاڵ فەرمانڕەوا لەژێر فشاری هەربارودۆخێکدا بێت، ناتوانێت ئەو حەقیقەتە لەبەرچاو نەگرێت کە دەبێ ئازادی ئەندێشەو ئازادی چۆنیەتی پەرستنی یەزدان بۆ تەواوی مرۆڤەکان بە بەڕێز بزانێ‌و هەمیشە لەبیریابێت کە بێبەشکردنی نەیارەکان لەم ئازادیە وەك بەندکردنیان وایە، کەواتە یاسادانەر واتە فەرمانڕەوا کەسێك نیە یاسا بەمەبەستی بەندکردن یان سزادانی ئەوانی دی بەکار بهێنێت.



## 3ـ (لانۆ)

(لانۆ) یەکێکی دی بوو لەو بیریارانەی بەراڤەکردنی لێکبوردنی ئاینیەوە سەرقاڵ بوو. ئەو لەکتێبێکدا لەژێر ناوی (وتارێك دەربارەی سیاسەت‌و میلیتاریسم) هۆکارەکانی سەرهەڵدانی جەنگ لەناو نەتەوەیەکدا شیدەکاتەوەو، لێکبوردنی ئاینی بەتەنها رێگاچارەی ئەو جەنگە دەزانێت.

بەبڕوای ئەو هەبوونی بەربەرەکانێ‌و دەرگیری مەزهەبی لەنێوان میللەتێکدا بێهێزی‌و بێتوانایی ئەو میللەتە لەچاککردنەوەی هەڵەکانی خۆی‌و لایەنی بەرامبەریدا دەردەخات، ئەمەش واتای ئەوەیە ئەو جۆرە میللەتە شکستی لە بەرامبەر مەبەستە ئیلاهیەکاندا هێناوە. لەدیدی ئەوەوە لەجیهاندا دەوڵەت‌و رێکخراوە دەوڵەتیەکان مەسەلە گەلێکن کە بەژیانی مرۆڤەوە لەم دنیایەدا گرێدراوون. ئەوشتەی دەوڵەت خوازیارێتی‌و مافی خۆشیەتی لە هاووڵاتیەکانی چاوەڕێ‌ی بکات ئەوەیە لەبەرامبەر یا وەفاداربن‌و، نابێت هاووڵاتیان کەمتەرخەمی لەدەرخستنی ئەو وەفاداریەدا بکەن، لەبەرامبەریشدا نابێت دەوڵەت زۆرو ناچارکردن بەسەر ئەو کەسانەدا داسەپێنێت کە پشتیوانی لێدەکەن. ئەو لەو بڕوایەدایە دەبێ خەڵکی فەڕەنسا واز لەو شەڕو شۆڕو دیالۆگە ئایینیەی خۆیان بهێنن کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەدەوری مەسەلە ئاینیە لاوەکیەکاندا دەسوڕێتەوەو بەمەبەستی پەرستن‌و تەقوای یەزدان دەست بخەنە دەستی یەکدیەوە، دەنا هیچ کاتێك دەرگای بەختەوەربوون‌و رزگاریان بەڕودا ناکرێتەوە.

ئەو بیروڕا سیاسیانەی لەلایەن رۆژگاری (لانۆ)وە قبوڵکرابوو دژی هەر جۆرە لێکبوردنێکی ئاینی بوو، مۆڵەتی دەرکەوتن‌و حزوری هیچ جۆرە باوەڕێکی مەزهەبی دیکەی نەدەدا، چونکە فرەیی باوەڕە ئاینیەکان لەیەك دەوڵەتدا ناکۆکی کۆمەڵایەتی لێدەکەوتەوەو لەترسی ئەو ناکۆکیانەش مۆڵەتی زۆربوون‌و فرەیی باوەڕە مەزهەبیەکان لەیەك دەوڵەتدا نەدەدرا.

ئەگەرچی (لانۆ) بڕوای بەیەکێتی مەزهەبی هەبوو وپێی لەسەر دادەگرت، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش ئەوەی بەڕاست نەدەزانی پەنا بۆ زۆرو سوپا ببرێت چونکە ئەو پێی وابوو پشتبەستن بەزۆرو ناچارکردن دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر لە یەکێتی مەزهەبی دوربکەوینەوە.

بەهەرحاڵ (لانۆ) ئەوە روندەکاتەوە لە هەموو کۆمەڵگایەکدا مرۆڤی باش‌و خراپ هەیەو, نابێت مرۆڤە باشەکان بەمەبەستی لەناوبردنی خراپەکان جەنگ رابگەیەنن، بەڵکو دەبێ لەڕێگای یاساوە بەدوای رێگا چارەیەکدا بگەڕێن کە بتوانن لەسایەیدا ژیانێکی ئاشتی ئامێزانە بەدەستبهێنن.

بەمجۆرە دەبینین (لانۆ) ئاشتی لەنێوان (بڕوادار)و (بێبڕوا)دا بەشتێکی گونجاو دەزانێت‌و، بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە لەسەردەمی حکومەتی رۆمەکاندا مەسیحیەکان بەتەواوی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە باوەڕیان جیاواز بوو ژیانێکی ئاشتی ئامێزانەیان بەسەردەبرد. بە دەگمەن کەنیسە سەرەتاییەکان پەنایان بۆ زۆرو ئەشکەنجە دەبرد. بەبڕوای (لانۆ) رازیکردنی مرۆڤەکان لەڕێگەی ئاشتی‌و ئارامیەوە نەك تەنها کاریگەری دەبێت، بەڵکو قازانجێکی زۆریشی لێدەکەوێتەوە وەك(برەوپێدانی بازرگانی‌و، پەرەپێدانی ئاسایشی کۆمەڵگاو...).

ئەو بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ناتوانرێت لەڕێگەی زۆرو ناچارکردنەوە ئیمان‌و باوەڕێکی رەسەن بەدیبێت. رەنگە بگوترێت زۆرو قودرەت دەتوانێ یەکێتی ئاینی بخولقێنێت هەر بەو جۆرەی بەتەواوی پوچەڵکردنەوەی فەرمانەکەی (نانت) لەساڵی (1685)دا لەبەرخاتری ئەو یەکێتیە ئاینیەبووە. (لانۆ) وەڵامی ئەم پرسیارە لەڕێگەی بەڵگەیەکی ئسوڵیەوە دەداتەوە، واتە ئەو لەو بڕوایەدایە زۆرو قودرەت لەناوخۆیدا (فی نفسهٖ) بایەخی باوەڕو ئیمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، لەبەر ئەوە ئەگەرچی لەوانەیە بەڕوکەش یەکێتی‌و هاوچەشنی مەزهەبی بهێنێتە ئاراوە، بەڵام لەواقیعدا تەواوی باوەڕی ئاینی کەمەسەلەیەکی پەتی‌و رۆحیە بێبەهاو بێبایەخ دەکات.



## 4ـ (ژان بۆدن)

(ژان بۆدن) بیریارێکی دیکەی سیاسیە وەك (هۆپیتال) کەسێکی سیاسەتمەدارە. ئەو لە کتێبەکەیدا لەژێر ناوی (شەش وتار دەربارەی کۆمار) لەڕاستیدا مەبەستی ئەوەیە بەجۆرێك کۆتایی بەمشت‌ومڕی مەزهەبی بهێنێت، بەڵام بەهیچ جۆرێك نایەوێت وەڵامی مەسەلە مەزهەبیەکان بداتەوەو، لەبنەڕەتیشدا جۆرە دڵەڕاوکێیەکی لەو روەوە ذی‌یە.

بەبڕوای ئەو مەزهەب بۆ دەوڵەتێك بە مەسەلەیەکی بونیادی‌و بنەڕەتی لەقەڵەم دەدرێ، لەو روەوە کە یەکێتی‌و پێکەوە گونجاندنێك دەهێنێتە ئاراوە. بەڵام لەهەمان کاتدا لەو بڕوایەدایە دەوڵەتێکی بەهێزیش بەهۆی مشت‌و مڕە مەزهەبیەکانەوە هەڵدەوەشێتەوە. پێدەچێت ئەم بڕوایەی (بۆدن) سزاو سەرکوتکردنی گروپە مەزهەبیەکان ئاڕاستە بکات‌و، بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە لەجێگایەکدا کە خەڵکی لەژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتی (پاشا)دا لەسەر مەزهەب ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە بەهیچ جۆرێك پاشاو حکومەت ئەو مافەیان نیە شتانێك کە خۆیان پێی قایل نین بەسەر خەڵکانی دیکەدا بیسەپێنن، یان لایەنگری لەدەستەو گروپێکی تایبەت بکەن.

(بۆدن) لەلایەکەوە کێشمە کێشە مەزهەبیەکان رەتدەکاتەوەو، لەلایەکی ترەوە دورخستنەوەو ئازاردانی گروپگەلی رەقیب بەسزادان دادەنێت، هەروەها ئەوە روندەکاتەوە زۆرجار هەوڵدان بۆ ناچارکردنی خەڵکی بۆ هەڵبژاردنی ئاینێك دەبێتە هۆی ئەوەی فەرمانڕەوا نەتوانێت ئاینێکی گشتگیرو هەمەلایەنە بهێنێتە ئاراوە، فەرمانڕەوای سیاسی بەمەبەستی دەستەبەرکردنی یەکێتی ئاینێك یان ئەندێشەیەکی تایبەت بەسەرەعیەتەکانیا دادەسەپێنێت، بەڵام ئەم جۆرە رەوشە نەك تەنها نابێتە هۆی ئەوەی ئەوان ئیمان بهێنن، بەڵکو دوچاری لادانیشیان دەکات.

نابێت (پاشا) دژی هیچ دەستە یان گروپێکی تایبەت رابوەستێت یان داکۆکی لە گروپێکی تایبەت بکات، ئەگەر پاشا حەز بەلایەنگری لایەك بکات ئەمە بەو مانایە دێ کە ئەو خۆی بەئەندامی ئەو گروپە دەزانێ و، بەمجۆرە دەکەوێتە ناو کێشمە کێشی گروپە ئاینیەکانەوەو خۆی و وڵاتەکەشی لەهەراو جەنگەوە دەگلێنێت، پاشا دەتوانێ تەنها بەهۆی تەقواو رەفتاری باشەوە خەڵکانی دی هانبدات تا لایەنگری لەمەزهەبێکی راست بکەن نەك بەزۆرو ناچارکردن، کەواتە هیچ حاکمو فەرمانڕەوایەك ئەو مافەی نی یەو هەروەها مۆڵەتی پێنادرێ باوەڕی ویژدانی و رۆحی مرۆڤەکان لەبەرچاو نەگرێ و بیەوێت لەناویان ببات.

لەسەردەمی (بۆدن) دا هەموو بەشەکانیسەرزەمینی فەڕەنسا دوچاری ئاژاوە ببوو، دەوڵەتی ناوەندی بێهێزو دەزگا ئیداریەکانیشی زۆر بەناڕێكو پێکی و کەمو کوڕی بەڕێوە دەچوون و هەر شارەو یاسایەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. لەتەك سەرهەڵدانی کێشمە کێشە مەزهەبیەکاندا بارودۆخەکان خراپتربوون تا ئەو رادەیەی فەڕەنسا بەتەواوی هەڵوەشایەوە. (بۆدن) لەژێر کاریگەری ئەم بارودۆخەدا لەلایەکەوە پشتیوانی لە دەوڵەتی ستەمکارو دەسەڵاتدار دەکرد، لەلایەکی دیکەشەوە پابەندبوو بەئازادیە مرۆییەکانەوە، لەڕوانگەی (بۆدن)ەوە دەوڵەت بریتیە لەحکومەتێکی یاسایی کە گونجاوە لەتەك یاسا سروشتیەکانداو، ئەمجۆرە دەسەڵاتە دەبێ هەمیشەیی و رەهابێت. لەدیدی ئەوەوە جگە لەیەزدانی گەورە هیچ کەسێکی دی لەفەرمانڕەوا(حاکم) بالاتر نی یە، چونکە فەرمانڕەواکان بەپێی خواستی یەزدان کار بەدەستەوە دەگرن و وەك نوێنەری یەزدان فەرمان بەسەر خەڵکیدا دەکەن و، هەر بەو بۆنەشەوەیە کە ئێمە رێزیان بۆ دادەنێین. بەبڕوای ئەو هەرچەند (حاکمییەت) پێویستی بەدەسەڵاتێکی سەرکەوتووە بەڵام نابێت کردەوەکانی هەر دەسەڵاتێکی رەها بەکاری حاکمییەتی ئیلاهی بزانرێ. ئەرکی فەرمانڕەوا جێبەجێکردنی یاساکانی سروشتەو یاساکانی سروشتیش هاوتای پێوانەکانی دادپەروەرین و، حاکمەکان دەتوانن لەڕێگەی عەقڵەوە بیناسن. لەدواهەمین راڤەکردندا دەسەڵات و توانای



(حاکم) بەهۆی دەسەڵاتی ئیلاهیەوە لەشێوەی قودرەتێکی مەرجداردا دەردەکەوێت. لەکاتێکدا دەوڵەتی فەرمانڕەواکان یاسایی و رەوا دەبێت کە بەپێی یاساکانی سروشت پێك بێت کە هەڵقوڵاوی ئیرادەی یەزدانن. بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە چۆن دەتوانین لەوە بگەین کە فەرمانڕەوایەك بەپێی یاساکانی سروشت حوکم دەکات؟ یەکەم، یاساکانی سروشت بەو شێوە سادەیە قابیلی تێگەیشتن نین، دوهەم، تەنانەت گەر نێوکۆییەکیش لەسەر بنەما هەمەکیە سروشتیەکانی وەك دادپەروەری و راستگۆیی هەبێت، ئەوا دیدگای زۆر جیاواز لەبارەی شێوەی جێبەجێکردنیانەوە هەیە. (هۆبز) رێگا چارەیەکی سەبارەت بەم مەسەلەیە خستەڕوو، ئەوەش ئەوەبوو کە تەنها کەسی فەرمانڕەوا دەزانێ کام شتانە بە یاساکانی سروشت دادەنرێ. لەڕاستیدا ئەم رێگا چارەیە رەتکردنەوەی بالاتربوونی یاسا ئیلاهیەکان بوون هەر بۆیە (بۆدن) نەیدەتوانی پێی قایل بێت، چونکە یاساکانی سروشت یاساگەلێکن سەرچاوەیەکی ئیلاهیان هەیەو، دەبوایە فەرمانڕەوا بۆ شەرعیەتپێدان بە فەرمانڕەوایەتی خۆی کار لەو چوارچێوەیەدا بکات. (لۆك) رێگا چاریەکی دی خستەڕوو. بە بڕوای (لۆك) یاساکانی سروشت هەمان یاسای ئیلاهین کە لە هەموو یاساکانی دی بالاترەو، پێویستە فەرمانڕەوای سیاسیش وابەستەبێت بەیاساکانی سروشتەوەو بەهیچ جۆرێك دەسەڵاتی فەرمانڕەوای سیاسی بابەتە ئاینی و ئاکاریەکان ناگرێتەوەو، بەڵام (بۆدن) لە کۆمەڵگای سەردەمی خۆیدا ئەوەندە هەستی بەو گرژیانە دەکرد کە دەرئەنجامی ململانێ مەزهەبیەکانن، لەبەر ئەوە نەیدەتوانی بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش چاوپۆشی لەچاودێریکردنی دەوڵەت بەسەر مەسەلە مەزهەبیەکاندا بکات. لەم روەوە (بۆدن) بەتوندی گرفتاری دوو باوەڕی دژ بەیەك بوو، لەلایەکەوە دەیویست دەسەڵاتێکی رەها لە مەسەلە ئاینیەکاندا بەفەرمانڕەوا بدات، لەلایەکی ترەوە دەیەوێت مەسەلە ئاینی و ئاکاریەکان لە سنوری فەرمانڕەوایی ئەو دەربکات تا بەهۆی ئەوەوە فەرمانڕەوایانی سیاسی لەهەمبەر نەیارەکانیاندا چاوپۆشیکەرو لێبوردووبن. بەهەرحاڵ دەبی لەدوا شیکردنەوەدا بڵێین (بۆدن) بواری ئیمان لەبواری سیاسەت

جیادەکاتەوە، بەلاٚم بەسەرنجدان لەو کاریگەرییە گەورەیەی کە هەل‌ومەرجە کۆمەلاٚیەتیەکان لەسەر بیرکردنەوەی (بۆدن) دایاننابوو بەتەواوی نەیدەتوانی ئەم جیاکردنەوەیە ئەنجامبدات. ئەو کارەی دواتر (لۆك) ئەنجامیدا، واتە ئەوەی بواری ئیمانی بەتەواوی لەبواری سیاسەت جیاکردەوەو، ڕێگەی لەکارگێڕان‌و فەرمانڕەواکانی هەردوو بوارەکە گرت تا دەست لەبواری یەکدی وەرنەدەن. کتێبێکی دی(بۆدن) کە باس لە لێکبوردنی ئاینی دەکات کتێبی (گفتوگۆکانی حەوت کەس)ە لەساڵی 1593دا نوسیویەتی‌و، لەکتێبی (کۆمار)یش چاکتر بیروڕاکانی سەبارەت بەم مەسەلەیە روندەکاتەوە. ئەم کتێبە پێك هاتووە لە گفتوگۆیەك لەنێوان حەوت بیریاردا. ئەوانەچەند هاوڕێیەکن باوەڕی ئاینیان لەیەکدی جیاوازەو لەماڵی یەکێکیاندا بەناوی (کۆرنی) لەشاری (ڤینسیا) کۆدەبنەوە. (کۆرن) کاسۆلیکەو هاوڕێیەکی دیکەی بەناوی (ئەکتاو فاگنۆلا) لە مەسیحیە بەراییەکان بوو کە لەسەردەمی دیلێتیدا لە تورکیا بڕوای بەئاینی ئیسلام هێنا. (ئەنتۆنی کۆرس)یەکێك بوو لە کالڤینستەکان‌و (فردریك پودامیکوس) لە پەیڕەوانی(لۆتەر) بوو، (سلێمان بارکاسیوس) جولەکەبوو، (تۆرالب) هاوڕێیەکی دیکەیان بوو کە بڕوای بە یەزدان هەبوو بەلاٚم بەڵگەکانی کەنیسەی قبوڵ نەبوو, دواهەمینیشیان (یسنامی)یە تەواوی باوەڕەکان، ئیرادە رۆحیەکان‌و بیروباوەڕە پاکژەکانی دەرهەق بەیەزدان بەبایەخدارو پەسەندکراو دەزانی تەنانەت گەر بتپەرستیش بێت.

لەم کتێبەدا سەبارەت بە زۆر مەسەلەی جیاواز لەنێوان ئەو حەوت هاوڕێیەدا وتووێژ دەکرێ، مەسەلەی وەك نەمری رۆحی مرۆڤ، حەقانیەتی کەنیسە، خراپەکاری، گونجان‌و پێکەوەبوونی ئاشتی ئامێزانەی مەزهەبە جۆراوجۆرەکان لەیەك دەوڵەت‌و کۆمەڵگاداو، هەروەها ئەوەی کەداخۆ مەزهەبێك هەیە لەسەر حەق بێت؟ داخۆ ئەو مەزهەبە لەسەر حەقە قابیلی ناسینە؟ ئایا لێکبوردن لە بەرامبەر مەزهەبەکانی دیکەدا باشترە تەنانەت ئەگەر شێمانەی ئەوەش بکرێت ئەو مەزهەبە بەهەڵەدا چووە؟ وتووێژی لەو بابەتە لەکتێبی (وتووێژەکانی حەوت کەس)دا بێئەوەی لایەنگیری لە



هەڵویستێکی فکری تایبەت بکرێ جۆرە وتووێژێکە کە پێدەچێت بەڵگەکانی هەریەکێکیان لۆژیکی‌و تەنانەت سەرنج راکێش بێت، ئەم وەسفەی (بۆدن) کە تێزە ئاینیە جیاوازەکان دەتوانن لەفەزایەکی دۆستانەدا بێ ئەوەی فشارو هەڕەشەیەك ئاراستەی گروپێکی دیاریکراو بکرێ بخرێتەڕوو، لەڕاستیدا بە بەڵگەیەك بۆ بەرگریکردن لە لێکبوردنی ئاینی دەژمێرێت. (بۆدن) پێی وایە تەواوی باوەڕەکانی گروپە ئاینیەکان قابیلی کۆکردنەوەن‌و، بڕوای بەیەك چارەنوسی گشتی لەنێوان ئاینەکاندا هەیە. (بۆدن) لەکتێبی(وتووێژی حەوت کەس)دا هەمەڕەنگی باوەڕە ئاینیەکان پیشان دەدات کە هەمویان بەهۆی باوەڕی هاوبەشیانەوە بەیەزدان‌و هەروەها پابەندبونیان بەئاکارو بەزەییەوە بەرامبەر بەیەکدی، پەیوەندیەکی دەرونیان پێکەوە هەیە. لەڕاستیدا رەزامەندبوونی (بۆدن) دەرهەق بەهەموو ئاینەکان بەومانایە دێت کە ئەو هەوڵدەدات تەواوی بڕوا جۆراوجۆرە ئاینیەکان لەدەوری بڕوابوون بەیەزدان کۆبکاتەوە کە بەبنچینەی هەموو باوەڕە ئاینیەکان دادەنرێ، کەواتە لێرەوە بەهۆی ئەم گێڕانەوەی هەموو باوەڕە ئاینیەکان بۆ باوەڕێکی بنەڕەتی ناتوانین چیدی (بۆدن) بەکەسێك لەقەڵەمبدەین کە تەنها ئاینێکی تایبەتی قبوڵە, بەڵکو ئەو بڕوای بەیەك ئاینی هەمەکی‌و گشتگیر هەیە. لەبەر ئەوە بەم گریمانەیە لێکبوردن بەو جۆرەی لەکتێبی (وتووێژی حەوت کەس)دا ئاماژەی پێکراوە، شتێك نیە کە لەگوێپێنەدان یان دژایەتی‌و سەرسەختی مەزهەبی (بۆدن)ەوە هاتبێتە ئاراوە، بەڵکو لێکبوردنی (بۆدن) بەووردی دەرئەنجامی ئەوەیە کە (بۆدن) جیاوازیە لاوەکیە مەزهەبیەکان زۆر بەبێبایەخ‌و هیچ دەزانێت. ئەو جیاوازیانە ئەگەرچی لەسەر مەسەلە سەرەکیەکانی باوەڕە ئاینیەکان نەبوو، بەلاٚم تا پێش (بۆدن) لەسیستەمی باوەڕە ئاینیەکاندا گرنگیەکی زۆری پێدەدراو چەندان شەڕو جەنگ لەسەریان هەڵدەگیرسا.

## 5ـ (پیر بیل)

(بیل) نوسەرو بیریارێکی پرۆتستانت مەزهەبی فەڕەنسی بوو کە سەرقاڵی بیرکردنەوە لە لێکبوردنی ئاینی بووە. تیۆزی نەتوانینی دەستگەیشتن بە(یەقین) وەك بنەماو بناغەی لێکبوردنی ئاینی یەکەمجار لەلایەن (جۆن لۆك)ەوە خرایەڕوو، لەلایەن(بیل)ەوە بەسەقامگیریەکی زیاترەوە درێژەی پێدرا.

(بیل) تیۆرەکەی خۆی لەکتێبێکدا بەناوی(نامیلکەیەك سەبارەت بەلێکبوردنی گشتی) لەساڵی 1686دا نووسی. (بیل) بۆ رەتکردنەوەی ئەو ئەشکەنجانەی مەسیحیەکان لە بەرامبەر یەکدی‌دا ئەنجامیان دەدا، بنەماو بنچینەیەکی گوتاری دامەزراند. بەبڕوای ئەو ناچارکردنی نەتەوەیەك یان میللەتێك کە بڕوایان بە بیروڕا گەلێکی دیکە هەیە لەتەك عەقڵدا یەکناگرێتەوە، کەواتە ناکرێ داکۆکی لێبکرێت. بەبڕوای ئەو جیاوازی لەنێوان عەقڵ‌و ئیماندا هەیە. (بیل) لەو بڕوایەدایە ئیمانی مەزهەبی رێگایەکە ئێمە دەوڵەمەندو بەرپرسیار دەکات. کەواتە دەبێ مرۆڤ بەپێی خواستی خۆی خۆشەویستی لەبەرامبەر یەزداندا دەربڕێ‌و بیپەرستێت.

بەبڕوای(بیل) ئیمانی واقیعی بریتیە لە دەرخستنی عیشق‌و ئیرادە بۆ یەزدان. کەواتە ناچارکردنی کەسێك بۆ پەرستنی یەزدان‌و ئەنجامدانی کاروباری ئاینی، نەك هەرکەسێك بەمانای راستەقینەی وشە ناکات بە (دیندار)، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەسێکی ریاکارو نامەزهەبیشی لێدەردەچێت، چونکە لەم حاڵەتەدا رازیبوونی ئەو کەسە زیاتر بەهۆی فشارەوە بووە نەك ئەوەی بەپێی خواستی خۆی بڕوای بەیەزدان هێنابێت. کەواتە زۆرو ناچارکردن لەلایەکەوە ریاو دوڕوویی مرۆڤەکان بڵاودەکاتەوە، لەلایەکی ترەوە ئیمانی مەزهەبی رەسەن لەبنەوە ریشەکێش دەکات.



ناتەبایی (بیل) لەهەمبەر پەنابردنەبەر زۆر بە مەبەستی بەدیهاتنی گۆڕانکاری مەزهەبی تەنها لەبەر ئەوە نیە ئەم جۆرە رەوشانە یان کاروکردەوانە بەناعەقڵانی‌دەزانێت، بەڵکو بەبڕوای ئەو ئەم کارو کردەوانە بەپشتبەستن بەدەقەکانی (کتێبی پیرۆز) لەڕوی شەرعیشەوە بایەخیان نیە. ناچارکردنی مرۆڤەکان بۆ گۆڕینی مەزهەبیان لەتەك رۆحی (ئینجیل)دا ناگونجێت. (بیل) لەو بڕوایەدایە ئامۆژگاری‌و خێرخوازی‌و هەندێ چاکەی لەم بابەتە لە فەرمانەکانی مەسیحن‌و، ئەمجۆرە فەرمانانە دژ بەوەن کە خەڵکی بەزۆر والێبکرێن مەزهەبی خۆیان بگۆڕن. ئەو بەڵگەی دەهێنایەوە ئەگەر ناچارکردنی مرۆڤەکان بۆ گۆڕینی ئاینەکەیان کارێکی راست بێت‌و (کتێبی پیرۆز)یش ئەو حاڵەتە بەڕەسمی بناسێت، کەوابوو دەبێت بەپشتبەستن بە (کتێبی پیرۆز) کردەوەی رۆمیەکان لەئەشکەنجەدانی مەسیحیە بەرابیەکاندا کارێکی راست بێت. هەرچەندە بەبڕوای (بیل) دەقەکانی (کتێبی پیرۆز) لەدامێنی مەسیحیەتەوە هاتۆتە خوارەوەو مەسیحیەکان ئەو دەقانەیان بەهەوڵ‌و تەقەلایەکی راستگۆیانە نوسیوەتەوەو بەهیچ شێوەیەك پشت بەستن پێ‌ی جێ‌ی گومان‌و دوو دڵی نیە، بەڵام ئەو سەرنج لەکێشەگەلێکی وەك شیکردنەوەی جیاوازو تەنانەت ناکۆك بۆ عیبارەتگەلێکی(کتێبی پیرۆز) دەدات‌و, هەروەها سەرنج لە جیاوازی عیبارەتەکانی خودی(کتێبی پیرۆز) دەدات کە هەندێکجار ناکۆك دێتە پێشچاو. (بیل) لەتەك بوونی ئەمجۆرە کێشانەدا پرسیار دەکات، داخۆ دەتوانین لەچ رێگەیەکەوە بە حەقیقەت بگەین؟ لەڕاستیدا (بیل) بەدوای دۆزینەوەی شێوازێکدا دەگەڕێت کە رێنمایی بکات بەرەو حەقیقەت وەڵامی ئەو پەنابردنە بۆ عەقل‌و ئەم مەسەلەیەش بەپشتبەستن بەعەقڵ چارەسەر دەکات. بەبڕوای ئەو عەقڵ شتێك نیە لەگەڵ فەرمانەکانی یەزداندا نەگونجاوو ناکۆك بێت، بەڵکو لەڕاستیدا عەقڵ دەرخەری حەقیقەتی یەزدانەو هەروەها فەرمانەکانیشی جێگیر دەکات. لەڕێگەی عەقڵەوە حەق‌و ناحەق دیاری دەکرێ‌و تەنانەت تاکە پێوەری تێگەیشتن لە (کتێبی پیرۆز) دروستی‌و راستی ئەم تێگەیشتنە بەهۆی عەقڵەوە ئەنجام دەدرێت. (بیل) ئەو بەڵگەیە دەهێنێتەوە کە دەبێ (کتێبی پیرۆز) لەسەر

بناغەی پرەنسیپە عەقلانیەکان و لۆژیك شیبکرێتەوەو لەسەر بناغەی بەڵگە پەسەندکراوەکان لێکبدرێتەوە. هەر جۆرە واتایەك یان راڤەکردنێك کە لەتەك عەقڵ و ویژدانی مرۆڤدا یەکنەگرێتەوە، رەتئەکرێتەوەو بەنادروست دادەنرێ، لێرەوە هیچ کەس ناتوانێت لەرێگەی پشتبەستن بە بەڵگەو عەقڵەوە نەبێت، لافی باشتربوون و بالاتری باوەڕی خۆی لە بەرامبەر خەڵکانی دیکەدا لێبدات. بەبڕوای ئەو هەر بیروڕایەك و باوەڕێکی ئاینی دوای ئەوەی بەمەحەکی عەقڵ دەپێورێ و رەتدەکرێتەوە، دەبێت وەك مەسەلەیەکی بێبایەخ لەقەڵەمبدرێت، کەواتە ئەگەر دەستەواژەیەك لە (کتێبی پیرۆز) فەرمانی ئەوە بە مرۆڤ بدات کردەوەیەکی خراپ بەپێچەوانەی عەقل و ئاکارەوە ئەنجام بات ئەوا بایەخی نابێت و، یان دەبێ بڵێین لانیکەم ئەم دەستەواژەیە بەباشی راڤەنەکراوەو لێکنەدراوەتەوە. گەرچی (بیل) قایل بوو بە عەقڵ وەك ئامرازێك بۆ دۆزینەوەی (حەق) و (ناحەق) و واتێی ئەڕوانی کەبالاترە لەوەحی و کتێبی پیرۆز، بەلام عەقڵیشی بەبێ گوناح و بێ هەڵە نەدەزانی، ئەو لەوبڕوایەدابوو ناتوانرێت لەبواری ئایندا هەموو ئەو مەسەلانەی بەئاینەوە گرێدراوون، عەقلانی و بەیەقین بکرێ، لەراستیدا دۆزینەوەی رێگایەکی دڵنیا بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت یەکجار سەخت و یان تەنانەت ئەستەم دێتە بەرچاو. بەمشێوەیە (بیل) رونترو بە بەڵگەیەکی زۆرتر لە نوسەرانی پێش خۆیەوە، دەستنەگەیشتن بە (یەقین) وەك بنەمایەك کە مرۆڤ ناچارە قبووڵی بکات، روندەکاتەوەو دەیکات بە بناغەی سەرەکی بۆ بڕواهێنان بە لێکبوردنی فکری. (بیل) لەو بڕوایەدایە سروشتی مرۆڤەکان جۆرێکە کە ناتوانن بە تەواوی لە حەقیقەت بگەن، بەڵکو هەمیشە لەبەشێکی ئەو حەقیقەتە ئەگەن، هەر بۆیە هەمیشە کەم و کوڕیەك لە تێگەیشتنیاندا بەدیدەکرێت. (بیل) بڕوای وایە کێشەی دەستنەگەیشتن بەیەقین بەهۆی تیۆری لێکبوردنەوە چارەسەر دەکرێت، بەلام تیۆری لێکنەبوردن بەتەواوی لەڕوبەڕوبونەوەی لەتەك ئەم گرفتەدا بێهێزەو کارایی خۆی لەدەستدەدات. لەبەرئەوە بە بەراوردکردنی ئەم دوو تیۆریە لەتەك یەکدیدا گرفتەکانی تیۆری لێکنەبوردن لەڕوبەڕونەوەی لەتەك جیاوازیە فکری و مەزهەبیەکاندا



یەکجار زیاترە، بەبڕوای (بیل) جیاوازیە ئاینیەکان مەسەلەیەکی حەتمی و ئاساییە، شتێکی ئاساییە مرۆڤێك لەولاتێك و سەردەمێکی جیاوازدا بژی کە بارودۆخی ژینگەیی و مێژویی جیاوازی هەبێت تا لەرێگای جۆراوجۆرەوەو بەهۆی راڤەکردنی جیاوازەوە لە حەقیقەتە ئاینیەکان تێبگات. ئەم جیاوازیانە سەرسوڕهێنەر نین، بەلام ئەو کوشتارو ئەشکەنجانەی لەنێوان مرۆڤەکاندا بە بەهانەی هەبوونی ئەو جیاوازیانە روودەدەن یەکجار سەرسوڕهێنەرن.

(بیل) داکۆکی لەمافی ویژدانی مرۆڤەکان دەکات، ئەو لەو بڕوایەدایە هەموو مرۆڤەکان تەواوی هەوڵ و تەقەلای خۆیان دەخەنەگەڕ تا حەقیقەت ئاشکرا بکەن. بەلام ئەگەر کەسێك دوای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی نەیتوانی لە حەقیقەت بگات، نابێ بەهیچ جۆرێك سزا بدرێت. گەرچی (بیل) داکۆکی لەمافی ویژدانی مرۆڤەکان دەکات، بەلام سەرنجی ئەو خاڵەش دەدات کە رەنگە ویژدانیش دوچاری هەڵەو گوناح بێت. بەلام چونکە تەواوی خەم و ویژدانی خۆی بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەت خستۆتەگەڕ، لەبەر ئەوە ئەگەر دوچاری هەڵەش بوو نابێ بەکەمتەرخەم دابنرێت، بە بڕوای (بیل) ناکرێ بیرکردنەوەی مرۆڤەکان کۆنترۆڵ بکرێ و، لەراستیدا ئەندێشەکانی هەر تاکێك لە خزمەت خودی ئەو تاکەدایە. (بیل) دەڵێ ئەگەر تەواوی مرۆڤەکان هاودڵ و هاوبیربن، بەتایبەتی ئەگەر سەبارەت بەبڕوا ئاینیەکان هاودڵی یەك بن یەکجار باشە، بەلام هەمیشە بەهۆی نەزانین و بیری ئەهریمەنانەوە یان بەهۆکاری دی ئەمجۆرە تەبایی و هاودڵییە گشتیە سەرناگرێت. هەمیشە قودرەتی دیاریکردنی حەقیقەت لەلایەن مرۆڤەوە سنوردارو مەرجداربووەو، هەڵبەت بەبڕوای (بیل) تەواوی ئەم کەم وکوڕیانە بەشێکی خەسڵەت و سروشتی مرۆڤەو هەبوونی ئەم کەم وکوڕیانەش بە بەربەست لەبەردەم هاودڵی گشتیدا دادەنرێت. (بیل) لەو بڕوایەدایە ناسینی سنورداریێتی و کەم و کوڕیەکانی مرۆڤ و ئەوەی کە ئەم کەم و کوڕیانە بەشێکی سروشتی مرۆڤە، بەشێوەیەکی سروشتی بڕوابوون بەلێکبوردن دەکات بەشتێکی پێویست. کەواتە لێکبوردن فۆرمێکی لۆژیکی و دەرئەنجامی ئاکاری واقیعیەتێکەو، چونکە مرۆڤ

بونەوەرێکی ناتەواوە بەهیچ جۆرێك ناتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە بەدڵنیایی و یەقین گەیشتووە. بە بڕوای (بیل) هیچ کەس و هیچ گروپێکی ئاینی ناتوانێت بەهیچ جۆرێك بەوپەڕی یەقینەوە لافی ئەوە لێبدات لەسەر حەقەو بەتەواوی حەقیقەت لای ئەوەو موڵکی ئەوە. هەروەك چۆن تێگەیشتنی مرۆڤەکان بۆ یەك حەقیقەت جیاوازە، هەر بەو جۆرە گروپە مەزهەبیەکانیش جۆراوجۆرو جیاوازن. کەنیسەی کاسۆلیك لافی ئەوە لێدەدات بەتەنها ئەو لەسەر حەقەو پرۆتستانتەکان لەسەر حەق نین. ئەگەر تەنها کەنیسەی کاسۆلیکەکان لەسەر حەق بن، کەواتە هەموو ئەوانی دی ناحەقن و، خۆ ئەگەر ئەوانی دی ناحەق بن، کەواتە کەمترین ئاکام ئەوەیە کە ئازارو ئەشکەنجەدانی گروپەکانی دی رێگە پێدراوە. هیچ ئیمان و باوەڕێك بەنرخترو راستر لەئیمانەکانی دی نیە. (بیل) لەو بڕوایەدایە هەبوونی ئەو جۆرە رۆحیەتەی کە هەرکەسێك بەتەواوی خۆی لەسەر حەق بزانێ و وابزانێ (یەقین) بۆ ئەو پاوانکراوە، لەڕاستیدا دەبێ چ کاسۆلیکەکان و چ پرۆتستانتەکانیش حاڵەتی بەربەرەکانی و جەنگ بگرنەبەرو بەئاسانی دەستبکەن بەئازارو ئەشکەنجەی یەکدی، لێرەوە هەمیشە هەر کاتێك یەکێك لەو دوو گروپە دەسەڵاتێکی زیاتری بەدەستەوە گرت بەمافی خۆی دەزانێ ئەشکەنجەی گروپەکەی دی بدات. بەبڕوای (بیل) کارێکی مەحاڵە مرۆڤەکان بەجەزم و یەقین بگەن، یان لانیکەم ئەمە حاڵەتێکی گەلەك سەختەو بەدەگمەن رودەدات، بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێك گومانکەر نیە، هەر لەبەر ئەمە (ناجەزمیەتەکەی) لەسەر بناغەی ویژدانی تاکە کەس دادەمەزرێنێ. (بیل) لەوبڕوایەدایە حەقیقەتی(رەها) هەیە، بەڵام نەك لەبەرخاتری ئەوەی کەمرۆڤەکان ئەو حەقیقەتە بناسن، بەڵکو لەبەر ئەوەی پەیجوری بن و راڤەی بکەن. حەقیقەتی(رەها) بۆ گەڕانی مرۆڤ دروستبووەو یەزدانیش مرۆڤی دروستکرد تا لەقوڵایی دڵیەوە خۆی بۆ پشکنینی ئەو رەهایە تەرخانبکات. لەبەر ئەوە مرۆڤ بەردەوامە بەدوای ئەو حەقیقەتە رەهایەوەو ناتوانێت هیچ کاتێك لافی ئەوە لێبدات ئەو حەقیقەتەی لای ئەو ئاشکرا بووە، حەقیقەتێکی رەهاو کۆتاییە. ئەم پابەندبوونە بۆ هەڵکۆڵین و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی حەقیقەت شتێکە کە



(بیل) بەویژدان یان ویژدانی تاك ناوی دەبات. سەرنجدان لەویژدانی تاکە کەس بریتیە لە سەرنجدان لەو هەوڵە دڵسۆزانەی کە بۆ بەدەستهێنانی حەقیقەت ئەنجام دەدرێ، هەرچەندە بەبڕوای (بیل) نەگەیشتن بەیەقین بەردەوام هاوڕێی ئەم هەوڵانەیە، بەڵام بەهەرحاڵ دەبێ رێز بۆ هەوڵی هەموو کەسێك دابنرێ کە بەدوای حەقیقەتی رەهادا دەگەڕێ.

بە بڕوای (بیل) ئەگەر باوەڕێکی راستی و بەڵگەنەویست و جێگیر لەئارادابێت، لەم حاڵەتەدا لادان (انحراف) دەبێتە هۆی بیدعەت و هەڵگەڕانەوە لەئاین، دیارە ئەم لادانەش بەگوناح دادەنرێت. بەڵام (بیل) ئەگەری هەبوونی باوەڕ گەلی بەڵگەنەویست و جێگیر تەنها بۆ بەشێکی کەم نەبێت کە لەیەزدانەوە نزیکن، ناسینی ئەوانەش بۆ خەڵکی زۆر سەخت و دژوارە، بەدوور دەزانێت و، هەر لێرەوە بەو دەرئەنجامە دەگات ویژدانی مرۆڤ کە تاکە مەحەکی حەقیقەتە، لەهەوڵدانیدا رێگەی بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت بەهۆی هەڵبژاردنی رێگەی جیاوازەوە لەیەکدی جیاوازە، لەبەر ئەوە بەناچار مەسەلەی بیدعەت و بیرکردنەوەی جیاواز دروستدەکات و هەر لەم روەشەوە ئازاردانی بیدعەتکاران بێهودەو ناڕەوایە. ئەگەر مەسەلەی بیدعەتکاری مۆڵەت بدات بەئازارو ئەشکەنجەی خەڵکانی دی، لەم حاڵەتەدا هەر گروپێك بەمافی خۆی دەزانێ ئەشکەنجەی گروپەکەی دی بدات، چونکە هەر گروپێك لەدیدی گروپەکەی ترەوە بەبیدعەتکارو هزر جیاواز دادەنرێت.. ئەگەر یەزدان فەرمانی دەرکردووە بیدعەتکاران ئەشکەنجە بدرێن، لەم حاڵەتەدا بەبڕوای (بیل) ئەشکەنجەدانی بیدعەتکاران کارێکی رەواو حەڵاڵە، چونکە ئەوە پەیوەستە بەئیرادەی یەزدانەوە، بەڵام ئەم فەرمانە وەك شمشێرێکی دوو دەم وایە چ ئەوانەی باش بیردەکەنەوەو، چ ئەوانەی گومڕان و خراپ بیردەکەنەوە کەڵکی لێوەردەگرن، چونکە هەردوو گروپەکە. لەو بڕوایەدان لە حەقیقەتی ئیلاهی بەئاگان و لەسەر حەقن. ئەگەر یەزدان فەرمانی ئەوەی دەرکردووە کە دەبێت مرۆڤەکان بیدعەتکاران ئازارو ئەشکەنجە بدەن، لەڕاستیدا هەر بەم حوکمە رایگەیاندووە بیدعەتکارانیش دەتوانن باوەڕداران و ئەو کەسانەی باش بیردەکەنەوە ئازارو ئەشکەنجە بدەن ئەمجۆرە فەرمانە

مۆڵەت بەراستئەندێشانو باوەڕدارانو هەروەها بە بیدعەتكارانیش دەدا تا بەشێوەیەكی ئازادانە خەریكی ئازارو ئەشكەنجەی یەكدی بن. بەبڕوای (بیل) تەنها دەرئەنجامێك لەم فەرمانەوە بەدەستدێت، ئەم مانایە دەبەخشێت: ((تۆ كەسانێك كە بەبیدعەتكار دادەنێی، ئەشكەنجە بدە)). (بیل) بەو دەرئەنجامە دەگات كە لەڕوانگەی ئاكاریەوە ئەمجۆرە فەرمانە نادروستە، كەواتە یان هیچ كاتێك ئەمجۆرە قسەیە نەكراوە یان ئەگەر كرابێت مەبەستی ئەوە نەبووە، لەڕاستیدا ئەوكەسەی یەكێكی دی بەبیدعەتكارو مورتەد تاوانبار دەكات، مانای وایە تەنها بڕوای بەپرەنسیبی تایبەت بەگروپەكەی خۆی هەیەو دیارە ئەم پرەنسیبەش بۆ ئاین بە بنەڕەتی و، بونیادی دەزانێ و، بەپێچەوانەشەوە ئەوی دی بەهۆی هەندێ بەڵگەی وێكچووەوە پرەنسیبەكانی گروپەكەی تر بەبیدعەت و خوانەناسی تاوانبار دەكات.

بەبڕوای (بیل) دوا ڕێگا چارەی ئەم شەڕو كێشانە گەڕانەوەیە بۆ ئەو بەشەی ئاین كە خاڵی هاوبەشی هەموو گروپەكانە. ئەو بەشەی ئاین كە ناكۆكی بیروڕایان لەسەری هەیە تەنها تایبەتە بەیەك گروپ، كەواتە ناكرێ بە جەوهەری بنەڕەتی و حەقیقی ئاینی مەسیحیەت دابنرێت. بەڵام لەڕاستیدا ئەو بەشەی مایەی هاوكاری گشتی و ڕێكەوتنی بیروڕای هەموو گروپە مەزهەبیەكانە، بووە بەبناغەی ئیمانو دەتوانێت هەموو لایەكمان لەدەوری خۆیدا بەشێوەیەكی ئاشتیانەو دۆستانە كۆبكاتەوە، بەدەر لەم حاڵەتە هیچ ڕێگایەكی دی نیە جگە لەترساندنو ئەشكەنجەكردن. ویژدانی مرۆڤ دوا دادگای تاكەو پێویستە هەموو مرۆڤێك خۆی لەحەقیقەت تێبگات. مرۆڤەكان ناتوانن رابەری دینی یان پاشای وڵاتەكەیان بەزامنێكی دڵنیا بۆ راستو دروستی كردارو باوەڕەكانی خۆیان بزانن، بەڵكو دەبێ هەركەسێك بەسەرنجدان لەدیاریكردنی ویژدانی خۆی ئەو شتە ئەنجامبدات كە پێی وایە لەدیدی یەزدانەوە بەڕاست دادەنرێت.



## 6ـ (جان ستیورات میل)

چەمكی لێكبوردن لەئەندێشەی(میل)دابەلوتكەی خۆی گەیشت. ئەو بەتوانایەكی زیاترەوە بەردەوام بوو لەسەر ئەو نەخشانەی (لۆك) دەربارەی لێكبوردن وێنای كردبوو، هەروەها زۆربەی ئەو سنورگەلەی خستەلاوە كە(لۆك) سەبارەت بەچەمكی لێكبوردن پێیان قایل بووە.

بەبڕوای(میل) تەنها رەوایەتیەك بۆ دەستێوەردان لەئازادی خەڵكانی دیو لێنەبوردنیان ئەوەیە بەهۆی بەكاربردنی ئەم ئازادیەوە خەڵكانی دی بخرێنە مەترسیەوە. (میل) لە[ ووتارێك لەبارەی ئازادیەوە] ئەوە روندەكاتەوە ئەگەر حكومەتێك پشتیوانی رای گشتیش بۆخۆی مسۆگەر بكات لە بەرامبەر سەركوتكردنی نەیارەكەیدا, دیسان مۆڵەتی ئەوەی نیە نەیارە فكریەكانی خۆی سەركوتبكات. چاكترین یان خراپترین حكومەتەكان ئەو مافەیان نیە باوەڕەكان لەڕێگەی زۆرەوە بێدەنگ بكەن، ئەمجۆرە كردەوەیە تەواو تێكدەرانەیە، خۆ ئەگەر بەهاودەنگی لەگەڵ رای گشتیدا ئەنجامبدرێ زیانی یەكجار زیاتر دەبێ. ئەگەر تەواوی مرۆڤەكان خاوەنی یەك باوەڕبنو بەتەنها یەك كەس لەنێویاندا باوەڕی جیاواز بێت، كارێكی زۆر ناشرینو ناڕەوایە كە ئەوانی دی دەنگی ئەو یەك كەسە بەزۆر خامۆش بكەن. هەر بەو جۆرە ئەگەر ئەو كەسەش دەسەڵاتی سەركوتكردنی باوەڕی مرۆڤەكانی دی هەبوو، دوچاری كارێكی ناڕەوا دەبێ ئەگەر ئەو كارە ئەنجامبدات.

بەبڕوای (میل) باوەڕی مرۆڤەكان هاوشێوەی دارایی و پارەو پولی شەخسی (تایبەتی) نین كە ئەگەر كەسێك لەو شتانە بێبەری بكرێت، زەرەرو زیانەكەی تەنها بەشێك لەخەڵكی بگرێتەوە بەڵكو لەناوبردنی ئەندێشەیەك ئاراستەی رەگەزی مرۆڤ دەكرێو هەم كەسانی ئایندەو هەم وەچەكانی سەردەم لەو رووەوە دوچاری زەرەرو زیان دەبن. چونكە ئەگەر ئەوە بەڕاست بزانرێت. باوەڕێك بەزۆر خامۆش بكرێت، ئەوا لەو حاڵەتەدا نەیارەكانی ئەو باوەڕە ئەگەری بەهرەمەندبوونی بەدەستهێنانی حەقیقەت

لەدەستدەدەن. خۆ ئەگەر هەڵەش بێت دیسان نەیارەکانی زیانیان لێدەکەوێ چونکە لەژێر سایەی پێکدادانی باوەڕەکاندا حەقانیەتی باوەڕەکانی ئەوان رونترو ئاشکراتر دەردەکەوێت. (میل) سێ گریمانە دەربارەی رەتکردنەوەو لەناوبردنی ئەندێشەیەك دەخاتەڕوو, لەهەرسێ گریمانەکەشدا بەڵگە بۆ رەدکردنەوەی لێکنەبوردن لە بەرامبەر ئەندێشەیەکدا دەهێنێتەوە. لەهەرسی گریمانەکەدا (میل) بنەماکانی لەسەر ئەوە داڕشتووە کە نەیارانی یەك باوەڕ هەموو خەڵکانی داوێن پاك‌و سەر راستن‌و تەنها لەسەر بناغەی تەقواو ئیمانە پاکژەکەیان تێدەکۆشن تا لەبلاوکردنەوەی ئەو باوەڕەی کە بەخراپی دەزانن بەرگیری بکەن.

یەکەم گریمانە ئەوەیە ئەو باوەڕەی تر بەنەیاری خۆتی دەزانی، باوەڕێکی راستە، (میل) بەپشت بەستن بە بنەمای ((ئەگەری هەڵەبوون)) لای تەواوی مرۆڤەکان ئەوە روندەکاتەوە کە دەبێت هەموو کەس ئامادەبێ گوێ لەباوەڕی نەیارەکانی بگرێت. ئەگەر کەسێك ئامادە نەبێ گوێ بۆ باوەڕێکی دیکە بگرێ لەبەرئەوەی یەقینی دەرهەق بەپوچەڵبوونی ئەو باوەڕە هەیە، ئەوا لەڕاستیدا دڵنیابوونەکەشی بەواتای ئەوە دێ کە یەقینەکەی خۆی لەتەك یەقینی (رەها)دا بەیەك شت زانیوە. کەسانێك لێکبوردن بەڕەوا نازانن لە بەرامبەر باوەڕی نەیارەکانیانداو دەیانەوێت بەزۆر لەنێویان بەرن، لەڕاستیدا هەر لەسەرەتاوە (هەڵەنەکردن)ی خۆیان بە بەڵگە نەویست زانیوە. ئەو کەسانە بەئاسانی دەتوانن لەڕێگەی خوێندنەوەی مێژووەوە تێبگەن چۆن یەك (حەقیقەت)ی جێگیر بەدرێژایی چەرخ‌و سەدەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەروەها بەشێکی زۆر لەو باوەڕانەش کە لەڕابردودا بە حەقیقەت ناوزەد دەکران ئەمڕۆ پوچەڵ کراونەتەوە، هەر بەمجۆرە بەشێکی زۆر لەو باوەڕانەی ئەمڕۆ پەسەندکراوون رەنگە لەئایندەدا رەدبکرێنەوە.

(میل) بەڵگە دەهێنێتەوە کە زۆرێك لەو باوەڕانەی بە بەڵگەنەویست دادەنرێ، بەستراوە بە هەلومەرجی دەوروبەرەوە بەو مانایەی کە لەبەرئەوەی لەفلان دەوروبەر یان لەدایك بووین فلان باوەڕمان قبوڵکردووە لەکاتێکدا دەکرێ مەسەلەکە بەجۆرێکی ولاتدا تر بووایە...واتە ئەگەر



لەولاتێکی تردا لەدایك بوینایە بڕوایەکی ترمان دەبوو. تەواوی ئەم بەڵگەو نیشانانە دەلالەت لەوە دەکەن کە نابێت مرۆڤەکان بەهۆی دڵنیابوون‌و یەقین بەباوەڕی خۆیان، باوەڕی ئەوانی دی سەرکوتبکەن چونکە رەنگە رۆژێك باوەڕی خودی ئەوانیش پوچەڵبکرێتەوە.

(میل) ئەوە روندەکاتەوە رەنگە نەیارانی لێکبوردن‌و ئازادی بۆ دژایەتی کردنی بەڵگەکانی بڵێن کاتێك ئێمە دەرفەتی بلاوبوونەوەی باوەڕێکی پوچ نادەین خۆشمان بەبێ هەڵە نازانین، بەلام ئەگەری هەڵەکردن بۆ تەواوی خەڵکی لەئارادایەو توانای داوەری کردنیان پێبەخشیوون بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەربگرن. ئەگەر بڕیاربێ هەرکەس لەبەرئەوەی رەنگە بڕواکەی هەڵەبێت، لەو کارە بترسێ کە لەتەك هێزی دیاریکردنی خۆیدا گونجاوە، کەواتە نابێ هیچ کەس ملکەچ بکات بۆ ئەو بەرپرسیارێتیەی لەگۆڕەپانی کاردا پێ‌ی دەسپێرن. بەبڕوای (میل) تاکە مەرجی بڕواپێکراو کە دەکرێ لەسایەیدا بیر لەباوەڕێکی دروست بکرێتەوە ئەوەیە ئەو باوەڕە لەبۆتەی ئەزمونەکانی نەیارەکانیدا بە سەرکەوتویی بێتە دەرەوەو پوچەڵ یان تێك نەشکێنرێ، چونکە پوچەڵ نەکراوەتەوە ئەوا ئەو باوەڕە بەڕاست دەزانرێ، کەواتە دەبێ هەمیشە لێکبوردن لە بەرامبەر باوەڕی نەیارەکاندا پیشانبدرێ تا بەمجۆرە سەبارەت بەڕاستبوونی باوەڕەکانمان دڵنیابین. لەڕاستیدا ئەو باوەڕانەی ئەمڕۆ لەسەر بناغەو پایەگەلێکی پتەو دامەزراوون، رێگایەکیان نەبڕیوە جگە لەو رێگایەی هەمیشە ئامادەبوون خۆیان لەبەردەم هێرشی رەخنەو پیاچوونەوەی هەموو خەڵکی جیهاندا دابنێن‌و بانگهێشتی خەڵکانی خراپ‌و نەیارەکانیان دەکەن کە ئەگەر توانیان ئەوا بە بەڵگەو ئیستدلالەوە تێکشکان‌و پوچەڵبوونەوەی باوەڕی ئەوان ئاشکرا بکەن. ئەگەر ئەمجۆرە بانگهێشتکردنە پەسەند نەکرا یان تەقەلای رەقیبەکان هیچ ئاکامێکی لێنەکەوتەوە، خۆ لانی کەم دەزانین هەر ئەوشتانەی کە لەسایەی هەلومەرجی هەنوکەیی لۆژیکی مرۆڤدا توانای کردنی هەیە لەتەك ئەوەشدا کە هێشتا نێوانمان زۆر لە لوتکەی دڵنیاییەوە دورە، ئەنجاممان داوە.

گریمانەی دوهەم ئەوەیە باوەڕی نەیار، باوەڕێکی هەڵەو نادروستە، (میل) بڕوای وایە گەر وایدابنێین باوەڕەکەی ئێمە راستەو باوەڕی نەیارەکانمان هەڵەیە، دیسان نابێت رێگە لەباوەڕی کەسانی دی بگرین، چونکە هەر باوەڕێك بەهەر ئەندازەیەك ساغو بێهەڵەش بێت ئەگەر هەمیشە نەبێتە مایەی تێڕامانو بیکردنەوە لای مرۆڤەکان، ئەوا دەبێ بەباوەڕێکی نەزۆكو مردوو. لێکبوردن لە بەرامبەر بیروڕا جیاوازەکاندا خاوەندارانی بیروڕا راستەکان ناچار دەکات بەتێڕامانێکی زیاترەوە لەڕێبازەکەی خۆیان وردبنەوەو بە بەڵگەی زیاترەوە بیروڕای ئەوانی دی رەدبکەنەوە.

(میل) بۆ داکۆکیکردن لە لێکبوردنی فکریو ئازادی ئەندێشە، ئەوە روندەکاتەوە کە بەدرێژایی مێژوو هەرکاتێك دەرفەتێك بەدەستهاتبێت گروپە مەزهەبیەکان لێکبوردن لە بەرامبەر یەکدیدا پیشانبدەنو، یان هەر گروپێك توانیبێتی بەئازادی تەواوەوە باوەڕی خۆی دەرببڕێت، نەك تەنها لە دەسەڵاتو بنەمای باوەڕە راستو دروستەکانی کەم نەبۆتەوە، بەڵکو ئەو بنەمایانە بەشێوەیەکی زیندوترو نوێتر دەرکراوونو چالاکانەتر درێژەیان بەژیانی خۆیان داوە. تا ئەوکاتەی کەشو هەوای لێکبوردنو نەرمونیانی لەئارادابێت هەر گروپێك سەرقاڵی داکۆکیکردنی عەقلانی دەبێ لەبیروڕاکانی خۆی. دواجار ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چەمكو واتا ئاینیەکان لەژیانی مرۆڤدا ئامادەییەکی چالاکیان ببێتو، لەم رێگەیەشەوە ئاینی راستیش وەك رەگەزێکی چالاكو بزێو لەژیانی مرۆڤەکانداو رێنمایکردنیان بۆ سەرچاوەی حەقیقەت، دەوری خۆی ببینێت. بەڵام کاتێك ئەو کەشو هەوایە (فەزا) بەجێدەهێڵرێتو یەك مەزهەب بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ دەبێو دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو وڵاتدا بڵاو دەکاتەوەو وەك مەزهەبی رەسمیو باوی لێدێت، گەرچی ئەو مەزهەبە لەسەر حەقیش بێت بەڵام کەمتازۆر لە ماوەو دەسەڵاتی کەم دەبێتەوە. لەم حاڵەتەدا ئاین بەربڵاویو گشتگیری خۆی دەپارێزێ, بەڵام هێدی هێدی رۆڵی خولقاندنو حزوری چالاکانەی خۆی لەدەستدەدات. کەواتە مشتومڕەکەمان سەبارەت بە بنەماو باوەڕە ئاینیەکان وردە وردە بێهێز



دەبنو لەناودەچن، ئەو باوەڕانەش کە دەمێننەوە نەك لەڕێگەی توێژینەوە بەڵکو لەڕێگەی میراتگریەوە بە پەیڕەوکارانی دەسپێردرێت. کاتێك بنەما مەزهەبیەکان بوون بەشتێکی میراتیو چیدی مرۆڤ ناچار نەبوو کە وزەی فکری خۆی بەکاربهێنێ تا وەڵامی مەسەلە ئیمانیو ئاینیەکانی خۆی بداتەوە، دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت پلە بە پلە بناغەکانی بڕوای خۆی لەدەستدەداتو تەنها (تەشریفات)ە روکەشیەکان رەچاو دەکات تا ئەو رادەیەی پلە بە پلە ئەو پەیوەندیەی مەزهەبی بەدەرونی مرۆڤەکانەوە گرێداوە بەیەکجاری دەپچڕێتو، بەتەواوی دەکەوێتە دەرەوەی بواری بیرکردنەوەو ژیانی مرۆڤەکان.

گریمانەی سێهەم کە (میل) وێنای دەکات بریتیە لەوەی دوو باوەڕی دژ بەیەك هەریەکەو بەجیا بەشێك لە حەقیقەتی پێیە، کە بەبڕوای ئەو دەبێت لەم حاڵەتەدا باوەڕی سێهەم بێتە ئاراوە کە وێڕای جیاوازیشی لەتەك هەریەك لە باوەڕە دژ بەیەکەکاندا، لە حەقیقەتی هەردولایان بەهرەمەند بێتو، کۆی ئەو حەقیقەتانەش لەفۆرمی ئەندێشەیەکی تازەدا لەخزمەت کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دابنێت. بەبڕوای (میل) لەسایەی لێکبوردن لە بەرامبەر باوەڕی نەیارەکاندا زەمینە بۆ خستنەڕووی باوەڕە جیاوازەکان خۆشدەبێو، بەمجۆرە شێمانەی گرێدانەوەی بەشەکانی حەقیقەت لەنێوان رەقیبە فکریەکاندا دابەش بووە، دێتە ئاراوە. (میل) رونیدەکاتەوە لەسایەی لێکبوردنی بیروڕاو پێکدادانی ئەندێشەکاندایە کۆی رەهەندەکانی بابەتێك بەویژدانەوە تاوتوێ دەکرێت. بەبڕوای (میل) تەنانەت ئەگەر زۆرینەی کۆمەڵگایەك لەبارەی بابەتێکەوە رێکەوتن لەنێوانیاندا هەبێو هەروەها گریمان باوەڕەکەیان راستە، دیسان هێشتا ئەگەری ئەوە هەیە بەشێك لە حەقیقەت لەئەندێشەی نەیارەکاندا بەرچاو بکەوێت کە ئەگەر ئامادە نەبین گوێیان بۆ رابگرین، دوچاری زیان ئەبین. بەبڕوای (میل) دەبێ هەرچی زیاتر بواری لێکبوردن فراوان بکرێت، چونکە ئەو پێی وایە شەرافەتی مرۆڤەکان لە ئازادیو هەمەڕەنگی ئەندێشەدایەو لێکبوردنیش پێویستە بۆ گەیشتن بەئامانجەکان. لەکۆتایدا دەبێ ئەوەش زیاد بکەم مشتومڕ لەسەر لێکبوردن لەدوو روانگەوە قابیلی خستنەڕووە:

www.pertwk.com

روانگەی یەکەم، روانگەیەکە مەسەلەی لێکبوردن لەدیدی سیاسی و ئاکاری و کۆمەڵایەتیەوە هەڵدەسەنگێنێت و، بەداکۆکیکردن لە لێکبوردنی فکری یان ئاکاری و هەروەها لێکبوردن لە بەرامبەر تایبەتمەندی تاکەکان و یان گروپەکانەوە سەرقاڵ دەبێ. روانگەی دوهەم بۆ نمونە هەندێ وتوویژی تازە لەبارەی لێکبوردنەوە ئەخاتەڕوو کە بەتێڕامان لەزادگای تیۆری یان بنچینەیی (لێکبوردن)ەوە خەریك دەبێت. لەم روانگەیەوە لێکبوردن پەیوەندی لەتەك مشتومڕەکانی مەعریفەناسیدا پەیدا دەکات. دانپێدانان بەم مەسەلەیەدا کە مرۆڤ قابیلی هەڵەکردنە بەلایەنگریەکی تیۆری ئەمجۆرە لێکبوردنە دادەنرێت. دەتوانین (کارڵ پۆپەر) بەگەورەترین داکۆکیکەرو بیرمەندی تیۆری لێکبوردن لە رۆژگاری هاوچەرخدا بزانین ((حەقیقەت شتێك نیە کە پێی نەگەین بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە دەبێت هەمیشە سەبارەت بەناسینی حەقیقەتێکی رەها، گومان بەشتێکی رەوا بزانین و لەڕاستیدا هەر بەهۆی ئەم لێکبوردنەوە تا ئەوجێگایەی دەکرێت تیۆرەکانمان لەهێزو توانایەکی زیاتر بەهرەمەند بکەین)).

*** *** ***



## (جۆن لۆک)و نامەیەک دەربارەی لێکبوردن

(جۆن لۆك) لە 29ی ئابی ساڵی 1632دا لەگوندێکی بچوك بەناوی (رینگتن) لە دەوروبەری سامریستی ئینگلتەرەدا لەدایك بووە. (لۆك) لەخێزانێکی نیمچە موڵکداری ئەرستۆکراتیدا بە باوەڕە مەزهەبیەکانی گروپی پرۆتستانتەکان گۆشکرا، تا ساڵی (1646) لەماڵەوە وانەی دەخوێندو پاشان لەقوتابخانەی (ویست مینستەر) لەخوێندن بەردەوام بوو، پاشان لەساڵی (1652) چووە کۆلیژی (کرایست چرچ) لە زانکۆی (ئۆکسفۆرد)و قۆناغە زانستیەکانی بەسەرکەوتویی بڕی و پاش ماوەیەك لەهەمان زانکۆدا کورسی خوێندنی لەڕشتەکانی زانستی رەوانبێژی و زمانی یۆنانیدا وەرگرت. (لۆك)ی لاو کە زۆر حەزی لەخوێندنی زانستە باوەکانی ئەو سەردەمە (هونەری رەوانبێژی...) دەکرد، زۆر بەخێرایی لەتەواوی ئەو زانستانە بێزاربوو، بۆ خۆڕزگارکردن لە تەشریفات و بڕیارە وشکەکانی کڵێسەی ئینگلتەرە کە لەدیدی ئەوەوە کۆسپی بەردەم پێشکەوتن و گەشەکردنی زانست بوو، روی کردە خوێندنی زانستی پزیشکی و بەمجۆرە ئاشنایەتی لەتەك بیریارگەلێکی گەورەی وەك(رۆبەرت بۆیل) پەیدا کردو لەم رێگایەوە چووە ناو بواری فکری فەلسەفەی سروشتی (کیمیاو، فیزیا)وە.

(لۆك) لەساڵی(1665)دا بۆ ماوەیەکی کورت رۆڵی باڵوێزی سیاسی وڵاتەکەی لەشاری(مەدرید) گێڕا، بەڵام زۆری نەخایاند دوبارە بۆ سەر کورسی وانەوتنەوەو پیشەی پزیشکی گەڕایەوە. هەر لەدوای ئەو سەفەرەوە بوو(لۆك) ئاشنایەتی لەتەك کەسایەتی ناسراوی ئەو سەردەمەدا (ئارل ئۆل شافتبەری)و (لۆرد ئاشلی) پەیداکرد. سەرەتا(لۆك) وەك راوێژکاری پزیشکی(ئارل ئۆل) سەرقاڵی کارکردن بوو، بەڵام هێندەی نەخایاند بوو بەهاوڕێ و دۆستێکی خۆشەویستی. ( لۆرد ئاشلی) پیاوێکی جەستە لاوازبوو (لۆك) بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدا، هەر لەدوای ئەو نەشتەرگەریەوە پەیوەندیەکی زۆر هاوڕێیانە

لە نێوانیاندا بەرقەرار بوو کە نزیکەی 10 ساڵی خایاند. پشتیوانیەکانی(لۆرد ئاشلی) بەدرێژایی ئەو ماوەیەی هاوڕێیەتیان بووە هۆی ئەوەی (لۆك) بتوانێت وەك بیریارێك خەریکی بلاۆوکردنەوەو پەرەپێدانی بیروڕاکانی بێت.

لەساڵی 1683دا (لۆرد ئاشلی) بەتاوانی ناپاکی کردن لە پاشا (جیمزی دوهەم) دادگاییکراو بەپەژارەو کەنەفتەوە لە هۆڵەندە کۆچی دوایی کرد. (لۆك) بەهۆی ئەو پەیوەندیە زۆرەی کە لەتەك (لۆرد ئاشلی)دا هەیبوو ناچاربوو وڵاتەکەی خۆی جێبهێڵێ‌و لە هۆڵەندە وەك پەنابەرێك ژیان بەسەر بەرێت. (جۆن لۆك) لەساڵی 1688دا پاش ئەو شۆڕشە شکۆمەندەی بووە هۆی لەسەرکارلابردنی(جیمزی دوهەم)و دەسەڵات بەدەستەوە گرتن لەلایەن(ویلیام)و مەلیکە(مری)یەوە، گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرەو هەر لەوکاتەدابوو هەر سێ کتێبە بەناوبانگەکەی(دوو وتار دەربارەی حکومەت)و (نامەیەك دەربارەی لێکبوردن)و هەروەها(وتارێك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ)ی بۆ یەکەمین جار لەئینگلتەرەدا بلاۆوکردەوە. (وتارێك دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ) ئەو تێڕوانینانەی لەخۆگرتووە کە لەبارەی سنورداریێتی‌و تایبەتمەندی تێگەیشتنی مرۆڤەوەیەو، (وتارێك دەربارەی حکومەت) پایەکانی حکومەتی شیکردۆتەوەو کەم‌و کوڕیەکانی دەستنیشان دەکات. کتێبی دوهەم واتە(نامەیەك دەربارەی لێکبوردن) تێڕامانێکە سەبارەت بە پەیوەندیەك کە دەبێت لەنێوان ئاین‌و دەسەڵاتی سیاسیدا پایەدار بێت. تیۆرەکەی (لۆك) سەبارەت بەم پەیوەندیە بەڕێگا چارەیەك بۆ گرنگترین کێشەی سەردەمی خۆی دادەنرا، کێشەیەك کە هەر لەسەرەتای بزاوتی ریفۆرمی مەزهەبی(پرۆتستانتیزم)دا بیریارانی ئەوروپایی پێوەی سەرقاڵ بوون، هەڵبەتە تا ئەو سەردەمەش سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەستنەهێنابوو. ئەو رێگا چارەیەی(لۆك) سەبارەت بەم مەسەلەیە خستیەڕوو، هەمان رێگا چارەیە کە ئەمڕۆ لە وڵاتە دیموکراسیەکاندا کەڵکی لێوەردەگیرێت. دەبێت دانبەوەشدا بنێین کە هەوڵی(لۆك) لەم کتێبەدا بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەدەسەڵاتی کڵێسە، بۆتە هۆی ئەوەی تێڕوانینەکانی لەبارەی چییەتی حکومەتەوە



رونتربێ، بەو مانایەی بەباشترین شێوە دەکرێ پەی بەو هەڵبژاردنانە ببرێ کە بۆ فەرمانڕەوای سیاسی دادەنێ‌و هەم ئەو سنورداریێتیانەی لەبەردەمیدا دایدەنێت. (نامەیەك دەربارەی لێکبوردن) لەسەردەمێکدا نوسرا کە گروپی پرۆتستانت مەزهەبەکان لەژێر فشارێکی بەردەوامدابوون. سەڵتەنەتی(لویسی چواردەهەم) هێندە تۆقێنەرو چاوچنۆك بوو تەواوی ئەوروپای دوچاری قەیران‌و جەنگ کردبوو. بەدواداگەڕانی پرۆتستانتەکان نەك تەنها مرۆڤدۆستانی دوچاری ترس کردبوو، بەڵکو بووە هۆی زیادبوونی هەژاری‌و گەندەڵبوونی گەلانی ئەوروپا. جگە لەفشاری سەربازی فەڕەنسیەکان کە بەتایبەت دەکرایە سەر ناوچەکانی باکوری ئەوروپاو، لەوێدا کە بەتەنها دەسەڵاتی سیاسی مەزهەبی خۆی بەحەق دەزانی‌و هەروەها دەمارگیرانە خۆی بەپاسەوان‌و پەرەپێدەری ئەو مەزهەبە دەزانی‌و، پرۆتستانتەکانی فەڕەنساو ناوچەکانی تری ئەوروپا هەستیان دەکرد کە لەحەساری تەنگی دەسەڵاتی(لویسی چواردەهەم)دا گیریان خواردووە. تەواوی ئەم مەسەلانە بووە هۆی ئەوەی بیریارانی پرۆتستانت خۆیان بۆ لایەنگیری لە ئازادی مەزهەبی تەرخان بکەن‌و لێبڕاوانە بۆ خۆئامادەکردن بە مەبەستی بەرگرتن لە دەسەڵاتی دەرەکی‌و تاکەکەس بیر لەڕێگا چارەیەك بکەنەوە، (لۆك) بەشێوەیەکی باش لەژێر کاریگەری ئەمجۆرە روداوانەدا لە (نامەیەك دەربارەی لێکبوردن)دا بۆ داکۆکیکردن لەمافی ئازادی تەواوی گروپە مەزهەبیەکان، لێبڕاوانە بۆ ئەنجامدانی کاروباری عیبادی‌و یان بەدەستهێنانی باوەڕە ئاینیەکان دەستی بەکارکردن کرد. بەبڕوای ئەو بۆ ئەوەی کردەوەی ئیماندارەکان لەلایەن یەزدانەوە قبول بکرێ، دەبێ تەواوی ئەو کردەوانە بەوپەڕی خۆشەویستی‌و پاکژی‌و ئیرادەی رۆحیەوە ئەنجامبدرێ‌و، تەنها لەو حاڵەتەدایە ئەنجامدانی ئەرکە مەزهەبیەکان دەبێتە هۆی رزگاری‌و نەجاتی مرۆڤەکان.

لێرەوە هەر جۆرە هەنگاوێك لەلایەن خەڵکیەوە داسەپاندنی شێوەیەکی (تایبەت)ی بڕوایەك یان کردەوەیەکی مەزهەبی لێبکەوێتەوە، دەبێ

بەخێرایی ڕەدبکرێتەوەو رابگیرێت، چونکە زیان بەرەگەزی پاکژیو خۆشەویستی مرۆڤەکان دەگەیەنێت، پاکژیو خۆشەویستیەك کە بەکۆڵەکەیەکی پتەو بۆ قبوڵکردنی رەفتاری مرۆڤەکان دادەنرێ. دەبێت مرۆڤەکان خۆیان بیربکەنەوەو بڕیار بدەن کە چ باوەڕێك قبوڵ بکەن، هیچ کەسێك ناتوانێو مافی ئەوەی نیە لافی ئەوە لێبدات بەرپرسیارێتی باوەڕی خەڵکی لەئەستۆی ئەودایە. بەبڕوای (لۆك) هەر جۆرە تەقەلایەك کە بەرپرسیارێتی باوەڕی خەڵکانی دی لەئەستۆ بگرێ، بەکردەوەیەکی بێهودەو دەستخستنە کاروباری خەڵکیەوە دادەنرێ، تەنانەت ئەگەر ئەو جۆرە کردەوەیە لەلایەن فەرمانڕەوای سیاسیەوە, یان لەلایەن دەوڵەتەکانەوە ئەنجامبدرێو، سەرەڕای بێهودەبونیشی بەجۆرێك لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەقەڵەم دەدرێ کە بەڕای (لۆك) دەبێت تەنهاو تەنها بۆ پارێزگاری کردنو دابینکردنی دەستکەوتی مرۆڤەکان لەژیانی دونیەویاندا بەکاربهێنرێت. (لۆك) هۆکاری گێرەوکێشە مەزهەبیەکانی ئەوروپا بەتێکەڵکردنو تێکترنجاندنی دوو شتی جیاواز دەزانێت، واتە دەوڵەتو کڵێسە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی ورد بواری چالاکی هەر یەکێکیان بەشێوەیەکی جودا (جیالەیەك) دیاریبکاتو پێناسێکی تایبەت سەبارەت بەبواری چالاکی هەریەکێکیان بەدەستەوە دەدات. ((دەوڵەت بریتیە لە کۆمەڵێك مرۆڤ کە تەنها بەمەبەستی دابینکردنی دەسکەوتە مەدەنیەکان دروستبووە، مەبەست لە دەستکەوتە مەدەنیەکانیش، ئازادی، تەندروستیو دەرمان، خۆشگوزەرانی مادیو موڵکدارێتی بەسەر شتگەلی وەك زەوی، پارەو، خانوو دەگرێتەوە.)) بەڵام کڵێسە پێکهاتەی خۆویستانەی کەسانێکە کە بەهۆی ڕێککەوتنێکی هاوبەشەوە لەدەوری یەکدی کۆدەبنەوە تا بەشێوەیەکی بەکۆمەل بەپەرستنی یەزدانەوە سەرقاڵبن. لەم کۆمەڵەدا ڕێگەیەك بۆ باسکردنی مەسەلەکانی گوزەران یان مەسەلە سیاسیو مەدەنیەکان نیە. بەبڕوای (لۆك) بەهیچ جۆرێك راست نیە کە لەگۆڕەپانی ئایندا پەنا بۆ هێزی ناچارکردن ببرێت، چونکە ئەم



دەسەڵاتە موڵکی فەرمانڕەوای سیاسیە. ئەرکی مەزهەب ئەوەیە کە لەسەر بناغەی پرەنسیپی تەقواو شکۆمەندیو داوێن پاکی ژیانی مرۆڤەکان ڕێکبخات. بەبڕوای (لۆك) مەسیحیەکی راستەقینە دەبێ لێبوردوو خۆگربێت بەرامبەر بە باوەڕو بیروڕای دینەکانی تر. ئەو لێکبوردن لە بەرامبەر بیروڕا جیاوازەکاندا نەك هەر لەلایەن هەموو ئاینەکانەوە بەسەلمێنراو دەزانێت، بەڵکو ئەو بەڵگەیەش دەهێنێتەوە کە عەقڵی تەندروستیش پشتگیری ئەمجۆرە مەسەلەیە دەکات. (لۆك) لەو بڕوایەدایە تەواوی ئاینەکان بەهۆی چیەتیانەوە شتێك نین کە بتوانن لەڕێگەی زۆرەوە بەسەرخەڵکیدا بسەپێنرێن. کەواتە لەبنەڕەتدا هەموو ئاینەکان پەیڕەوی لە (لێکبوردن)و پێکەوە گونجان دەکەن. (لۆك) لەهەمان کتێبا دوو مەرجی بنەڕەتی بۆ بەهرەمەندبوون لە (لێکبوردن) بەپێویست دەزانێت، مەرجی یەکەم ئەوەیە وابەستەییە مەزهەبییەکان لەتەك خواستە سیاسیەکاندا کە دەبنە هۆی روخاندنی دەوڵەت یان حکومەت تێکەڵ بە یەکدی نەکرێن. کەواتە ئەو گروپە مەزهەبیانەی کە پەیوەندیە ئاینیەکانیان، بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیەك یان حکومەتێك بەجۆرێك دەخاتە مەترسیەوە کە ئەگەری زاڵبوونی بێگانەکان فەراهەم بکەن، کاری لێکبوردن نایانگرێتەوە.

مەرجی دوهەم ئەوەیە تەنها خواناسەکان لە ئەگەری (لێکبوردن) بەهرەمەند دەبن، بەڵام سودوەرگرتن لە ئەگەری (لێکبوردن) خوانەناسەکان ناگرێتەوە. بەبڕوای (لۆك) مافی کەڵك وەرگرتن لە لێکبوردن ئیمتیازێکی مەزهەبیە کە لەپەیوەندی تاك بەیەزدانو ئەنجامدانی راسپاردە شەرعیەکانیەوە هەڵقولاوە. خەڵکانی بێباوەڕ ناتوانن لەبەر بڕوانەبونیان بەیەزدان لافی ماف بەدەستهێنان لێبدەن، لەبەر ئەوەی ئەو مافانە بەتەواوەتی بەهۆی ئەنجامدانی راسپاردە مەزهەبیەکانەوە بەدەستدێن. بەبڕوای (لۆك) لەبەر ئەوەی بی ئیمانەکان بڕوایان بەیەزدان نیە، کەواتە بەسەرچاوەی مەترسی بۆ هاوڕەگەزەکانی خۆیان دادەنرێن، چونکە ئەو

www.pertwk.com

دەسەڵاتەیان نیە کە بتوانن لەسەر بنەمای ئەو دەسەڵاتە ڕەفتاری چاك بنوێنن و وەفاداربن بە بەڵێن و پەیمانە میللیەکانی خۆیان و دوچاری خیانەت نەبن، لەبەر ئەوەی بنەماکانی ئاکار لەو مژدەو بەڵێنە یەزدانیەوە دروستدەبن کە لە (ئاخیرەتدا) ڕوو دەدات. بەهەرحاڵ ئەو کاریگەریەی (جۆن لۆك) لەسەر پرۆسەی فکری تازە بەجێیهێشت تەنها کورت نابێتەوە بۆ نوسینەکانی لەبواری مەسەلە سیاسیەکاندا، بەڵکو ئەو کاریگەریەی کتێبی (وتارێك لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤەوە) لەسەر بواری مەعریفەناسی (ئەبستمۆلۆجیا) داینابوو بەزەمینەیەك بۆ بیریارانی دوایی تا لەوتوێژەکانیەوە وەك خاڵی دەرچونێك بۆ قسەکردنی تازە لەسەر تێگەیشتن و زانینی مرۆیی، یارمەتی لێوەربگرن. (لۆك) لە 28ی ئۆکتۆبەری ساڵی 1704دا لەکاتێکدا کە (مەزامیری) داودیان بۆ دەخوێندەوە لە (ئوتسی) ئینگلتەرا کۆچی دوایی کرد.

**شێرزاد گوڵشاهی**

***　　　***　　　***



## (نامەیەک دەربارەی لێکبوردن)

### پێشکەش بەخوێنەران:

دوای چاپی یەکەمی کتێبی(نامەیەك دەربارەی لێکبوردن) بەزمانی لاتینی لەهۆڵەندا لەساڵی(1698)دا ئێستا ئەم کتێبە بەزمانەکانی هۆڵەندی و فەرەنسیش وەرگێڕدراوە. ڕەنگە ئەمجۆرە پێشوازیە خێراو بەرفراوانە بەیانگەری ئەوەبێت کە لەئینگلتەرەش هەر بەمجۆرە پێشوازی لەم کتێبە کراوە. لەڕاستیدا پێموایە میللەتێك نیە لە جیهاندا هێندەی ئێمە سەبارەت بەم بابەتە مشتومڕی کردبێت. بەڵام بڕواش ناکەم هیچ میللەتێك لە ئێمە زیاتر پێویستی بەگەڵاڵەو مشتومڕ لەم بوارەدا هەبێت. نەك هەر حکومەتەکانی ئێمە لەمەسەلە مەزهەبیەکاندا لایەنگرانە کاریاندەکرد، بەڵکو ئەو کەسانەش کە زیانیان لەم لایەنگریە دەبینی و لەڕێگەی نوسینەکانیەوە هەوڵی بەرگریکردن لە ئازادی و مافەکانی خۆیان دەدا، زۆرتر ئەم کارەیان لەسەر بنەماو باوەڕێکی تەسکبینانەی خۆیان ئەنجامدەداو تەنها بەدوای بەرژەوەندیەکانی گروپەکەی خۆیاندا دەگەڕان.

بەدڵنیاییەوە ئەم تەسکبینیەی کە لەتەواوی لایەنەکانی ژیاندا زاڵبوو، بەفاکتەری سەرەکی شڵەژاوی و شەکەتی کۆمەڵگای ئێمە لەقەڵەم دەدرا، بەڵام دەردەکان هەرچیەك بوبێت ئێستا کاتی ئەوە هاتووە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. ئێمە پێویستمان بەچارەسەرێکی زیاتر لەوە هەیە کە تا ئێستا سەبارەت بەنەهێشتنی کەمو کوڕیەکانمان ئەنجاممان داوە. نە بانگەوازی بەخشینی سزای گوناهباران و نەفەرمان بە بەشداریکردنی نەیارانی کڵێسە لە مەراسیمی (عەشای ڕەبانی)دا هەر بەو جۆرەی کە لەناو خەڵکی ئێمەدا باوەیان دەخرێتەڕوو, هیچ کاریگەریەك بەجێناهێڵێت, چونکە ڕاگەیاندنی بەخشینی گوناهباران تەنها پەردەیەکە گوناهەکانمانی پێدادەپۆشێن و فەرماندان بۆ بەشداریکردنی نەیارانی کڵێسە لە مەراسیمی(عەشای ڕەبانی)دا تەنها بەدکاری و خراپەکاریەکانمان زیاد دەکات.

www.pertwk.com

ئـازادی رەهـا، ئـازادی راسـتی و حـەقیقی، ئـازادی بێلایـەن و بەرابـەر شـتانێکن کـە بۆخۆمـان بەپێویـستی دەزانـین. ئەگـەر چـی سـەبارەت بـەم مەسـەلانە مشتومڕ زۆر کـراوە، بـەڵام مـن بـەگومانم لـەوەی بەتـەواوی ئـەم مەسەلانە دەرك کرابن و، دڵنیاشم هیچ کاتێك کار لەسەر ئەمجۆرە مەسەلانە نەکراوە نە لەلایـەن فەرمانڕواکانمانـەوە لـەبەرامبـەر هاوڵاتیـەکی خۆیانـداو, نە لەلایەن ئەو گروپانەشەوە کە لەگەڵ یەکدیـدا جیاوازی باوەڕیان هەیـە. ئەگەرچی ئەم باسانە بەشێوەیەکی کورت دەخرێتـەڕوو، بـەڵام ئومێدەوارم زیـاتر لـەوەی کـە مەبەسـتمانە بتوانێـت بەرابـەری مافـەکان و کـارکردن لـەپێناوی ئەوشـتانەدا بـسەلمێنێت و، هـەروەها هەلومـەرجێکی بـاش بـۆ تـەواوی ئـەو مرۆیانـەی کـە خاوەنی رۆحێکـی گـەورەن، فەراهـەم بکـات تـا بتـوانن بەرژەوەندیـە واقیعیـەکانی خـەڵکی لـە بەرامبـەر بەرژەوەنـدی گروپێکی تایبەتدا بە باڵاتر بزانن. بەمەبەستی سودوەرگرتن لەوشتانەی کـە قـسەم لەسـەرکردن و بـۆ تـەڵقینکردنی ئـەو ئەندێـشەیە بەکەسـانێك کەهیـچی لێتێنەگەیـشتوون، ئـەم کتێبـەم بـەزمانی خۆمـان (ئینگلیـزی) وەرگێڕا. بـەڵام ئـەم کتێبـە بـۆ ئـەوەی کـە تەنانـەت بتوانێـت سـەرەتایەکی شایـستەو گونجاوبێـت بـۆ وروژانـدنی ئـەم مـشتومڕو باسـانە، کەموکوڕیـەکی زۆری لـەخۆگرتووە لەبـەر ئـەوە راڤـەکردنی ئـەم مشتومڕو باسـانە بـۆ هاونیـشتمانیەکانم جێـدێڵم و لەدڵـەوە داواکـارم کـە هـەموو لایەنەکانی بخەنەبەر لێکۆڵینەوەو سودی لێوەربگرن.

(( جۆن لۆك ))

*　　　*　　　*



**گەورەم!!**

لەو روەوە کەپێت خۆش بوو بیروڕام دەربارەی لێکبوردنی دوولایەنەی مەسـیحیەکان سـەبارەت بـەو مەسـەلانەی کـە لەسـەری نـاکۆکن لەمەزهەبەکەیاندا بزانیت، بەپێویستی دەزانم بێباکانە بڵێم من لێکبوردن بەتایبەتمەندیـەکی بنـەڕەتی کڵێـسەی راسـتەقینە دەزانم. هەنـدێ کـەس شـانازی بـە دێرینـەبوونی شـوێنەکان و نـاوو ناوبـانگ و یـان گـەورەیی و شکۆمەندی عیبادەتـە روکەشـەکەیانەوە دەکـەن و، هەنـدێکی دیکـەش بـەو چاکـسازیانەی کـە لەئەرکـە ئاینیەکانـەوە بـەدیهاتووە. بـەڵام تـەواوی مرۆڤەکان شانازی بەڕەوایەتی و راستبوونی ئیمانەکەیان دەکەن، چونکە هـەموو کەسـێك لەدیـدی خۆیـەوە باوەڕەکـەی خـۆی بەڕاسـت دەزانێـت. تـەواوی ئـەم مەسـەلەیەو مەسـەلەکانی تـری لـەو جـۆرەش، سـەلمێنەری تەقەلای مرۆڤەکانن بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و زاڵبوون بەسـەر ئەوانی دیکـەداو بـەهیچ جۆرێك ئـەم مەسـەلانە پەیوەندی بەکڵێسەی مەسیحیەوە نیـە. لێگـەڕێ هەرکـەس هێنـدەی کـە دەخوازێـت بانگەشـەی راسـتی ئـەم مەسەلانە بکات. بەڵام ئەگەر ئەو کەسە بەرامبەر بەڕەگەزی مرۆڤ و تەنانەت نامەسـیحیە پیاوچـاکەکان خاکـەڕاو خێرخـواز نـەبێت، بەڕاسـتی بەمەسـیحیەکی راسـتەقینە ناژمێردرێـت. رزگـار کـەرمان (مەسـیح) بـە حەواریـەکانی ووتـووە: ((پاشـاکانی خـەڵکانی ناجولەکـە خۆیـان دەکـەن بەخوا بەسەر خەڵکیەوە، بەڵام نابێت ئێوەش بەهەمان شێوە رەفتار بکەن)) [ئینجیلی لۆقا] مەسەلەی ئاینی راستەقینە بە تەواوەتی مەسەلەیەکی ترە. ئاینی راستەقینە لـەپێناوی مانـەوەو جێگیربوونی گـەورەیی و شکۆمەندی روکەشـی، یـان بەمەبەسـتی بەدەسـتهێنانی حکومـەتی کڵێـسە یـان بەکاربردنی دەسـەڵاتێکی زاڵ نەهاتۆتـە ئاراوە، بـەڵکو بۆ ئـەوە هـاتووە تـا ژیـانی مـرۆڤ لەسـەر بناغـەی رێساو بنـەمای (فەزیلـەت) و تـەقوا رێکبخـات. هەرکەسێك بیەوێت بچێتە ریزی رێبازی مەسیحەوە، سەرەتاو بەر لەهەموو شتێك دەبێت ململانێ لەتـەك شـەهوەت و شتە خراپـەکانی خۆیـدا بکـات.

کارێکی زۆر بێهودەیە کە کەسێك بێئەوەی ژیانی خۆی بەپاکی ڕاگرتبێ‌و لەکاروباریدا ڕاستگۆبوبێت یان بە بەزەیی‌و خاکەڕایی ڕۆحانی گەیشتبێت، بیەوێ لەڕوی ناچاریەوە خۆی بەمەسیحی بزانێت((هەرکەسێ کە دەم لە مەسیحیەت دەکوتێ، دەبێ خۆی لەخراپەو بەدکاری بپارێزێت)) [نامەی دوهەم بەتیموتێ، بەشی دوهەم، بەندی 19].

سەروەرمان (عیسا مەسیح) بەپترۆسی ووت: ((هەر جارێك گەڕایتەوە بۆلای براکانت هێزیان پێببەخشەو یارمەتیان بدە))[ئینجیل لۆقا بەشی 22، بەندی 32]. لەڕاستیدا زۆر سەختە لام بڕوابکەم کە کەسێك لەبەرامبەر ئازادی‌و بەختەوەری خۆیدا کەمتەرخەمی دەکات نیگەرانی بەختەوەربوونی منیشە، چونکە هەرگیز ناکرێت کەسانێك کە خۆیان لەقولایی دڵەوە ئاینی مەسیحیان قبوڵ نەکردووە، بتوانن پڕ بەدل بەنیەتی پاکەوە خۆیان بە مەسیحی کردنی خەڵکانی ترەوە خەریك بکەن. ئەگەر ئینجیل‌و حەواریەکانی شتگەلێکی حەقن، ئیدی ناکرێ هیچ کەسێك بەبێ چاکەکردن‌و بەبێ ئیمانێك کە نەك بەزۆر بەڵکو لەڕێی عیشقەوە بەدەستدێت بەکەسێکی مەسیحی دابنرێت. من داوا لەو کەسانە دەکەم کە بەهۆی مەزهەبەوە(چ لەڕوی دۆستایەتی‌و دلۆڤانیەوە، یان لەڕوی دوژمنایەتیکردن)ەوە خەڵکانی دی سزا دەدەن، نابوتدەکەن‌و دەکوژن لەڕوی ویژدانی خۆیانەوە داوەری لەسەر ئەو تاوانانە بکەن. من دڵنیام ئەوانە ئەم کارانە بەوپەڕی خێرخوازیەوە ئەنجامدەدەن، مەگەر تا ئەوکاتەی شتێکی دژ بەوەم بۆ ئاشکرا دەبێت. کاتێك ئەو دەمارگیرە دڵڕەقانە دەبینم کە دۆستان‌و خزمەکانیان تەمێ دەکەن لەبەر ئەو تاوانە گەورانەی لەدژی وانەکانی(کتێبی پیرۆز) ئەنجامیان داوە، یان کاتێك دەیانبینم بەئاگرو شمشێر تاکەکانی گروپ‌و کۆمەڵەکەی خۆیان کە دوچاری تاوانگەلێکی گەورە بوون‌و، بۆ ئەوەی نەکەونە ئاگری دۆزەخەوە سزا دەدەن، یان کاتێك ئەوانە(دەمارگیرەکان) دەبینم کە عیشق‌و تاسەیان لەمەڕ ڕزگارکردنی ڕۆحی مرۆڤەکان لە بەکاربردنی ئەشکەنجەو هەموو شێوە ستەمکاریەکانی تردا دەردەکەوێت، ئیدی ناتوانم بڕوا بەکارە خێرخوازیەکانیان بکەم، چونکە بەبڕوای من کاتێك ئەوان مرۆڤەکان لە



داراییەکانیان بێبەشدەکەن یان لەڕێی ئەشکەنجەدانەوە نوقسانیان دەکەن‌و لەزیندانە قەرەباڵغەکاندا ئازارو ئەشکەنجەیان دەدەن‌و بەبرسێتی دەیانهێڵنەوەو دەرئەنجامیش دەیانکوژن، ئەگەر تەواوی ئەم کردەوانە بەو شێوەیەی ئەشکەنجەدەران دەیخەنەڕوو مانای خێرخوازی‌و عیشق لە بەرامبەر ڕۆحی مرۆڤەکاندا لەخۆبگرێت، خۆ ئەگەر تەواوی ئەم کردەوانە تەنها لەبەر مەسیحیکردنی خەڵکی‌و فەراهەمکردنی ڕزگاری ئەوان ئەنجام دەدرێ، ئەدی بۆچی خودی ئەوکەسانە خۆیان بە هەندێ کاری نەشیاوی وەك بێئابڕویی‌و فریودان‌و ڕقەبارەیەتی‌و دوژمنایەتیەوە خەریکدەکەن کە بەپێی ئەو نامەیەی پۆترسی حەواری [ st. Peter، یەکێك لەخوێندکارو حەواریەکانی عیسا مەسیح] بۆ ڕۆمیەکان، (بەشی یەکەم) نووسی، ئەمجۆرە کەسانە بەئاشکرا پەرە بەگەندەڵی (کفر ئامێز) دەدەن‌و ئەم گەندەڵیەش هێندە پەرەیسەندووە کە تەنانەت خەڵك‌و گروپەکەی خۆشیانی تێوەگلاندووە. بەدڵنیاییەوە ئەم شتانەو شتگەلێکی لەم بابەتەش زیاتر پێچەوانەی گەورەیی یەزدان‌و شکۆمەندی کلێسەو (هەروەها) ڕزگاری ڕۆحی مرۆڤەکانە، تا ناتەبایی ویژدانی تاك لەتەك بڕیارەکانی کلێسە یان دورەپەرێزی ئەو تاکە لەپەرستنە بەکۆمەڵەکان، ئەمەش لەکاتێکدا کە هێشتا ئەو تاکە بەخراپەکاریەکان‌و ناپاکیەکانی ژیان ئالودە نەبووە. بۆچی ئەو دەمارگیریە توندو ئاگریناویە بۆ یەزدان‌و کلێسەو ڕزگاری ڕۆحی مرۆڤەکان کە بەبڕوای من بەئاگرو تەلاش هەڵگیرساوە، بێدەنگ‌و بێهودەیە بەرامبەر بەم گەندەڵیە ئاکاری‌و خراپەکاریانە کە بەبڕوای هەموو مرۆڤەکان بەتەواوی لەتەك وانەکانی مەسیحدا نایەتەوەو، هەموو خەمی خۆی تەرخانکردووە بۆ بەرپاکردنی مەراسیمەکان یان جێگیرکردنی ڕوانگەکانی خۆی، ڕوانگەیەك کە لەبارەی کۆمەڵێ بابەتی ووردو ئاڵۆزەوەیە کە زۆر لەسەروو تێگەیشتنی مرۆڤی ئاساییەوەیە؟ دواجار کاتێك کە داوەری‌و هەڵسەنگاندن لەسەر هۆکاری ناکۆکی نێوان گروپە دژبەیەکەکان دەکرێ ئەوەمان بۆ ڕوندەبێتەوە لەناو ئەو گروپانەی لەسەر ئەم جۆرە مەسەلانە ململانێ لەگەڵ یەکتردا دەکەن، چ گروپی دەسەڵاتداران (حاکمان) بێت یان گروپی ئەوانەی لەژێر جەورو

www.pertwk.com

ستەمدان، کامیان لەسەر حەقن‌و کامیان ناکۆکی‌و بێدینی دەخەنەوە. کەسێك کە بەوپەڕی دڵنیاییەوە پەیڕەوی لە مەسیح دەکات‌و باوەڕەکانی پەسەند دەکات‌و سەر بۆ فەرمانەکانی دادەنەوێنێت‌و، ئەگەر تەنانەت دەست لە (باوەڕەکان)ی دایك‌و باوکیشی هەڵبگرێت‌و خۆی لەئەنجومەنە مەزهەبیە گشتیەکان جیابکاتەوەو لێیان دورە پەرێزبێت‌و، لەمەراسیمی مەزهەبی وڵاتەکەیدا بەشدارینەکات‌و یان دەست لەهەموو خەڵکی‌و هەموو شتێك هەڵبگرێت، ئینجا نابێت ئەو جۆرە کەسە بە بیدعەتکارو مورتەد تاوانبار بکرێت. ئەگەرچی  دەبێت ئەو ناکۆکیانەی لەنێوان گروپە مەزهەبیەکاندا لەئارادایە بەکۆسپی بەردەم رزگاربوونی مرۆڤەکانی بزانین، بەڵام زیناو، گەندەڵی‌و، ناپاکی‌و شەریك بۆ یەزدان پەیداکردن‌و شتانێکی لەو جۆرە کە بێگومان کردەوە گەلێکی ئاژەڵین هەر بەوجۆرەن. حەواری پۆلس قەدیس[پۆلسی حەواری یان پۆلی قەدیس جولەکەو لە پەیڕەوانی رۆم بوو، ناوی شاوڵ بوو لە ئۆرشەلیم خوێندنی تەواوکرد، کەسێکی دەمارگیربوو] دەربارەی ئەم جۆرە مەسەلانە بەئاشکرا رایگەیاندووە: (کەسانێك کە ئەم کردارانە دەکەن میراتگری پاشایەتی یەزدان نین). کەواتە هەرکەس کە پاکژی‌و دڵسۆزانە ئارەزوی حاکمییەتی یەزدانی هەیەو وابیردەکاتەوە ئەرکی ئەو تەقەلادانە بۆ پەرەپێدانی ئەو حاکمیەتە لەناو مرۆڤەکاندا، لەجیاتی ئەوەی خۆی بەنابوتکردنی گروپە مەزهەبیەکانەوە خەریك بکات، دەبێت بەبێ هیچ ترس‌و تێڕامانێك خۆی بە ریشەکێشکردنی گەندەڵیەکانەوە خەریك بکات. بەڵام ئەگەر کەسێك بەپێچەوانەی ئەوەوە کاربکات‌و لەبەرامبەر ئەو کەسانەدا کە لەڕوی باوەڕەوە لەتەکیا ناکۆکن بێبەزەیی‌و رق‌وکینە دەربېڕێت، ئەوا لەناو خراپەکاری‌و هەندێ ئاکاری خراپدا نوقم دەبێت کەشایستەی ناوی کەسێکی مەسیحی نیەو، ئاشکراشە ئەو جۆرە کەسە چەندە باسی کڵێسەش بکات، بەڵام بەکردەوەکانی دەیسەلمێنێت ئامانجی حاکمیەتەکەی جۆرێکی دیکەیەو مەبەستی بەرەو پێشبردنی حاکمیەتی یەزدان نیە.



ئەگەر کەسێك بەمافی خۆی بزانێت خەڵکانی دی لەڕێگەی ئازارو ئەشکەنجەوە کە هەرچەندە لەدڵیشەوە خوازیاری رزگاربونیانە لەناوببات، تەنانەت ئەگەر ئەم روداوە لەو وڵاتانەشدا روبدات کە بەئایذی‌ی‌مەسیحی قایل نەبوون، دان بەوەدا دەنێم ئەم روداوە بۆمن زۆر مایەی سەرسوڕمانەو لەو بڕوایەدام لای خەڵکانی دی هەر بەو جۆرەبێت. بەدڵنیاییەوە هیچ کەس پێ‌ی وانیە ئەمجۆرە رەفتارە لەڕوی خێرخوازی، عیشق یان نیەتی پاکەوە سەرچاوەی گرتبێت. ئەگەر کەسێك پێ‌ی وابێت کە دەبێ مرۆڤەکان بەزەبری ئاگرو شمشێر ناچار بکرێن وەیان پێویستە لەم یان لەو عیبادەتە روکەشیە پەیڕەوی بکەن، وەیان ئەگەر کەسێك هەوڵبدات کەسانێك کە لەئیمانەکەیاندا دوچاری هەڵەبوون ناچار بکات بەوەی شتێکی دی کە باوەڕیان پێ‌ی نیە پەسەند بکەن‌و بیانخاتە سەر ئاینێکی تازەو لەهەمان کاتیشدا مۆڵەتی هەندێ کاریان بداتێ کە(کتێبی پیرۆز) بەڕەوایان نازانێت، بێگومان ئەو جۆرە کەسە تەنها بەکۆمەڵێکی قەرەباڵغ دەکات کە هەر لەمجۆرە مەسەلە روکەشیانەدا لەتەکیا هاوبەش‌و هاودڵ بن، بەڵام ئەوەی ئەو دەیەوێت بەم ئامێرانە بەڕاستی کڵێسەیەکی راستەقینەی مەسیحی دروستبکات، بەهیچ شێوەیەك جێگەی باوەڕکردن نیە، کەواتە لێرەوە هیچ مایەی سەرسوڕمان نیە کاتێك کەسانێك کە لەپێناوی پێشخستنی ئاینی هەق‌و کڵێسەی مەسیحدا هەوڵ نادەن سود لەوچەکانە وەربگرن کە مەسیحیەك سودی لێوەرناگرێت. ئەگەر ئەوان وەکو پێشەوای رزگارکەرمان(عیسای مەسیح) راستگۆیانە خوازیاری خێروخۆشی‌و بەختەوەری مرۆڤەکان بن، ئەوا دەبێت وەك ئەو هەنگاو بنێن‌و پەیڕەوی لەنمونە بەرزەکانی مژدەدەری ئاشتی(عیسای مەسیح) بکەن کە سەربازەکانی خۆی بۆ سەرکەوتن بەسەر گەلانی دیدا رەوانە کردو پاشان ئەو گەلانەی لەکڵێسەکەی خۆیدا کۆکردەوە، بەڵام ئەم کارەی لەڕێگەی شمشێرەوە یان زەبروزەنگەوە ئانجامنەدا، بەڵکو سەربازەکانی تەیاربوون بە(ئینجیل)ی ئاشتی‌و لەوتوویژو دیالۆگەکانیاندا نەزاکەت‌و ئەدەبێکی بێوێنەیان رەچاو دەکرد، ئەگەر بڕیار بوایە کافران بەزۆر باوەڕ بەمەسیح بهێنن‌و ئەگەر بڕیار بوایە ئەوانەی چاویان لە حەقیقەت

داخستووەو پێ لەسەر هەڵەکانیان دادەگرن، بەسودوەرگرتن لەسەر بازەچەکدارەکان ڕێگەی هەڵەیان لێبگرێت، ئەوا بەباشی ئەوە دەزانین کە ئەنجامدانی ئەمکارە بۆ مەسیح بەسوپا ئاسمانیەکەیەوە زۆر ئاسانتربوو تا بۆ نەوەکانی کلێسە هەرچەند کە پشت ئەستوربن بە چەندان سوپای بەهێزیش. لێکبوردنو هەڵکردن لەتەك کەسانێك کە لەڕوی ئاینیەوە لەگەڵ کەسانی دی ناکۆکیان هەیە، هێندە پشتیوانی لەلایەن(ئینجیل)ی عیسا مەسیحو ئاوەزی تەندروستی مرۆڤەوە لێدەکرێ کەلای یەك بەیەکی مرۆڤەکان هیچ شتێك لەوە سەرسوڕهێنەرتر نیە وێرای یەکجار ئاشکراییو رونیشی، هێندە کوێردڵبن نەتوانن لەزیانو کەڵکەکانی تێبگەن. نامەوێت غرورو پلەو پایەخوازی هەندێ کەس یان غەرەزە دەرونیەکانو دەمارگیرییە بێبەزەییەکانی خەڵکانی دی سەرزەنشت بکەم. ئەمانە هەندێ خەوشن بەدەگمەن رەفتارە مرۆییەکان توانیویانە بەتەواوی لەدەستیان قوتاربن. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسێك تەحەمولی ئەوە ناکات ئەو جۆرە سیفەتە خراپانەی بەئاشکرا بخرێتە ئەستۆ، مەگەر ئەوەی رەنگو بۆیەکیدرۆیان لێبداتو بەڕوکەش وای دەربخات کە ئەو سیفەتانە شیاوی پیاهەڵدانن، هەرچەندە لەڕاستیدا ئەو جۆرە کەسانە بەهۆی دەمارگیریە بێبناغەو راڕاکەیانەوە دوچاری لادان دەبن. بەهەرحال هیچ گروپێك مافی ئەوەی نیە وای دەربخات رۆحە ستەمکەرو زاڵمو بێدادە نامەسیحیەکەی بۆ پاراستنو لایەنگری لە بەختەوەری میللەت تەرخانکردووە، یان وایدەربخات چاودێریو پارێزگاری لەیاساکان دەکات. هەر بەوشێوەیە هیچ دەستەو گروپێکی دی ناتوانێت بەبیانوی ئاینەوە چاوەڕێی بەخشینی گوناهەکانو بەدرەفتاریەکانی خۆی بکات.

بەکورتی هیچ کەسێك بۆی نیە بە بەهانەی وەفاداری بۆ پاشاو گوێڕایەڵبوون لە بەرامبەریدا، وەیان بە بەهانەی دڵسۆزیو پاکژی لەهەمبەر یەزداندا، شتێك بەسەرخۆی یان ئەوانی دیکەدا بسەپێنێت.

بەبڕوای من بەر لە هەموو شت پێویستە کاروبارە گرێدراوەکان بەحکومەتی مەدەنیو، ئەو کاروبارانەی کە بەئاینەوە گرێدراوون لەیەك جیابکرێنەوەو بەتەواوەتی بواری چالاکی هەریەکێکیان بەئاشکرا



دەسنیشان بکرێت. ئەگەر ئەم جیاکردنەوەیە ئەنجامنەدرێ، ناتوانین لەلایەکەوە کۆتایی بەو مشتومڕە هەمیشەییانە بهێنین کە لەنێوان ئەو کەسانەدایە نیگەرانی بەختەوەری رۆحی مرۆڤەکانن یان لانیکەم وایدەردەخەنو، لەلایەکی ترەوە لەنێوان ئەو کەسانەی نیگەرانی پاراستنی حکومەتن. بەبڕوای من دەوڵەت کۆمەڵێك مرۆڤە کە تەنها بۆ دابینکردنو پاراستنو بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندیە مەدەنیەکانیان دروستبووە. بەرژەوەندیە مەدەنیەکانی ژیان بە ئازادی، تەندروستنیو ئاسایشو خاوەنداریێتی شتی دەرەکی وەك (پارەو زەویو خانوو کەرەستەکانی ناومالّو پێداویستیەکانی ژیان) لەقەڵەم دەدەین. ئەرکی فەرمانڕەوای (حاکمی) مەدەنیە لەڕێگەی بەڕێوەبردنی یاساگەلێکی یەکسانەوە بۆ هەموو خەڵکی بەشێوەیەکی گشتیو، بۆ هەرتاکێك کە لەژێر دەسەڵاتی ئەودان بەشێوەیەکی تایبەتی پارێزگاری لەخاوەنداریێتی رەوایان بکات لەوشتانەدا کە پەیوەندی بەژیانی دونیاییانەوە هەیە. ئەگەر کەسێك بیر لەوەبکاتەوە دەستدرێژی بکاتە سەر ئەو یاسایانەی پەیوەندی هەیە بەدادوەری کۆمەڵایەتیو یەکسانیەوە کە بەمەبەستی دابینکردنی ژیانی دونیاییو پارێزگاریکردن لێی هاتۆتە ئاراوە، پێویستە ئەو کەسە بەهەڕەشە لێکردن یان سزادان واتە بەبێشەکردن لەهەندێ بەرژەوەندیو ئیمتیازی مەدەنی رێ لەوکارەیان بگیرێت، ئیمتیازو بەرژەوەندیەك. کە دەتوانێو پێویستە لەدۆخی ئاساییدا لێیان بەهرەمەند بێت. بەڵام هیچ کەسێك بەمەیلو ئارەزوو، خۆی بەدەست هەندێ سزاوە نادات کە ئەو لەهەندێ ئیمتیازی ژیان بێبەشبکات، چ بگات بەوەی ئەو سزایانە ئازادی یان ژیانی لێزەوت بکات. لەبەر ئەوە دەبێ فەرمانڕەوایەك لەئارادابێت لەدەسەڵاتو توانای هەموو کارگێڕەکانی بەهرەمەندبێت تا بتوانێت تەواوی ئەو کەسانە سزا بدات کە دەستدرێژی دەکەنە سەر مافەکانی ئەوانیتر. کەواتە تەواوی بوارەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا، تەنها پەیوەندی بەمەسەلە مەدەنیەکانەوە هەیە، بە دەربڕینێکی دی دەسەڵاتی مەدەنی، مافی مەدەنیو حکومەتی مەدەنی هەمویان چاودێری پەرەپێدانی ئەمجۆرە مەسەلە سنوردارو تایبەتە دەکەن. قەڵەمڕەوی

www.pertwk.com

دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەهیچ شێوەیەك لەشێوەكان ناكرێو نابێت گشتگیر بكرێ بەو مەسەلانەی كە پەیوەندی بە رزگاری رۆحی مرۆڤەكانەوە هەیە. بەبڕوای من تێڕامان لەم مەسەلانەی خوارەوە بەتەواوەتی ئەوشتانەی پێشتر قسەمان لەسەركردن، دەسەلمێنێت.

یەكەم، چاودێریكردنی رۆحی مرۆڤەكان بەهیچ فەرمانڕەوایەكی مەدەنی نەسپێردراوە، چ بگات بەوەی بەكەسانی دی سپێردرابێت. بەبڕوای من یەزدان چاودێریكردنی رۆحی مرۆڤەكانی نەداوەتە دەست فەرمانڕەوای مەدەنی (civilmag istrate) لەبەر ئەوەی پێناچێت هەرگیز یەزدان ئەوجۆرە دەسەڵاتەی بەكەسێك دابێت تا بەسەر خەڵكانی تردا زاڵ بێتو ناچاریان بكات تا بەئاینەكەی قایل بن. ناكرێ ئەمجۆرە دەسەڵاتە تەنانەت ئەگەر رەزامەندی خەڵكیشی لەگەڵدابێت بەفەرمانڕەوای مەدەنی بسپێردرێ، چونكە ناكرێ هیچ كەسێك تا ئەو رادەیە لەبەرامبەر چاودێریكردنی رزگاربوونی خۆیدا كەمتەرخەم بێت تا كوێرانە خۆی بخاتە خزمەت ئەوانی ترەوە، ئیدی چ پاشا بێت یان(فەرمانبەرەكان) تا ئەوان ئەوەی بۆ دیاریبكەن كە دەبێ چ ئیمان یان عیبادەتێك پەسەندبكات. هیچ مرۆڤێك ئەگەر مەیلیشی لێبێت، ناتوانێت ئیمانی خۆی ملكەچی فەرمانی كەسانی دی بكات. هەموو ژیانو دەسەڵاتی ئاینی راستەقینە بریتیە لەئارەزوی كامڵو دەرونیو، ئیمانیش بێ بڕواهێنانی دەرونی، ئیمان نیە. تەواوی ئەو شتانەی كەبڕوامان پێهەیەو هەموو ئەو پەرستنە روكەشیانەی كە ئەنجامیان دەدەین، ئەگەر بەتەواوەتی لەزەینی خۆماندا بڕوامان پێیان نەبێت، ئیدی باوەڕو پەرستنی لەوجۆرە لەڕاستیدا دەبنە گەورەترین كۆسپ لەبەردەم رزگاربونماندا و هیچ بەهایەكی مەعنەویشیان نابێت. بەمجۆرە لەو بڕوایەدام كاركردن بەئاینێك كە دەزانین(ئەوكارانە) یەزدان پەسەندیان ناكات نەك تەنها گوناهەكانی دیكەشمان پاك ناكاتەوە، بەڵكو لەڕاستیدا قەبارەی تاوانەكانمان زیاتریش دەكات، هەندێ تاوانی وەك ریاو، دوڕوییو سەركۆنەكردنی یەزدان.

دوهەم، چاودێریكردنی رۆحی مرۆڤەكان هیچ پەیوەندیەكی بە فەرمانڕەوای مەدەنیەوە نیە، چونكە دەسەڵاتەكەی تەنها دەسەڵاتێكی



روكەشە. بەلاّم ئاینی راستەقینەو بەختەوەر ئامێز بریتیە لەهاندانی دەرونی زەین كە بێئەوە هیچ كارێك لەبەردەم قاپی یەزداندا پەسەند ناكرێت. سروشتی دەركو تێگەیشتنی مرۆڤ جۆرێكە كە ناتوانرێت لەڕێی دەسەڵاتێكی روكەشەوە ناچار بكرێ بڕوا بەشتێك بكات. دەستبەسەراگرتنی ماڵو موڵك، زیندان، ئەشكەنجەو هەندێ كاری دیكەی لەم شێوەیە، ناتوانێت هیچ كاریگەریەك لەسەر توانای دەرونی مرۆڤەكان جێبهێڵێت لەمەڕ ئەو مەسەلانەی كە خۆیان پێی گەیشتوونو باوەڕیان پێكردووە. لەوانە بگوترێت فەرمانڕەوای مەدەنی دەتوانێت بە بەكاربردنی بەڵگەو نمونە هێنانەوە كەسانی گومڕا بۆسەر رێگای راست رێنمایی بكاتو، لەم رێگەیەوە بەختەوەریان بۆ دابینبكات. ئەمە قسەیەكی راستە، بەلاّم پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگرین كەلەم مەسەلەیەدا فەرمانڕەوایی مەدەنیش لەگەڵ خەڵكانی تردا یەكسانە. بەلاّم بەدڵنیاییەوە فەرمانڕەوای مەدەنی بەكەڵكوەرگرتن لەعەقڵو بەڵگە دەتوانێت ئەو شتە ئەنجامبدات كە لەمەسەلەی فێركاریو پەروەردەو فێركردنو چاككردنەوەی هەڵەی ئەوانی تردا شایستەی هەر مرۆڤێكی چاكەكارو باشە. پلەوپایە حكومیەكان فەرمانڕەوایان ناچار ناكات دەست لەمرۆڤایەتی یان مەسیحیەتبونیان هەڵگرن، بەلاّم هاندان شتێكەو ناچاركردنیش مەسەلەیەكی ترە، پشتبەستن بە بەڵگەو نمونە شتێكەو ئەشكەنجەو سزادانیش مەسەلەیەكی ترە، تەنها دەسەڵاتی مەدەنی مافی سزادانی هەیە، بەلاّم سەبارەت بەو مەسەلانەی پشت بەنمونەو بەڵگە دەبەستن تەنها مەرجی باوەڕپێكراو (نیەتپاكی)یە. ئەركی سەرشانی هەر مرۆڤێكە كەسانیتر ئامۆژگاری بكات سەبارەت بە هەڵەكانیانو, بەپەندو ئامۆژگاریو رێنمایی كردنو بەڵگە حەقیقەتیان بۆ بسەلمێنێتو رێگای راستیان پیشانبدات. لەبەرئەوە دانانی یاسا، خواستی ملكەچكردنی كەسانی دیو، ناچاركردنیان بەزۆری شمشێركاری فەرمانڕەوای مەدەنی نیە. بەمجۆرە پێموایە دەسەلاّتی فەرمانڕەوا ناگاتە ئەو رادەیەی كە بتوانێت بە كەڵكورەگرتن لەدەسەلاّتی یاساكانی، فەرمانەكانی ئیمان یان شێوەكانی پەرستن دیاریبكات. یاسا بەبێ ئەشكەنجەو سزادان هیچ دەسەلاّتێكی نیە، وە

چونکە ئەشکەنجەو سزادان بۆ کۆنترۆڵکردنی زەیینی مرۆڤ ئامرازێکی شیاو نیە، کەواتە کەڵکوەرگرتن لەو ئامرازانە لەکاروباری ئیمان و پەرستداری بەتەواوی شتێکی بێمانایە. هەر بەوشێوەیەی کەپێشتر قسەمان لەسەرکرد، ناکرێ بەهۆی دانپیانان بەمەسەلە ئیمانی و هەروەها لاسایکردنەوەو پەیڕەویکردنی ڕۆحی مرۆڤەکان دابینبکرێت، مەگەر ئەوەی کەسانێك کەدان بەئیماندا دەنێن و ئەرکە عیبادیەکانیان ئەنجامدەدەن، باوەڕیان بەڕەوایەتی ئیمانەکەیان هەبێت تا عیبادەتەکەیان لەبەرقاپی یەزداندا پەسەند بکرێت، بەڵام بەهیچ جۆرێك ناتوانن ئەو جۆرە باوەڕە لەڕێگەی سزادانەوە بەدەستبهێنن. تەنها (نوری ئیمان)و کاریگەریەکانێتی کە دەتوانێت روانگەکانی مرۆڤ بگۆڕێت، بەڵام ئەم (نوری ئیمانە) بەهیچ جۆرێك لەڕێگەی ئەشکەنجەی جەستەیی و یان هەرجۆرە سزادانێکی تری فیزیکیەوە بەدەستنایەت.

سێهەم، پاراستن و چاودێریکردنی رزگاربوونی ڕۆحی مرۆڤەکان هیچ پەیوەندیەکی بەفەرمانڕەوای مەدەنیەوە نیە، چونکە رەنگە توندبوونی یاساکان و قودرەتی سزادانی بتوانێت زەینی تاکەکان بگۆڕێت و رازییان بکات، بەڵام بەهیچ جۆرێك ناتوانێت کۆمەکی مرۆڤەکان بکات تا ڕۆحیان رزگار بکات.

ئەگەر تەنها یەك حەقیقەت بونی هەیەو تەنها ڕێگایەکیش بەرەو بەهەشت دەڕوات، ئیدی چ ئومێدێك هەیە کە زۆربەی مرۆڤەکان بۆ بەهەشت بڕۆن، ئەگەر ڕێگەیەکیان جگە لەپەیڕەویکردن لەئاینی دەربارنەبێ و ناچاربن لەڕوی ناچاریەوە واز لە(تەشخیسی) عەقڵی خۆیان بهێنن و دژایەتی ویژدانی خۆیان بکەن و، کوێرانە خۆیان تەسلیمی خواستی فەرمانڕەواکەیان بکەن و بەئاینێك قایل بن کە نەزانی و چاوچنۆکی یان خورافەپەرستیان بەڕێکەوت لەو وڵاتەدا کەتیایدا لەدایکبوون، هێناوەتە ئاراوە. لەفرەیی باوەڕەکان و جیاوازیە ئاینیەکاندا کە فەرمانڕەوایانی جیهان، لەمەشدا وەك بەرژەوەندیە دنیاییەکانیان لەتەك یەکدیدا جیاوازن، ئەم ڕێگا باریکەی حەقیقەت تەنکتر دەبێتەوە، واتە تەنها یەك وڵاتی لەسەر حەق دەبێت، باقی خەڵکانی دونیا وەك پێویست



ملکەچی فەرمانڕەواکانی خۆیان دەبن و هەنگاو بەرەو نابوتی هەڵدەگرن. ئەمە شتێکی یەکجار ناماقوڵەو، ئەو وێناکردنەش لەسەر یەزدان کە گوایە بەدبەختی و بەختەوەری ئەبەدی مرۆڤ بەستراوە بەو شوێنەوە کەتیایدا لەدایك بووە, یەکجار ناڕەوایە.

بەبڕوای من ئەم تێبینیانە بەدەر لەکۆمەڵێ تێبینیتر سەلمێنەری بۆچونەکەی ئێمەیە، کە بەتەنها بەسن تا بەو دەرئەنجامە بگەین تەواوی دەسەڵاتی حکومەتی مەدەنی تەنها بە بەرژەوەندیە مەدەنی و مرۆییەکانەوە گرێدراوەو, ئەرکی بەتەنیا بریتیە لەپاراستن و چاودێریکردنی مەسەلە ئاینیەکان و هیچ پەیوەندیەکی بەو دنیاوە(جهان آخرت) نیە.

ئێستا بابیزانین کڵێسە چییە؟ بەبڕوای من کڵێسە کۆبونەوەی خۆبەخشانەی خەڵکانێکە کە بەپێی ڕێکەوتنی هاوبەشیان پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن تا بەوشێوەیەی کە بەبڕوای ئەوان لای یەزدان قبوڵەو کاریگەری لەسەر بەختەوەری ڕۆحیان دەبێت، پێکەوە دەستبکەن بەپەرستنی یەزدان. ووتم کڵێسە لە کۆبوونەوەیەکی ئازادو خۆبەخش پێکهاتووە. هیچ کەس لەزگماکیەوە ئەندامی هیچ کڵێسەیەك نیە. خۆ ئەگەر وابوایە ئەوسا وەك چۆن لەڕێگەی مافی میراتگرییەوە ماڵ و سامانە دنیاییەکانی دایك و باوك بۆ مناڵەکانیان دەگوێزرێتەوە, هەر بەو شێوەیەش ئاینی دایك و باوك بۆ مناڵەکانیان دەگوێزرایەوە. هیچ کەسێك بەخۆرسکی و بەشێوەیەکی زگماکی بەکڵێسە یان گروپێکی تایبەتەوە گرێنەدراوە، بەڵکو هەرکەسێك خۆبەخشانە دەچێتە ناو کۆمەڵێکەوە کە بڕوای وایە ئەو کردارو عیبادەتەی کەلای یەزدان قبوڵە، لەو کۆمەڵەدا دەدۆزێتەوە. تەنها هۆکارێك کەوا لەوکەسە دەکات بچێتە ناو کۆمەڵی ئایندارەکانەوە، ئەوەیە کە ئومێدی بەڕزگاربوون هەیە، هەروەك چۆن ئەو ئومێدەش بەتەنها هۆکاری مانەوەشێتی لەو کۆمەڵەیەدا. کەواتە ئەگەر دواتر هەڵەیەکی لە باوەڕەکان یان لەخواروخێچی شێوەی عیبادەتکردنی ئەم کۆمەڵەیەدا دۆزیەوە کە بەپێی خواستی خۆی پەیوەندی پێوەکردن، ئیدی بۆچی نابێت لەو ئازادیە بەهرەمەندبێت کە لەو کۆمەڵە جیابێتەوە یان بچێتە دەرەوە، هەروەك چۆن پێشتریش پەیوەندی پێوەکردن. ناتوانین

www.pertwk.com

هیچ ئەندامێکی کۆمەڵێکی ئاینی ناچار بە(مانەوە) بکەین مەگەر لەو حاڵەتەدا نەبێت کە بەژیانی ئەو دونیا ئومێدەواری بکەین. کەواتە کڵێسە کۆمەڵەیەکە کە لەکەسانێکی خۆبەخش پێکهاتووە کە بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو دونیا، پێکەوە گرێدراوون. ئێستا با بزانین دەسەڵاتی کڵێسە چییەو بۆ چ جۆرە یاسایەك ملکەچ دەکات؟ بەبڕوای من بەسەرنجدان بەوەی کەهیچ کۆمەڵێك هەرچەندە ئازادیش بێت یان لەهەر بارودۆخێکدا هاتبێتە ئاراوە(چ لەو فەیلەسوفانە پێکهاتبێت کە سەرقاڵی کاری فێرکردن و راهێنانن، یان ئەو بازرگانانەی کە سەرقاڵی کاری بازرگانین، یان ئەو مرۆڤە بێکارو دەوڵەمەندانەی کە خەریکی قسەوباس و مشتومڕکردنن) بەهیچ شێوەیەك نەکڵێسەو نەهیچ کۆمەڵێك ناتوانێت درێژە بەژیانی خۆی بدات و یەکپارچەیی خۆی بپارێزێت، مەگەر لەو حاڵەتەدا نەبێ کە بەهۆی هەندێ یاساوە خۆیان رێکبخەن و تەواوی ئەندامەکانی لەسەر ئەوە رێکەوون کە سیستمێك رەچاو بکەن، دەنا ئەو کۆمەڵە هەڵدەوەشێتەوەو نابوتدەبێت. دەبێ شوێن و کاتی کۆبونەوە بەپێی رێکەوتن بێت، دەبێ هەندێ یاسا بۆ وەرگرتن و دەرکردنی ئەندامەکان دابنرێت و، هەروەها دەبێ زنجیرەی پلەوپایەی لێپرسراوان دەستنیشان بکرێ و تەواوی کاروبارەکان بەشێوەیەکی رێك وپێك ئەنجامبدرێت، چونکە ناتوانین ئەمجۆرە مەسەلانە فەراموٚشبکەین. هەروەکو پێشتر رونمان کردەوە لەبەرئەوەی کە ئەندامانی کۆمەڵی کڵێسە بەتەواوی ئازادانەو خۆبەخشانە کۆدەبنەوەو بەیەکەوە پەیوەست دەبن، کەواتە وەك پێویست بەو دەرئەنجامە دەگەین کەمافی یاسادانانیش تەنها موڵکی ئەو کۆمەڵەیەیەو، یان لانیکەم مافی ئەو کەسانەیە کە ئەو کۆمەڵەیە بەپێی رێکەوتنێکی گشتی، موڵەتی یاسادانانی پێدووان(کە لەڕاستیدا هەردوکیشیان هەریەك شتن).

لەوانەیە هەندێ کەس ناڕەزایی دەربڕن کە ناکرێ ئەمجۆرە کۆمەڵە بەکڵێسەیەکی راستەقینە ناوبنرێ چونکە کڵێسەی راستەقینە(ئەسقەف) یان قەشەیەکی هەیە کە پێگەو حەقانیەتی خۆی لەپەیامبەرەوە وەرگرتووەو ئەم جێنشینیەش تا ئەمڕۆ یەك لەدوای یەك درێژەی هەیە.



من لێرەدا وەڵامی ئەم مەسەلەیە دەدەمەوە. سەرەتا لێگەڕێن با ئەوان ئەم دەستورەم پیشانبدەن کە مەسیح(بەهۆی ئەوە)وە یاسایەکی لەوجۆرەی بۆ کڵێسە داناوە. ئەگەر بڵێم دەستەواژەکانی ئەو دەستورانەی کە ئەوان پشتی پێدەبەستن یەکجار روون و ئاشکران، هیچ کەس واتێنەگات کە هەر لەخۆمەوە سەبارەت بەو دەرئەنجامە قسە دەکەم. چونکە ئەو مژدەیەی کە مەسیح پێی داوین(هەرکاتێك دوو یان سێ کەس بەناوی مەسیحەوە لەدەوری یەك کۆدەبنەوە، ئەویش لەناویاندایە) [مەتی، بەشی 18، بەندی 20] ، پێدەچێت(جیا لەوشتانەی کە ئەوان تێی گەیشتوون) دەلالەت لەشتێکی دی بکات. تکا دەکەم تێڕامێنن کەداخۆ تەواوی ئەو شتانەی پێویستن بۆ کڵێسەیەکی راستەقینە، لەمجۆرە کۆمەڵانەدا بەرچاو ناکەوێت؟ دڵنیام ئەمجۆرە کۆمەڵەیە دەبێتە هۆی رزگاربوونی رۆحەکانمان کە تەواوی ئامانج و مەبەستەکانمان لەخۆ دەگرێت.

دووەم، تێبینی بکەن تەنانەت لەناو ئەو کەسانەشدا کە پێیان لەسەر ئەوە داگرتووە کە دەبێت یاسادانەران بەپێی پلەو پایەیان یەك لەدوای یەك ببنە جێنشینی یەکدی لە کڵێسەداو جەختیان لەسەر ئەم بنەما ئیلاهیە کردووە، هەمیشە چ ناکۆکیەکی گەورە لەئارادایە. هەر ئەم ناکۆکیانەی ئەوان ئێمە ناچار بەتێڕامان و راڤەکردن دەکات و لەئاکامیشدا مافی هەڵبژاردنی ئەو شتانەی کە بەپێی بنەماکانی عەقل بە لەپێشتریان دەزانین، بەڕەوا دەژمێرێت.

سێهەم، من رازیم ئەو کەسانە هەر بەوجۆرەی خۆیان بەپێویستی دەزانن، یاسادانەرێکیان لەکڵێسەکەی خۆیاندا هەبێت کە لەڕێگەی بەشێکی زۆر لەجێنشینەکانەوە دەستنیشان کرابێت، بەمەرجێك کە هەر لەوکاتەوەی پەیوەندی بەو کۆمەڵەوە ئەگرم، (کۆمەڵەیەك کە رازیم بەوەی ئەوشتانەی کە تێیدایە بۆ بەختەوەربوون و رزگاربوونی من شتێکی پێویستن) ئازادی و مافی هەڵبژاردنم هەبێت. بەمجۆرە ئازادی مەزهەبی دابیندەکرێ و هیچ کەسێك ئەو یاسادانەرەی ناوێ کە بەسەریا دایدەسەپێنن، بەڵکو ئەو خۆی یاسادانەر هەڵدەبژێرێت.

لەو رووەوە کە هەمیشە مرۆڤەکان بەدوای کڵێسەیەکی راستەقینەوەن، من تەنها ئەو پرسیارەیان لێدەکەم کە داخۆ دروستکردنی بارودۆخێك بەمەبەستی هاودڵی و پێکەوەبوونی مرۆڤەکان لەرێی ئازادیە مەزهەبیەکانەوەو، هەروەها ئەو شتەی کە(مەسیح) لەکتێبی پیرۆزدا بەراشکاوی بەیانیکردووە کە بۆ رزگاری و لێبوردنی رۆحم پێویستە، لەتەك کڵێسەی مەسیحدا گونجاوترنیە؟ من دەپرسم و دەڵێم، داخۆ بۆ کڵێسەی مەسیح باشترنیە بواری بەشداریکردن و پێکەوەبوونی تەواوی مرۆڤەکان فەراهەم بکات؟ لەجیاتی ئەوەی مۆڵەت بدات خەڵکی بیدعەت و راڤە ئاینیەکانی خۆیان کە گوایە پشت ئەستورە بە بەڵگەی خودایی بەسەر خەڵکانی دیکەدا داسەپێنن و، لەرێگەی یاسا مەزهەبیەکانەوە، راڤەکاری و بیدعەتەکانیان بە مەسەلەیەکی تەواو پێویست بۆ وانەکانی مەسیحیەت دابنێن، ئەو راڤەو بیدعەتانەی یان(کتێبی پیرۆز) هیچ ئاماژەیەکی پێنەکردوون، وەیان حوکمێکی ئاشکرای لەبارەیانەوە دەرنەکردووە؟ ئەگەر کەسێك بەمەبەستی بەشداریکردن و وابەستەیی مەزهەبی شتێك بەپێویست بزانێ کە(مەسیح) بۆ ئەو دونیا بەگرنگی نازانێت، لەراستیدا کۆمەڵەیەك بەگوێرەی روانگەو بەرژەوەندییەکانی خۆی دروست دەکات. من تێناگەم کە چۆن دەتوانین ئەمجۆرە کڵێسەیە بەکڵێسەی مەسیحی ناوببەین لەکاتێکدا لەسەر بنەمای یاسا نامەسیحیەکان دروست بووەو کەسانێك کە مەسیح لەمەلەکووتی بالادا(بەهەشت) رێگەیان پێدەدات، لەبەشداریکردن و وابەستەبوون بەخۆیەوە بێبەشیان دەکات.

رەنگە ئێرە جێگەی ئەوە نەبێت، لەئاماژەکانی کڵێسەی راستەقینە بکۆڵینەوە، تەنها روی دەمم دەکەمە ئەوکەسانەی کە لەقولایی دڵەوە لەپێناوی خواستەکان و ئامانجەکانی کۆمەڵگاکەیاندا تێدەکۆشن و بەردەوام بەهەراو هوریاو بانگەوازی بەرزو، رەنگە هەر بەونییەتەی زیوسازانی(ئیفسوسی)[1] بۆ ئیلاهەکەیان(دیانا)[2] داوویێدادیان دەکرد، ئەوانیش هەر بەو شێوەیە شیوەن بۆ کڵێسە بگێرن. حەزدەکەم بیهێنمەوە یادتان(کتێبی پیرۆز) زۆرجار ئەوە رادەگەیەنێت کە دەبێت پەیرەوکارە



راستەقینەکانی مەسیح رەنج و ئازار بکێشن، بەلام من لەهیچ بەشێکی کتێبی ئینجیلدا نەمدیوە کە دەبێ کڵێسەی مەسیح خەڵکانی دی ئازارو ئەشکەنجە بدات و، بەزەبری ئاگرو شمشێر ناچاریان بکات تا بەئیمان و باوەڕەکەی قایل بن. ئامانجی کۆمەڵەی مەزهەبی هەر بەوشێوەیەی کەپێشتر رونکرایەوە پەرستنی بەکۆمەڵی یەزدانەو لەرێگەی ئەوەشەوە بەدەستهێنانی ژیانی نەمریە. کەواتە دەبێ تەواوی بڕیارەکانی کڵێسە عەودالی ئەو ئامانجانەبن و، تەواوی یاسا مەزهەبیەکان وابەستەو تایبەت بەو ئامانجە بکرێن، لەم کۆمەڵەیەدا هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیان بەخاوەندارێتی(مەوهیبە) دونیایی و مەدەنیەکانەوە هەیە، نابێت و ناکرێت مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی پێبکرێت. لەهیچ بارودۆخێکدا لەگۆڕەپانی ئاییندا پەنابردنە بەر زۆرو ناچارکردن بەڕاست نازانرێت، چونکە هێزی زۆردارو زۆرەملێ تەواو پەیوەستە بەفەرمانڕەوای مەدەنیەوەو، موڵکایەتی شتومەك و داراییە دونیاییەکان ملکەچی حکومەتەکەی ئەوە.

رەنگە ئەو پرسیارە بکرێت کە ئەگەر یاسا مەزهەبیەکان خاوەن ئەو دەسەلاتە ناچار کەرە نەبن, ئیدی چۆن دەتوانن(لەسەر ئاستی کۆمەڵگا)دا فەرمانڕەوایی بکەن. وەلامەکەی ئەوەیە دەبێت ئەم یاسایانە بەشێوەیەك بێتە ئاراوەو حوکمبکات کە گونجاوبێت لەتەك چییەتی ئەمجۆرە مەسەلانەدا. چونکە گەر پاراستن و رەچاوکردنی مەراسیمە ئاینیەکان لەروی باوەڕێکی بەهێزو رازیبوونی عەقڵەوە نەبێت، ئەوا هەموویان بێئاکام و بێسود دەبن. هاندان و ئافەرینکردن یان ئاگادارکردنەوەو ئامۆژگاریکردن ئامرازگەلێکن کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە ناچار بەئەنجامدانی کارەکانیان دەکەن. ئەگەر تاکی گوناهبار لەرێگەی ئەم شێوازانەوە چاکنەکرایەوەو رازینەکرا, ناکرێ هیچ کارێکیتر ئەنجامبدرێت لەوە زیاتر کە ئەمجۆرە کەسە کینەتۆزو سەرکەشانە کە هیچ تروسکایی ئومێدێك لەچاکبونەوەیان بەدیناکرێ، لەم کۆمەڵە(ئاینی)یە بکرێنە دەرەوەو دوربخرێنەوە. هەر ئەمەش زۆرترین و دوا دەسەلاتی رێبەرە مەزهەبیەکانە. لێرەوە جگە لەپچڕاندنی پەیوەندی کۆمەڵگەی کڵێسەیی بەو کەسەوە کە دورخراوەتەوە، هیچ جۆرە سزادانێکیتر لێرەدا

ناتوانرێ جێبەجێ بکرێو کەسی تاوانبار چیدی ناتوانێ ئەندامێکی ئەو کڵێسەیە بێت. ئێستا کە ئەم مەسەلانە رونکرایەوە چاکتر وایە لەقۆناغی دواتردا سەرقاڵی راڤەکردنی ئەو مەسەلەیە بین کە تاکوێ دەتوانین درێژە بەکاری لێکبوردن بدەینو، لێکبوردن تاك ناچار بە چ شتگەلێك دەکات؟

یەکەم، من لەو بڕوایەدام هیچ کڵێسەیەك ناچار نیە لەڕێگەی کردەوەی لێکبوردنەوە کەسێك لەئامێز بگرێ کە دوای ئامۆژگاریو ئاگادار کردنەوەش هێشتا هەر لەسەر دژایەتیکردنی یاساکانی کۆمەڵگا پێداگرێت. چونکە ئەم یاسایانە مەرجی هاوبەشو زامنی پاراستنی کۆمەڵگانو، ئەگەر بەبێ هەبوونی هیچ کاردانەوەیەك پێشێل بکرێن، هێندە ناخایەنێت کە کۆمەڵگا نابوتدەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە لە تەواوی ئەم مەسەلانەدا چاودێری ئەوە بکرێت تا حوکمی(تەکفیر)و جێبەجێکردنی بەقسەو بەکردەوەو، بەبێ پەنابردنە بەر توندوتیژیو زۆرە ملێ ئەنجامبدرێت. کەواتە نابێت بەهیچ جۆرێك کەسی دەرکراو لەکڵێسە زەرەرو زیانی مادیو گیانی لێبکەوێت. هەر بەوجۆرەی کە پێشتر وتمان، زۆرو ناچارکردن تەنها تایبەتن بەفەرمانڕەوای مەدەنیو هیچ کەسێکی ئاسایی نابێت لەهیچ سەردەمێکدا جیا لەوحاڵەتەی کە لەدژی زوڵمو ستەمگەری داکۆکی لەخۆی دەکات، کەڵك لەهێزو زۆر وەربگرێت. تەکفییر تاکی هەڵگەڕانەوە لە ئایین لەهیچ یەك لەبەخششو توانا مەدەنیەکانی کە پێشتر هەیبووە، نەبێبەشدەکاتو نەدەتوانێت بێبەشی بکات. ئەمجۆرە کارانە راستەوخۆ بەحکومەتی مەدەنیەوە گرێدراوەو, بەفەرمانڕەوای مەدەنی سپێردراون. هەموو هێزی(تەکفییر) لەوەدا کورتدەکرێتەوە کە لەو روەوە بەئاشکرا روانگەی کۆمەڵگەی مەزهەبیڕادەگەیەنرێت. بەمجۆرە ئەو یەکێتیە هەڵدەوەشێتەوە کە لەنێوان ئەندامانی کڵێسەو تاکەکەسی(تەکفییر) کراودا لەئارادایەو هەروەها پەیوەندیشیان نامێنێت. بەکۆتایی هاتنی ئەم یەکێتیو پەیوەندیە بەشێك لەو(ئیمتیاز)انەی کە کۆمەڵگەی مەزهەبی دەیخاتە خزمەت ئەندامەکانیەوە تا لێی بەهرەمەندبن، لەنێودەچێتو هیچ کەسێکیش مافی مەدەنی لە بەرامبەریان نابێت. ئەگەر قەشەی کڵێسەیەك لە مەراسیمی(عەشای رەبانی)[4]دا تاکی



مورتەد لەو نانو شەرابەی کەنەك بەپارەی خۆی، بەڵکو بەپارەی خەڵکانی دی کراوە بێبەشبکات، لەو حاڵەتەدا دوچاری هیچ زیانێکی مەدەنی(کۆمەڵایەتی) نابێت.

دوهەم، بەهیچ جۆرێك تاکی ئاسایی ئەو مافەی نیە کە دەرهەق بەخەڵکانی دی بەهۆی ئەوەوە کە سەر بە کڵێسە یان مەزهەبێکی دیکەن لەبەهرە مەدەنیەکانیاندا, جیاوازی دابنێت, دەبێت تەواوی مافەکانو ئەو ئیمتیازانەی کە وەك مرڤێك یان هاوولاتیەك هەیەتی, بۆی بمێنێتەوە هەروەها پارێزگاری لێبکرێت. ئەمجۆرە مەسەلانە هیچ پەیوەندیەکیان بە ئایندەوە نیەو نابێ ئەو تاکە چ مەسیحی بێت چ کافر هیچ توندوتیژیو زیانێکی بەرامبەر بکرێت. نابێت ئێمە بە پێوەرگەلێکی تەسکبینانەو نادادپەروەرانە قایل بین, بەڵکو دەبێ خێرخوازیو بەخشندەییو ئازادی هزرو کردەوەش بۆ ئەم مەسەلانە زیاد بکەین.

ئەمانە شتانێکن کە(ئینجیل) دەستور دەداتو عەقڵیش فەرمانی جێبەجێکردنیان دەداتو ئەو سۆزو میهرەبانیەی کە بە شێوەیەکی خۆڕسکی پێمان بەخشراوە ناچارمان دەکات کە پابەندبوونی خۆمان لە بەرامبەریاندا دەربڕین. ئەگەر کەسێك لەڕێی راستی لابدات, ئەم بەدبەختیە خۆی دەگرێتەوەو هیچ زیانێك بە ئێوە ناگەیەنێت, کەواتە نابێت ئەو کەسە لەسەر ئەو مەسەلانە سزا بدرێت کە بەم دنیایەوە گرێدراوە, چونکە بەپێی بڕوای ئێوە لەو دونیا چارە ڕەش دەبێت. ئەو شتەی کە من دەربارەی لێبکوردنی بەرابەری خەڵکانی ئاسایی کە لەڕوی مەزهەبیەوە لەگەڵ یەکدی جیاوازن دەیخەنەڕوو, بۆ کڵێسەی گروپە جۆراوجۆرەکانیش راستی لەخۆ دەگرێت, وەك ئەوەی ئەو پەیوەندیەی کە کڵێسە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدیدا هەیانە, وەك ئەو پەیوەندیە وایە کە خەڵکی ئاسایی لەگەڵ یەکتردا دەیبەستن. هیچ کڵێسەیەك مافی ئەوەی نیە کە دەسەلاتی خۆی بەسەر ئەوی دیدا بسەپێنێت, تەنانەت کاتێکیش کە بەڕێکەوت فەرمانڕەوای مەدەنی ببێت بە ئەندامی فلان یان فیسار کڵێسە, چونکە هیچ یەکێك لە حکومەتی مەدەنی یان کڵێسە ناتوانن مافێکی نوێ بە یەکدی ببەخشن. کەواتە فەرمانڕەوای مەدەنی چ ئەندامی کڵێسە بێ

یان نەبێت، کڵێسە هەر هەمان کۆمەڵگەی ئازاد دەبێت کەپێشتر بووە. کڵێسە بە هۆی بە ئەندامبوونو وابەستەبوونی فەرمانڕەوای مەدەنیەوە، نە مافی کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی شمشێری هەیەو، نە بە وازهێنانی فەرمانڕەواش لە ئەندامێتی، مافی ڕێنمایکردنو(تەکفیر) لە دەستدەدات. ئەوە مافی پێویستو نەگۆڕی هەر کۆمەڵگەیەکی خودموختارە(ئازاد)ە کە بتوانێت هەر ئەندامێکی دەربکات کە لە دەستورەکانی ئەو دەزگایە سەرپێچی دەکا. بەڵام کڵێسە ناتوانێ لە ڕێگەی ئەندامێتی ئەندامانی تازەوە(بۆ نموونە فەرمانڕەوای مەدەنی) هیچ مافێك بۆ بەکارهێنانی زۆر بەسەر کەسانێکدا بەدەستبهێنێ کە نەبوون بە ئەندامی، کەواتە دەبێ ئاشتی، دادپەروەریو دۆستیو دلۆڤانی، هەمیشە بە شێوەیەکی یەکسان لەلایەن کڵێسەی گروپە جۆراوجۆرەکانەوە چاودێری بکرێت، هەر بەو شێوەیەی کە لەلایەن کەسانێکی ئاساییەوە بەبێ هیچ لاف لێدانێکی باڵاتری، یان بەکاربردنی زۆرەملێ بەسەر کەسێکی تردا، ڕەچاو دەکرێت.

دەتوانین ئەم مەسەلەیە بەهۆی نموونەیەکی ترەوە زیاتر روونبکەینەوە. هەردوو کڵێسەی(ئەرمەنیەکان)و (کاڵڤینستەکان)ی شاری(قسطنطنیە) لەبەرچاوبگرن، ئایا کەس هەیە بڵێ هەر بەو جۆرەی لە جێگەی دی ئەنجامدەردێ کە هەریەك لەم دوو کڵێسەیە مافی ئەوەیان هەیە کە ئەندامانی کڵێسەکەی دی لە داراییو ئازادیەکانی بێبەش بکات، بەهۆی ئەوەی کە لە هەندێ باوەڕ یان مەراسیمی عیبادیدا لەگەڵ یەکتردا جیاوازیان هەیە، لەکاتێکدا کە تورکەکان(عوسمانیەکان) لەم نێوانەدا بێدەنگو ئارام ڕۆڵی تەماشاکەر دەگێڕنو لەبەرامبەر ئەو ستەمە نامرۆڤانانەی کە مەسیحیەکان لە دژی یەکتر ئەنجامی دەدەن، ئەدەنە قاقای پێکەنین. ئەگەر یەکێك لەم کڵێسانە توانا یان دەسەڵاتی چاککردنەوەی هەڵەکانی ئەوی دی هەبێت، پرسیارەکەم ئەوەیە کە کامیان ئەو تواناو دەسەڵاتەی هەیەو، بە چ حەقێك ئەو دەسەڵاتەیان پێدراوە؟ بێگومان وەڵام ئەوە دەبێت کە کڵێسەی(ڕاست ئەندێش)و باوەڕ دروست، حەقی ئەوەی هەیە کە دەسەڵاتی خۆی بەسەر کڵێسەی(خراپ ئەندێش)و لادەر لە ئاین داسەپێنێت.



بە هیچ جۆرێك ئەم قسە زلو بەڕوکەش جوانانە مانایەکی پڕاوپڕ لەخۆناگرن، چونکە هەر کڵێسەیەك لە ڕوانگەی خۆیەوە(ڕاست ئەندێش)و لەسەر حەقەو لە ڕوانگەی ئەوی ترەوە بە گوناهبارو بێباوەڕ دادەنرێت. هەر کڵێسەیەك هەر ئەو شتەی کە بڕوای پێ‌ی هەیەو بەڕەوای دەزانێتو بە پێچەوانەوە ئەو شتانەی کە دژیین ڕەتیاندەکاتەوە. کەواتە لەو مشومڕانەی کە لە نێوان ئەو دوو کڵێسەیەدا سەبارەت بە حەقانیەتی باوەڕو ڕاستبوونی عیبادەتەکانیان روودەدات، هەریەك لەو دوو لایەنە بەیەك ئەندازە خۆی بەحەق دەزانێت، نە لە(قوسطنطین)ەو نە لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانەدا داوەرێك نادۆزینەوە کە بە هۆی حوکمی ئەوەوە بتوانین ئەم مەسەلەیە یەکلابکەینەوە. چونکە داوەریکردن لەسەر ئەم مەسەلەیە تەنها بە دوا داوەری تەواوی خەڵکیو، تەنها هەر ئەوە کە دەتوانێت سزای گوناهباران بدات. لێگەڕێن کە نادادپەروەریان ئەگەر نەڵێین بۆ گوناهەکانیان ئەوا دەبێ بڵێین بۆ غرورو خۆبەزلزانیان زیادکردووەو ملهوڕانەو لوتبەرزانە بەدرەفتاری لەگەڵ کڵێسەکانی تردا دەکەن، لە کاتێکدا هەرگیز لەبەردەم یەزداندا بەرپرسیار نین لە ڕەفتاری کەسانی دی.

نەخێر، ئەگەر بۆشمان دەربکەوێت کە کام یەك لەم دوو گروپە مەزهەبیە لەسەر حەقن، دیسان لەم حاڵەتەیشدا کڵێسەی(ڕاست ئەندێش)و باوەڕ دروست، ئەو مافەی پێنادرێت کە کڵێسەکەی دی نابود بکات. نە کڵێسەکان لە کاروبارە دونیاییەکاندا مافی داوەریکردنیان هەیەو، نە ئاگرو شمشێریش بە ئامرازگەلێکی شیاو بە مەبەستی ڕازیکردنی زەینی خەڵکی بۆ خۆلادان لە هەڵەو ئاگاییو هۆشیاری ئەوان لەمەڕ حەقیقەت دادەنرێت. ئێستا گریمان کە فەرمانڕەوای مەدەنی دەیەوێت لایەنگری لە لایەکیان بکاتو شمشێرەکەی بخاتە خزمەتیانەوە تا بە هۆی پشتیوانی ئەوەوە بتوانن بەهەر شێوەیەك کە دەیانەوێت نەیارەکانی باوەڕەکەیان تەفروتونا بکەن، ئایا کەسێك دەتوانێت بڵێ کە کڵێسەیەکی مەسیحی دەتوانێت ئەو مافە لە پاشای عوسمانی وەربگرێت تا ململانێو دژایەتی برا ئایینیەکانی خۆی بکات؟ ئەو کافرەی کە خۆی لە

هیچ مەسەلەیەك لە مەسەلە ئیمانیەكاندا دەسەڵاتی سزادانی مەسیحیەكانی نیە, ناتوانێت دەسەڵاتێكی لەوجۆرە بە هیچ گروپێك لە مەسیحیەكان ببەخشێت. دۆخی(قوسطنطنیە) بەمجۆرە بووەو, هەر ئەم بەڵگەیە بۆ تەواوی قەڵەمڕەوی مەسیحیەكانیش راستە. دەسەڵاتی مەدەنی لە هەموو جێگایەكدا یەكسانە, كاتێكیش كە ئەم دەسەڵاتە لەژێر سایەی پاشای مەسیحیدا بێت لە توانایدا نیە مافێكی زیاتر بە كڵێسە ببەخشێت, چ بگات بەوەی كە ئەم دەسەڵاتە لە ئیختیاری كافرەكاندا بێت, ئەو كافرانەی كە هیچ كاتێك كەس پێی وانەبوو كە بتوانن مافێكی زیاتر بە كڵێسە ببەخشن.

بەڵام جێی تێڕامانو داخە كە ئەو كەسانەی سەر سەختانە داكۆكی لە حەقیقەت دەكەنو خەڵك لە خراپە دور دەخەنەوەو ناڕەزایی لەبەرامبەر ناكۆكیە مەزهەبیەكاندا دەردەبڕن, ئەگەر فەرمانڕەوای مەدەنی پشتیوانیان نەكات, بە دەگمەن لە پێناوی یەزداندا تێدەكۆشنو پەژارەو دڵەخورپێ دایاندەگرێ, وە هەر كە لەلایەن دەربارەوە شانسێكی زۆریان لە پلەوپایە دونیاییەكان پێبەخشرا, هەست بەوە دەكەن كە لە خەڵكی بەهێزترنو بە خێرایی ئاشتیو خێرخوازی لە بیردەكەن. ئەم خەڵكانە لەو حاڵەتەدا تەنها دەتوانن دینداری خۆیان بپارێزن, كە ئەگەر بارودۆخێكی لەو چەشنەیان بۆ نەیەتە پێشەوە, ئەمانە هەر كاتێك دەسەڵاتی بەكاربردنی ئەشكەنجەكردنیان نەبوایەو لە ریزی خاوەن دەسەڵاتەكاندا نەبونایە, حەزیان دەكرد لەسەر بنەمای پەیوەندیەكی دادپەروەرانە ژیان بەسەربەرنو خەڵكانی دیكەش بۆ لێكبوردن هانبدەن. كاتێك ئەمانە لە پشتیوانی دەسەڵاتی مەدەنی بێبەشدەبن, دەتوانن بەوپەڕی هێمنیو پشودرێژییەوە پەتای بتپەرستیو گروپپەرستیو خوانەناسی هاوسێكانیان تەحەمول بكەن. بەڵام لەبارودۆخێكی گونجاوو(باشدا[5]) بەرژەوەندیە ئاینیەكان(بەرژەوەندیە ئاینیەكان بە قسەی ئەوان) هانیاندەدات كە دەربارەی ئەم مەسەلەیە بە توندی ناڕەحەتو نیگەران بن. ئەوان ئەو بوێریەیان نەبوو كە هێرش بكەنە سەر ئەو تاوانانەی كە لە ناو دەرباردا بەرچاو دەكەوت, یان لەلایەن حكومەتەوە پەرەی پێدەدراو



حەزیان دەكرد لەمجۆرە مەسەلانەدا لە ئاماژەو بەڵگەكانیان چاوپۆشی بكەن. ئەگەر بەڵگە تەنها شێوەی دروست بێت بۆ پەرەپێدانی حەقیقەتو, ئەوانیش لە ئەنجامدانی خۆبپارێزن, وە ئەگەر بەڵگەی بەهێزو دیالۆگی باش لەتەك زمانلوسیو دابو نەریتو دەستكەوتی باشدا یەكانگیربن, ئیدی رێگایەك بۆ پەرەپێدانی حەقیقەت نامێنێتەوە.

بە كورتی نەتاكەكان, نەكڵێساكانو تەنانەت دەوڵەتیش بە بیانوی ئاینەوە مافی ئەوەیان نیە دەستدرێژی لە مافەمەدەنیەكانو بەخششە دونیایەكانی خەڵكانی دی بكەن. كەسانێك كە روانگەیەكی دیكەیان هەیە ئەگەر تێبفكرن, بۆیان دەردەكەوێت كە چاندنی تۆوی دوبەرەكیو شەڕ تا چ ئەندازەیەك زیان دەخاتەوەو دوژمنایەتیە بێپایانو تالآنكردنو كوشتارەكانیش كە لەم رێگایەوە بە دیاری بۆ مرۆڤایەتی دەهێنن, چەند روخێنەرو ترسناكن. تائەم باوەڕە لە كۆمەڵگادا زاڵ بێت كە حكومەت بەخششێكی ئیلاهیەو دەبێ ئاینیش بەزەبری شمشێر پەرەبسێنێت, هیچ ئاشتیو ئاسایشێكو هیچ دۆستایەتیو هاریكاریەكی هەمەكی لە نێوان مرۆڤەكاندا دروست نابێو بەردەوام نابێت.

سێهەم, سەرنجبدەن كە كرداری لێكبوردن چ شتانێك لەو كەسانە داوادەكات كە بەهۆی هەندێ تایبەتمەندیو پلەو پایەی مەزهەبیەوە خۆیان بە جیاوازو بەرجەستە لەهەمبەر خەڵكانی دیدا, واتە خەڵكانی رەمەكیدا لە قەڵەم دەدەن, واژەی رەمەكی كە ئەوان [خاوەن پلەو پایە مەزهەبیەكان] حەزیان لێیە بەو ناوەوە بانگمان بكەن. بەهەر حاڵ, هیچ گرنگ نیە كە ئەو كەسە بەرجەستانە قەشەی كاسۆلیك, ئەسقەف, قەشەی پرۆتستانت رێبەری مەزهەبی یان هەر كەسێكی دی بن, چونكە هەر بە كەسانێكی بەڕێزو بەرجەستە دەناسرێن. من لەم باسەدا, لێكۆڵینەوە لە بارەی سەرچاوەی دەسەڵات یان پلەو پایەی رۆحیانیەكان ناكەم, بەڵكو دەڵێم كە هەر چەندەش دەسەڵاتی رۆحانیەكانی كڵێسەزیاد بكات بە هۆی ئەوەی كە دەسەڵاتێكی مەزهەبیە, حەتمەن دەبێ بە قەڵەمڕەوی كڵێسەوە وابەستە بێو نابێ بە هیچ جۆرێك خۆ لە مەسەلە مەدەنیەكان هەڵقورتێنێت, چونكە كڵێسە لە بنەڕەتدا لە دەوڵەت جودایەو سنورەكانی

www.pertwk.com

نێوانیشیان(واتە دەوڵەتو کڵێسە) جێگیرو نەگۆڕە. یەزدان, ئاسمانو زەوی پێکەوە دەسوڕێنێتەوەو بونەوەرە خراپو دژ بە یەکەکانیش لە پاڵ یەکدا پەروەردە دەکات, یەزدان دەتوانێت ئەم کۆمەڵانە پێکەوە گرێبدات, کۆمەڵانێك کە لە ژیاندا لە باوەڕو ئامانجداو تا ڕادەیەك لە تەواوی کاروبارەکانیاندا لە تەك یەکتردا جیاوازیان هەیە. هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بەهەر پلەو پایەی کڵێسەیەکەوە کە بەهۆی ئەوەوە بەو پلەو پایەیە گەیشتووە, مرۆڤێکی دی کە ئەندامی کڵێسەکەی ئەو نیە یان هاو باوەڕی نیە, بەهۆی ئەو ناکۆکیە مەزهەبیانەوە کە لە نێوانیاندا هەیە, لە ئازادی یان بەشێك لە بەخششە دونیاییەکان بێبەشبکات. ناکرێ ئەو شتەی کە بۆ تەواوی کڵێسەکان حەرامو قەدەغەکراوە لە ڕێگەی حەقی کڵێسەییەوە بۆ هیچ کەسێك لە ئەندامانی ئەو کڵێسەیە بەڕەواو حەڵاڵ بزانرێت.

بەڵام ئەمە هەموو مەسەلە کە نیە. هێندە بەس نیە کە ڕێبەرانی مەزهەبی خۆیان لە ئەنجامدانی توندو تیژیو قەڵاچۆکردنو هەموو جۆرەکانی ئازارو ئەشکەنجە بپارێزن. ئەوکەسەی لافی جێنشینی حەوارییەکان لێدەداو فێرکردنو ڕاهێنانی خەڵکی بە پەیامی خۆی دەزانێت, ئەرکی سەرشانێتی کە لایەنگرەکانی خۆی بۆ چاودێریکردنی ئاشتیو خێرخوازی لە بەرامبەر تەواوی مرۆڤەکاندا بانگێشت بکات, چ ئەم مرۆڤانە گومڕابن یان لەسەر ڕێی ڕاستبن, وە یان لە باوەڕو ڕێگەی عیبادەتدا چونیەکبن یان ناکۆکیان لە تەك یەکتردا هەبێت ئەگەر حاڵەتێك لە خێرخوازیو دلۆڤانی لە کڵێسەکەیدا لە ئارادابێت, دەبێ ئەو بە شێوەیەکی بەخشندە تەواوی مرۆڤەکان چ لە ریزی دەسەڵاتداراندا بن یان خەڵکانی ئاسایی بۆ خێرخوازیو دلۆڤانیو لێکبوردن هانبداتو, بە شێوەیەکی جدی هەوڵبدات تەواوی ئەو قەیرانو دوژمنایەتیە ناماقوڵانەی کە یان بە هۆی دەمارگیری زێدەڕۆی خەڵکی لەهەمبەر گروپەکەی خۆیاندا, وە یان بە هۆی پیلانو بوختانی ئەوانی ترەوە سەریان هەڵداوە, هێور بکاتەوەو هەموواریانکاتەوە. من نامەوێ ئەوە ڕوونبکەمەوە کە ئەگەر(واعیزان)و خەتیبی مینبەرەکان لە هەموو جێگایەکدا لە تەك تیۆری لێکبوردنو ئاشتیکردندا هاودەنگ بن, قازانجەکەشی چ بۆ کڵێسەو چ بۆ



دەوڵەت یەکجار گەورەو دڵخۆشکەر دەبێ, وا تێنەگەن کە دەمەوێت سوکایەتی بەو مرۆڤە گەورانە بکەم, نامەوێ لە پلەو پایەی ئەوان کەمبکەمەوەو نابێ خۆیان یان کەسێکی دیکەش لەو پلەو پایەیە کەمبکاتەوە, بەڵکو بە بڕوای من دەبێ ئەو شتانە بپارێزن. کەسێك خۆی بە مزگێنیدەرو ڕاگەیەنەری وشەی یەزدانو ئینجیل دەزانێ, ئەگەر شتێك جیا لەم وانە ئاینیانە ڕابگەیەنێت یان لە ئەرکە ئیلاهیەکە خۆی نەگەیشتووە, یان بەرامبەر ئەنجامدانی ئەرکەکەی کەمتەرخەمی دەکاتو دەبێت ڕۆژێك لە بەرامبەر(عیسای مەسیح)دا بەرپرسیارێتی ئەو شتانە لە ئەستۆ بگرێت, ئەگەر تەنانەت تەواوی مەسیحیەکان پاش ئازارگەلێکی دوبارەو زیانگەلێکی زۆر ئاگادار بکرێنەوە کە دەبێت دەست لە تەواوی شێوازە کینە ئامێزەکانیان هەڵبگرن, یەکەمجار دەبێ ئەوانەی کە هیچ زەرەرو زیانێکیان لێنەکەوتووە, خۆیان لە بەکاربردنی زۆرو کاری توندو تیژی بپارێزنو, خۆیان لە بەکارهێنانی ڕەفتاری نەشیاو لە بەرامبەر کەسانێکدا کە هیچ زەرەرو زیانێکیان بە هۆی ئەوانەوە لێنەکەوتووە, بپارێزن. بە دڵنیاییەوە دەبێ ئەوان ئەو هۆشیاریو میانڕەوییەیان سەبارەت بە کەسانێك بەکارببەن, کە تەنها سەر قاڵی کاروبارەکانی خۆیاننو جگە لە خۆتەرخانکردن بەو کارانەیانەوە هیچ خولیایەکی تریان نیە. ئەم کەسانە سەرەڕای هەر ئەندێشەیەك کە ئەوانی دی هەیانە بەرامبەریان, دەتوانن بەهەر شێوەیەك کە پێیان وایە یەزدان پەسەندیدەکات, عیبادەت بکەنو لە ڕێگەی ئەو عیبادەتەوە ئومێدێکی زۆر بە بەختەوەری ئەبەدی بە دەستبهێنن. هەر تاکێك دەتوانێ لە ژیانی تایبەتی خۆیدا لە بەڕێوەبردنی مۆڵكوماڵو هەروەها پاراستنی سەلامەتی جەستەیدا ئەو شتانە لەبەرچاو بگرێت کە بۆ ئاسودەییو ئاسایشی ژیانی بە پێویست دادەنرێنو ڕێگایەك بگرێتەبەر کە بە باشترین ڕێگای دەزانێت. هیچ کەسێك نارەزایی لەبەرامبەر خراپ بەڕێوەبردنی کاروباری ژیانی دراوسێکەی دەرنابڕێ. هیچ کەسێك لەبەرامبەر ئەو کەسەدا کە زەویەکەی دەکێڵێت یان کە لە بە شودانی کچەکەیدا دوچاری هەڵەبووە, توڕە نابێت. هیچ کەسێك ئەو مرۆڤە دەستبڵاوە ئاگادار ناکاتەوە کە لە مەیخانەکاندا

پارەكانی بە فیڕۆ دەدات. هەموو كەسێك ئەو مۆڵەتەی هەیە كە خەریكی كاری ئاوەدانكردنەوە یان وێران كردن بێت, یان حەزی لە چاپە بیكرێت‌و, هیچ كەسێك بچوكترین ناڕەزایی لەبەرامبەریا دەرنابڕێت, ئەو ئازادەو هیچ كەسێكیش چاودێری ناكات. بەڵام ئەگەر كەسێك بە بەردەوامی هاتوچۆی كڵێسە نەكات‌و بە تەواوەتی ڕەفتاری لەتەك ئەو ڕێ‌و ڕەسمە عیبادیانەی كە باون نەگونجێنێت, وەیان ئەگەر منداڵەكانی لەژێر سایەی ئەم حاكمییەت‌و دەسەڵاتی ڕۆحانی یان ئەو ڕێكخراوو گروپی مەزهەبییدا دانەنێت, بە تەواوی ئەم مەسەلەیە هەراو هوریای لێدەبێتەوەو تەواوی ئەو شوێنەی كە ژیانی تیا بەسەر دەبەن, دەگرێتەوە. هەموو كەسێك مۆڵەت بەخۆی دەدات كە تۆڵەی ئەم تاوانە گەورەیە بكاتەوەو تا ئەو كاتەش كە ئەم قسەو باس‌و پڕوپاگەندانە بەرگوێ بكەون, بەدەگمەن خەڵكانی دەمارگیر توانایان دەبێ كە خۆیان لە توندوتیژی‌و تاڵانكردن بپارێزن‌و, ئەم مرۆڤە داماوە وەك شێوەی باو مەحكومە بە لە دەستدانی ئازادی, ژیان‌و مۆڵك‌و داراییەكانی.

بە داخەوە كە لە هەموو گروپەكاندا خەتیبە مەزهەبییەكانمان بە تەواوی قودرەتی بەڵگەكانیانەوە خۆیان بۆ ئەوە تەرخانكردووە كە بتوانن گوناهەكانی خەڵكی بسڕنەوە, بەڵام لە هەمانكاتدا گوناهەكانی خۆیان فەرامۆشكردووە. نابێ ئەوان كەموكوڕی بەڵگەكانیان بە هۆی ئامرازی زۆرەوە قەرەبوو بكەنەوە, چونكە ئەم ئامرازە پەیوەندی بە قەڵەمڕەوێكی دیكەوە هەیەو نابێت دەستانی پیاوانی یەزدانیش بە خراپەكاری‌و شتە قێزەونەكانەوە ئالودەبكەن, نابێت ئەوان چاوەڕێ‌ی ئەوە بن لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا تا بە هۆی وتارو فێركاریەكانەوە كۆمەك یان یارمەتیان بدات. ڕەنگە ئەوان لافی ئەوە لێبدەن كە لە حەقیقەت زیاتر عیشقی شتێكی دیكە نین, بەڵام دەمارگیری زێدەڕەوانەیان كە تەنها پشتئەستورە بە ئاگرو شمشێر پلەو پایەخوازییان ئاشكرا دەكات‌و, هەروەها دەریدەخات كە ئەو شتەی ئەوان داوای دەكەن حكومەتی دونیاییە. چونكە گەلەك سەختە كە خەڵكانی عاقڵ بڕوا بكەن ئەو كەسەی كە بەچاوی بێبەزەییەوە(لە دڵرەقی)و بە خواستی خۆی براكەی بە جەللاد دەسپێرێ تا هەر



بەزیندوێتی بیسوتێنن, ئەم كارەی دڵسۆزانەو ڕاستگۆیانە ئەنجام دەدا ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی كە براكەی لە قیامەتدا لە ئاگری دۆزەخ ڕزگار بكات.

سێهەم, با ئێستا لە ئەركی فەرمانڕەوا لە بارەی(لێكبوردن) بكۆڵینەوە كە لە ڕاستیدا بابەتێكە قابیلی تێڕامانە. پێشتر بەڵگەمان هێنایەوە كە چاودێریكردنی ڕۆحی مرۆڤەكان پەیوەندی بە فەرمانڕەوای مەدەنییەوە نیە, واتە هیچ پەیوەندیەكی بەچاودێریكردنی(ئامرانە)و دەوڵەتییەوە نیە(گەر ڕێمان هەبێت وا ناوی ببەین), چاودێركردنی(ئامرانە) كە لە ڕێگەی یاساكانەوە بابەتێك بەڕەوا دەزانێت, وە یان بە هۆی سزادان‌و سەرزەنشتكردنەوە شتێك دادەسەپێنێت, بەڵام چاودێركردنی خێرخوازانە شتێكە كە بریتیە لە فێركاری‌و ئاگادار كردنەوەو هاندانی خەڵكی كە هیچ كەس نكوڵی لەو ئەركە ناكات. چاودێریكردنی ڕۆحی هەر تاكێك مەسەلەیە كە پەیوەندی بە خودی تاكەوە هەیەو, دەبێت ئەم مەسەلەیە بە خودی ئەو تاكە بسپێردرێت. بەڵام ئەگەر ئەو تاكە كەمتەرخەمی لە چاودێریكردنی ڕۆحی خۆیدا بكات, چی؟ وەڵامەكەم ئەوەیە كە ئەگەر ئەو لە پاراستنی تەندروستی یان لە داراییەكانیدا كەمتەرخەمی بكات, چی؟ ئەم دوو مەسەلەیە كامیان زیاتر بە حكومەتی مەدەنییەوە گرێدراوون؟ ئایا فەرمانڕەوای مەدەنی دەتوانێ بە هۆی یاسایەكی جەزمی‌و ناچاركردنەوە ئەو شتە فەراهەمبكات كە نابێ كەسێك هەژار یان نەخۆش بێت؟ تا ئەو جێیەی كە شیاو بێت, یان یاساكان هەلومەرجێك فەراهەمدەكەن كە بە خششە دونیاییەكان‌و سەلامەتی خەڵكانی ژێر سایەی حكومەت لە ڕێ‌ی پیلان‌و توندوتیژی خەڵكانی دیەوە لەكەدار نەبێت. یاساكان زامنكەری پاراستنی ئەو كەسانە نین كە كەمتەرخەمن یان بە شێوەیەكی خراپ ماڵ‌و داراییان بە كاردەهێنن. ناكرێ هیچ مرۆڤێك چ بیەوێت یان نەیەوێت ناچاربكرێت كە دەوڵەمەند یان لەش ساغ بێت. نەخێر خودی یەزدانیش بە پێچەوانەی ئیرادەی مرۆڤەكانەوە, ئەوانە ڕزگار ناكات. گریمان هەندێ لە پاشاكان وا حەزبكەن كە كەسانی ژێر دەسەڵاتیان ناچار بە پاراستنی سەلامەتی‌و بەهێزكردنی جەستەیان بكەن. ئایا ئەمجۆرە داواكاریە لە

ڕێی یاساوە جێبەجێدەکرێ, بەو مانایەی کە ئەوان بڕیار بدەن کە خەڵکی جگە لە دکتۆرە ڕۆمیەکان بۆ لای هیچ دکتۆرێکی دی نەچن؟ وە ئایا هەموو خەڵکی ناچارن کە بەپێی دەستوری ئەوان بژین؟

بۆچی نابێ هیچ دەرمانو خواردنێك بخورێت تەنها, ئەوانە نەبێت کە لە چێشتخانەکەی(ڤاتیکان) یان فرۆشگاکانی(جنێف)دا دروستدەکرێت؟ ئایا دەبێ بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا, تەواوی ئەوان لە ڕێگەی یاساوە ناچار بکرێن کە بازرگان یان مۆسیقازان دەربچن؟ ئایا هەموویان وردەواڵە فرۆش یان ئاسنگەر دەربچن؟ چونکە ئەوان کەسانێکن کە بەهۆی ئەم پیشانەوە خۆشگوزەرانیان بۆ بنەماڵەکانیان فەراهەم کردووەو, سامانێکی زۆریشیان بە دەستهێناوە. ڕەنگە وا وەڵام بدرێتەوە کە هەزاران ڕێگە بۆ دەوڵەمەندبوون هەیە, بەڵام تەنها یەك ڕێگە بەرەو بەهەشت دەڕوات. بە دڵنیاییەوە ئەمە وەڵامێکی گونجاوە بە تایبەت بۆ کەسانێك کە دەیانەوێ خەڵکی ناچار بکەن بەم ڕێگە یان ئەو ڕێگەیەدا بڕۆن, چونکە ئەگەر هەندێ ڕێگای جۆوراوجۆر هەبێت کە خەڵکی بەرەو بەهەشت ببات, ئیدی هیچ بیانویەك بۆ ناچارکردنی ئەوانی دی نامێنێت. ئێستا ئەگەر من بە تەواوی توانامەوە بە ڕێگایەکدا هەنگاو هەڵگرم کە بەپێی وانەکانی جوگرافیای پیرۆز, ڕاستەوخۆ بە(بيت المقدس) کۆتایی دێت, ئیدی بۆچی لە بەردەم ناوو ناتۆرەی ئەوانی دیکەدا قەرار بگرم؟ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە پۆستاڵی جەنگم لە پێنەکردووە, یان لەبەر ئەوە بێت کە وەك شێوەی باوی کۆمەڵگا قژم کورت ناکەمەوە یان لەبەر ئەوەی کە پەیڕەوی لە ڕەوشو نەریتی باوی ئەوانی دی ناکەم, یان لەبەر ئەوەی لە شەقامە گشتیەکاندا گۆشت یان تەواوی ئەو شتانەم خواردووە کە حەزم لێی بووە, یان بەو ڕێگا هەڵانەی کە پێم وایە ئەمخاتە سەر کوێرە ڕێگایەك یان دوچاری هەڵخلیسکانم دەکەن, خۆم بە دوور گرتووە, یان بە پێچەوانەی ئەو ڕێگا جۆراوجۆرانەوە کە دەچنە سەر شاڕێگایەك, بە ڕێگایەکدا دەڕۆم کە بە بڕوای من پاکترینو ڕاستترین ڕێگایە, یان لەبەر ئەوەی لە هاوڕێیەتی لەتەك ئەو هاو گەشتیارانەی کە دەمارگیرترو روگرژترن لەوەی کە دەبێت بن, خۆم بە دوور دەگرمو لە کۆتاییدا ڕەنگە



هەر لەبەر ئەوە بێت کە پەیڕەوی لە ڕێبەرێك دەکەم کە تاجی(ئەسقەف)ی دەنێتە سەرو جلی سپی دەپۆشێت, یان(نەخێر) پەیڕەوی لە ڕێبەرێك دەکەم کە بەو شێوەیە دەرناکەوێت. دڵنیام, ئەگەر باش بیربکەینەوە بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی ئەم مەسەلانە پوچو بێبایەخن, بەجۆرێك ئەگەر بێ دەمارگیری ئاینیو وەسوەسەی ڕزگارکردنی ڕۆحی مرۆڤەکان بنو, یان نەبنە هاودەمی خورافاتو فڕوفێڵ, ئەوا دەبێ دوبارە چاوی پیابخشێنینەوە یان دەبێت بە تەواوی بسڕێنەوەو لابرێن. بە بڕوای من هەر ئەمجۆرە شتانەن کە لە نێوان برایانی مەسیحیدا دوژمنایەتیەکی بە هێز دەخەنەوە, ئەو برامەسیحیانەی کە لە ڕاستیدا هەموویان لەبەشە بنەڕەتیو بنەماییەکانی ئایندا بە هاودڵو هاوبڕوای یەکدی دادەنرێن.

وەرن با لە تەك ئەم مرۆڤە دەمارگیرانە ڕێکبکەوین کە هەر شتێکی ناسازگار بە پێودانگی خۆیان تاوانبار دەکەنو لەم بارودۆخەشدا(ئەوەی کە هەر کەس بەپێی ئیختیارو دڵی خۆی کار بکات) بەدەستبهێنین؟ تەنها یەکێك لەو ڕێگایانە ئەو ڕێگا ڕاستەیە کە بە بەختەوەری ئەبەدیمان دەگەیەنێت. بەڵام لەو ڕێگا جۆراو جۆرو جیاوازانەی کە خەڵکی هەڵیدەبژێرن هەمیشە ئەو بەدبینیە لە ئارادایە کە کامیان بە ڕێگای ڕاست دادەنرێن؟ هیچ یەك لەو مافانەی کە بۆ پاراستن لە حکومەتو دانانی یاساکان لە ئارادان, ئەو ڕێگایە نادۆزنەوە کە بە مەلەکووت دەگات. جیا لەوەش فەرمانڕەوای مەدەنی وەکو پێویست بە بەراورد لەتەك کەسێکداکە بۆ مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕێگای بەختەوەری خۆی سەرقاڵی ڕاڤەکردنو توێژینەوە دەکات, بەسەرکەوتو دانانرێت. گریمان کە(من) جەستەیەکی لاوازم هەیەو دوچاری نەخۆشیەکی(موزمین) بووم کە وردە وردە لەناومدەباتو بۆ ئەم نەخۆشیەم یەك چارەسەری نەناسراو(نادیار) لە ئارادایە. ئێستا ئایا ئەمە ئەرکی فەرمانڕەوای مەدەنیە کە چارەسەرێکم بۆ بدۆزێتەوە؟ چونکە بۆ ئەم نەخۆشیە تەنها یەك ڕێگا بۆ چارەسەرکردن هەیە کە ئەویش بەنادیار لە قەڵەم دراوە. ئایا لەم ڕووەوە کە تەنها یەك جۆر چارەسەر هەیە تا لە مەرگ ڕزگارم بکات, هەر چیەك کە فەرمانڕەوای مەدەنی ئەمری پێدەکات لە قازانجم نیە کە ئەنجامی بدەم؟ ناتوانین لەو

www.pertwk.com

جۆره مەسەلانەدا کە پێویستە هەر کەسێك دڵسۆزانە بۆ خۆی توێژینەوەی لەسەر بکاتو بەتێفکرینو خوێندنەوە بە دەستیان بهێنێتو بە تەقەلای خـۆی زانیاریـان لێوەربگرێـت, بـە تـەنها ئـەرکی تاکێـك لـە تاکـەکانی مرۆڤایەتی لە قەڵەمبدەین. بە دڵنیاییەوە شازادەکان کاتێك لە دایك دەبن لە روی دەسەڵاتەوە لە خەڵکانی دی لە پێشترن, بەڵام لە روی خۆڕسکیەوە لەتـەك خەڵکیـدا یەکـسانن. وانیـە کـە مـافی حـوکمڕانیو هونـەری فـەرمانڕەوایی هـەر دەبێـت زانیاریـەکی تـەواو(کـامڵ) لـە بـارەی شـتانێکی ترەوە بە فەرمانڕەوای سیاسی بدات. لانیکەم کەمترین زانیاریو ئاگایی دەربارەی ئاینی راستەقینە(لەسەر حەق) بەو فەرمانڕەوایە نادات. چونکە ئەگەر وابوایە[واتە مافی حوکمڕانی ببوایە مایەی تێگەیشتن لە ئاینی لەسـەر حـەق ]ئیـدی چـۆن پاشـاکانی دونیـا لەسەرمەسـەلە ئاینیـەکان بەوجۆرە ناکۆکی قوڵیان لەتەك یەکتردا دەبوو. بەڵام با بۆ وتوێـژیش بووە بەم گریمانەیە قایل بین کە رەنگە پاشا چاکتر لە کەسانێك کە لەژێر سایەی حکومەتەکەیـدان, رێگـەی ژیـانی ئەبـەدی بناسـێت, وە یـان گریمـان کـە هاوکات لەو مەسەلانەی کە شكو گومانیان لێدەکرێت, لانیکەم راسترین رێگا بـۆ کەسـانی ئاسـایی ئـەوە بێـت کـە لـە دەسـتورەکانی فـەرمانڕەوای مـەدەنی پـەیڕەوی بکـات, ئێمـە دەڵـێین ئـەی دوای ئەمانـە چـی؟ ئەگـەر ئـەو داواتان لێبکات بۆ گوزەرانی ژیان ببنە بازرگان, ئایا بەهۆی ترس لەسەر نەکـەوتنتان سەرپێـچی لـەو کـارە دەکـەن؟ وەڵامەکـەم ئەوەیـە کـە بـەپێ‌ی دەستوری پاشا دەبم بە بازرگان, لەبەر ئەوەی کە ئەگەر لە کاری بازرگانیدا سەرنەکەوتم, بە تـەواوەتی فـەرمانڕەوای مـەدەنی دەتوانێـت لـە رێگەیـەکی تـرەوە زەرەرو زیانـەکانم قـەرەبوو بکاتـەوە. ئەگـەر ئـەو لافلێدانـەی ئـەو کـە حەزدەکات من سەرکەوتوو دەوڵەمەندبم راست بێت, هەر کاتێك لە گەشتە دەریاییە سەختەکاندا سەر نەکەوتمو هەڵکشام, ئەوا ئەو دەستم دەگرێ‌و یارمـەتیم ئـەدات, بـەڵام لـەو مەسـەلانەدا کـە پەیوەندی بـە قیامەتـەوە هەیـە دوچـاری گونـاح ببمو یـەك جـار شکـست بخـۆم, لـە سـنوری دەسـەڵاتی فەرمانڕەوای مەدەنیدا نیـە کـە زەرەرو زیانـەکان قـەرەبو بکاتـەوەو زامـەکانم هێور بکاتەوەو تا هەر ئەندازەیەك کە بتوانێت بۆ سەر جێگا مەعنەویەکەی



سـەرەتام بمگەڕێبێتـەوە, وە یـان لانیکـەم بـۆ دۆخێکـی بـاشو دڵخـواز بمانگەڕێنێتـەوە, وێـڕای ئەمانـە داخـۆ دەتوانـێ چ زامنێـك بـۆ دونیـای مەلەکوت بدات؟ رەنگە هەندێ بڵێین, لەو بڕوایەدا نین کە تەواوی خەڵکی لە کاروبارە ئاینیەکاندا ناچارن پەیڕەوی لە فەرمانڕەوای سیاسی بکەن, بـەڵکو ئـەو کاروبارانـە بـە کڵێـسەوە گرێـدراوە. ئـەو شـتەی کـە کڵێـسە دیـاریکردووە, فـەرمانڕەوای سیاسـی فـەرمان بـە جێبـەجێکردنی دەداتو هـەروەها پەنابردنەبـەر دەسـەڵات ئـەو دەستورە دەردەکات کە هـیچ کـەس, نابێت جیا لەو شتانەی کە کلیێسە لە کاروبارە ئاینیەکاندا فێریان دەکات, کاری پێبکەن یان بڕوای پێبهێنن. کەواتە تەنها کڵێسە دەتوانێ داوەری لەسـەر ئـەمجۆرە مەسـەلانە بکـات. فـەرمانڕەوای سیاسـی خـۆی ملکەچـی دەسـتورەکانی کڵێـسەیەو دەسـتوریش بـە خـەڵکانی دی دەدات کـە وەك خۆی پەیڕەوی لە کڵێسە بکەن. وەڵامـی من ئەوەیـە کـێ هەیـە نـەزانێت کـە ناوی کڵێسە لەسـەردەمی حەوارینـدا رێـزو حورمـەتێکی زۆری هـەبووە, وە بـە چ جۆرێـك لەسـەردەمەکانی دواتـردا وەك چـقڵێك وابـووە لـە چـاوی خەڵکیـداو بەمەبەستی ئەشکەنجەدانیان بـەکارهێنراوە. بـەڵام بەهـەر حـاڵ ئەم بابەتە لەم روەوە هـیچ کۆمـەکمان ناکات. وانیـە کە تـەنها فـەرمانڕەوای سیاسـی لـە چـاو خـەڵکانی تـردا لـەو رێگـا باریکـەی کـە بەبەهەشـت دەگـات چاکتر تێدەگات, کەواتە من ناتوانم بەوپـەڕی دڵنیاییـەوە رێبـەری سیاسـی وەك رێبـەرو رێنمایکـەری خـۆم هەڵبـژێرم کـە رەنگـە ئـەویش بـۆ چـوونە بەهەشت هێندەی خۆم نەزانو بێئاوەز بێتو, بە دڵنیایەوە ئەوەندەی خۆم لەمـەڕ بەختـەوەریم خـۆی نیگـەران ناکات. لـە نێـوان پاشا بێـشومارەکانی جولەکـەدا, هێنـدێ پاشـا هـەبوون کـە خـەڵکانی(بـەنی ئیـسرائیل) لـە روی ئـەوەی کـە کوێرانـە گوێرایـەڵیان ئـەکردن, کەوتنـە دوای بتپەرسـتیەوەو نابوتبوون, لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێ دەکـەی کـە ئازایـەتی خـۆم دەربخـەمو ئەڵێ‌ی هەموو شتێك لە هێمنیو ئاسایشدایە چونکە فەرمانڕەوای مـەدەنی داوامان لێناکات کە لـە مەسـەلە ئاینیەکانـدا پـەیڕەوی لـە فەرمانـەکانی ئـەو بکەین, بەڵکو داوامان لێدەکات کە بۆ فەرمانەکانی کڵێسە ملکەچبین. بەڵام من لێتـان دەپرسـم دەبـێ پـەیڕەوی لـە کـام کڵێـسەیە بکـەین؟ حەتمـەن لـەو

کڵێسەیەی کە لە کڵێسەکانی دی زیاتر پشتیوانی لە فەرمانڕەوا دەکات. ئەگەر فەرمانڕەوای سیاسی بە کەڵکوەرگرتن لە یاساکانو هەروەها بە هەڕەشەی سزادان ناچارمان بکات ببینە ئەندامی ئەم یان ئەو کڵێسە, ئایا ئەو لەم مەسەلەیەدا داوەریکردنی خۆی بەسەردا دانەسەپاندوین؟ چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان ئەوەی کە ئەو خۆی رێبەریو رێنمایم بکات یان بمداتە دەست خەڵکانی دی تا ئەوان رێبەرم بن؟ لە هەر دوو حاڵەتەکەدا, ئەو دۆخی ژیانی ئەو دونیام بۆ دیاریدەکات.

ئایا ئەو(بەنی ئیسرائیلی)یەی کە بە فەرمانی پاشاکەیان گوێرەکەی(ئیلاهەی بارداریان[6]) دەپەرست لە بارودۆخێکی باشتردابوون؟ چونکە پێیان وترابوو کە پاشا لە مەسەلە ئاینیەکاندا بەپێی بیروڕای شەخسی خۆی حوکمناکاتو سەربەخۆ هیچ فەرمانێك دەرناکات تا کەسانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ناچار بە خواپەرستی بکات, بەڵکو پاشا فەرمانێك دەردەکات کە فەتوای قەشەکانی(بەنی ئیسرائیل)ە, حەکیمە ئیلاهیەکانیش بە مافی ئیلاهی کڵێسەی دەزانن. ئەگەر مەزهەبی هەموو کڵێسەکان لەسەر حەقو رزگارکەربن بە هۆی ئەوەی کە رێبەرانی گروپە ئاینیەکان واتە, ئەسقەفەکانو قەشەکانو سەرکردەیهۆزەکان هەموویان بە تەواوی دەسەڵاتیانەوە رێز لەو(مەزهەبە) دەگرنو بە باڵایا هەڵدەدەن. لەم حاڵەتەدا کام بە پوچو درۆزنو وێرانکەر دادەنرێ؟ من لە هەمبەر باوەڕی(سۆسینۆسەکان)دا بەدبینم(سوسینوس Socinos زانای ئیلاهیاتی ئیتاڵی). من لە شێوەی عیبادەتکردنی(پاپ)و (لۆتەر) بەدبینم. ئایا لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوا لە مەسەلە ئاینیەکاندا هیچ فەرمانێك دەرناکات تەنها بە پشتبەستن بە پێگەو فتوای زانایانی کڵێسە نەبێت, ئیدی ئەوە بۆ من تۆزقاڵێ دڵنیایی دروستدەکات تا بەپێی فەرمانی ئەو پەیوەندی بەم یان بەو کڵێسەیەوە بکەم؟

حەقیقەتی باسەکە ئەوەیە کە ئێمە دەبێ بەوە قایل بین کە ئەگەرچی کڵێسە لە کۆمەڵێك پیاوانی رۆحانی پێکهاتووە کە بە نووسینی یاسا ئاینیەکانەوە خەریکنو دەبێ بەو ناوەش بناسرێن, بەڵام لە جیاتی ئەوەی کە کڵێسە دەربار بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە بە پێچەوانەوە کاریگەری



لە دەربارەوە وەردەگرێت. زۆر ئاشکرایە کە کڵێسە تا چ رادەیەك گۆڕانی لە باوەڕە مەسیحیەکاندا تێکەوتووەو چەندیش لە ژێر کاریگەری ئیمپراتۆریەکانی(ئاریانی[7])دا بووە. ئەگەرچی سەردەمێکی زۆر بەسەر رودانی ئەم مەسەلانەدا تێپەڕیوە بەڵام مێژووی ئەم دواییانەی ئینگلتەرە چەند نمونەیەکی تازەمان دەخاتە پێش چاو کە لەسەردەمی پاشایەتی(هێنری هەشتەم)دا, (ئیدواردی شەشەم). (خاتوومێری)و هەروەها(ئەلیزابێت)دا رۆحانیەکان چەند بە ئاسانی بەپێی حەزو خواستی پاشاکانو مەلیکەکان, فەتواکانو بنەمای بڕواکانو شێوەی عیبادەتکردنیانو هەموو شتەکانی تریان گۆڕیوە, لە کاتێکدا ئەم پاشاو مەلیکانە هێندە ئارەزوی جیاوازو هێندە لە مەسەلەی باوەڕە دینیەکاندا بەیەکەوە ناکۆك بوون کە هیچ مرۆڤێکی عاقڵ(مەگەر بڵێین کافرێك) بە عەقڵیدا نەدەهات کە بڵێت مرۆڤێکی باوەڕداری راستگۆو دڵسۆز, دەتوانێ بەویژدانێکی ئاسودەوە پەیڕەوی لە فەرمانە جیاوازو دژ بە یەکەکانیان بکات. لە دەرئەنجامدا هیچ جیاوازیەك لەوەدا نیە کە پاشا بە چ بیانویەك یاساگەلێك بەسەر مەزهەبی مرۆڤەکانی دیدا دادەسەپێنێ, بە بیانوی ئەوەی کە لە تێگەیشتنی خۆیەوە ئەمکارەی ئەنجامداوە یان بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی مەزهەبیو روانگەی کەسانی دی.

ناکرێ بڕیاری سەرکردەکانی کڵێسە کە تاڕادەیەك دیالۆگو جیاوازی بیروڕاکانیان ئاشکرانیە بەڕاسترو دڵنیاتر لە روانگەی دادوەری مەدەنی لە قەڵەمبدرێ, هەروەها بیروڕای گشتیو کۆمەڵایەتی خاوەنانی کڵێسە ناتوانێت دەسەڵاتێکی تازە بە دەسەڵاتی مەدەنی ببەخشێت. ئەگەرچی دەبێ سەرنج لەو خاڵە بدەین کە پاشاکان بە دەگمەن بایەخ بە بیروڕای ئەنجومەنی ئەو کڵێسانە ئەدەن کە پارێزەری دینەکانو رێو رەسمی عیبادەتەکانیان نین. بەڵام جیا لەمانەش سەرنجی سەرەکیو ئەو شتەی کە بە تەواوەتی ئەم باسە روندەکاتەوە ئەوەیە کە لە راستیدا گەرچی رەنگە روانگەی فەرمانڕەوای مەدەنی لە مەسەلە ئاینیەکاندا راست بێتو ئەو رێگایەش کە ئەو دەستنیشانی کردووە لەتەك وانەکانی مەسیحیدا هاوتا بێت, بەڵام ئەگەر من لە روی فیکریەوە بەتەواوەتی قەناعەتم نەکردبێت

پەیڕەوی لێبکەم, لای من ئەم پەیڕەویکردنە هیچ رزگاریەکی بە دوادانایەت.

بەهەر حاڵ, ئەگەر بە پێچەوانەی دەنگی ویژدانم هەنگاو هەڵبگرم بە هیچ جۆرێك بە رێگای بەختەوەری ناگەم. من دەتوانم لە رێگەی هونەرێکەوە کە حەزیشم لێی نیە دەوڵەمەندبم‌و لە رێگەی دەرمانێکەوە کە هیچ بڕوام پێی نیە چاك ببمەوە, بەڵام ناتوانم لە رێگەی ئاینێکەوە کە بڕوام پێی نیەو لەو عیبادەتەی کە لێی بێزارم رزگاری بە دەستبهێنم. ئەگەر کەسێك باوەڕی بە هیچ شتێك نەبێت, بێسودە کە بەڕیاو خۆنواندن وا خۆیدەربخات کە بڕوای بە شتێك هەیە چونکە تەنها ئیمانی بێخەوش‌و راستگۆیی دەرونیە کە یەزدان پەسندیان دەکات. ئەگەر گەدەی کەسێکی نەخۆش لەگەڵ خواردنی هەر دەرمانێکدا کەوتە هێڵنج دان‌و دەرمانەکەی کردە دەرەوە ئیدی باشترین چارەسەرو بە کەڵکترین دەرمانیش هیچ کاریگەری بۆ ئەو نەخۆشە نابێت, وە ئەگەر میزاجی نەخۆشەکە دەرمانەکە بگۆڕێ بە(ژەهر) بێهودەیە. ئەگەر بمانەوێ بەزۆر دەرمانەکەی دەخوارد بدەین. بە کورتی رەنگە گەلەك لە مەسەلە ئاینیەکان جێگەی گومان بن, بەڵام لانیکەم ئەمە شتێکی سەلمێندراوە هەر ئاینێك کە من بڕوام بە حەقانیەتی نیە ناکرێ لای من لەسەر حەق بێت یان سودی بۆ ژیانم هەبێت. لەم روەوە ئەگەر پاشاکان خەڵکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیان بە بیانوی ئاسودەیی رۆحیانەوە هانبدەن تا لەڕێ‌و رەسمی ئەو کڵێسانەدا کە جێی سەرنجی ئەوانە بەشداریبکەن, ئەوا کارێکی بێهودەیان ئەنجامداوە. چونکە ئەگەر خەڵکی بڕوایان بە کڵێسە هەبێت, بەو پەڕی خۆشحاڵیەوە بەشداری تیادەکەن‌و, خۆ ئەگەر بڕوایان نەبێت بەشداریکردنیان هیچ سودێکی نابێت‌و, سەرئەنجام هەر چەندیش نیەتی چاکەو جۆرێك هاوڕێیەتی‌و نیگەرانی لەمەڕ بەختەوەری رۆحی خەڵکی بەهانە گەلێکی باش بن, بەهەر حاڵ ناتوانرێت خەڵکی, چ بیەوێت یان نەیەوێت ناچار بە بەختەوەربوون بکرێت, دواجار دەبێ دوای تەواوی ئەم شتانە خەڵکی بەویژدانی خۆیان بسپێردرێت, کەواتە بەمجۆرە پاش رزگاربوونی مرۆڤەکان لە دەسەڵاتی ئەوانی دی لە مەسەلە مەزهەبیەکان,



ئێستا با بزانین ئەرکی ئەم مرۆڤانە چیە؟ تەواوی خەڵکی دەزانن‌و گەواهی دەدەن کە دەبێ بەشێوەی بە کۆمەڵ عیبادەتی یەزدان بکرێت دەنا هۆی ئەوە چییە کە ئەوان یەکدی ناچار دەکەن تا لە کۆڕە گشتییەکاندا عیبادەتی یەزدان بکەن؟ کەواتە ئەو کەسانەی کە خۆبەخشانە ئەمجۆرە عیبادەتەیان پێکهێناوە, دەبنە ئەندامی ئەنجومەنە ئاینیەکان تا بەمجۆرە بتوانن یەکتر ببینن‌و ئەم مەسەلەیەش تەنها بە مەبەستی فێرکردن‌و راهێنانی یەکدی نیە, بەڵکو لەبەرخاتری ئەوەیە کە تەواوی خەڵکی جیهان بزانن عیبادەتی یەزدان دەکەن. ئەوان لەبەر قاپی یەزداندا بە شێوەیەك عیبادەت دەکەن کە هەرگیز لە ئەنجامدانی ئەو کارەیان, خۆیان بە شەرمەزار نازانن‌و وابیر دەکەنەوە کە لەلایەکەوە ئەم عیبادەتەیان شایانی پلەو پایەی یەزدانەو, لەلایەکی ترەوە لەبەر قاپی یەزداندا پەسەند دەکرێ. دواجار بە کورتی ئەوان بە باوەڕی پاکژ, چاکەکردن لە ژیان‌و هەروەها نیەتپاکی لە عیبادەتکردنی یەزداندا, خەڵکانی دی بۆ ئاینی لەسەر حەق رادەکێشن‌و لە روی ئاینیەوە کارگەلێك ئەنجامدەدەن کە هیچ کەسێکی ئاسایی بێباوەڕ بەدین ناتوانێت ئەنجامیان بدات.

من ئەمجۆرە کۆڕو کۆبونەوە مەزهەبیانە بە کڵێسە ناودەبەم‌و لەو بڕوایەدام کە دەبێت فەرمانڕەوا بە سنگفراوانی‌و لێکبوردنەوە هەڵس‌و کەوت لەگەڵ ئەم ئەنجومەنە مەزهەبیانەدا بکات. چونکە ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندیان بە کۆڕە مەزهەبیەکانەوە هەیە, شتێکە کە کەمافی یاسایی هەر مرۆڤێکە کە بیەوێت لە ژیانی تایبەتی خۆیدا بیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. مەبەستم لەوەیە کە مافی یاسایی تەواوی مرۆڤەکانە کە چاودێری لە رۆحی خۆیان بکەن‌و لەم مەسەلەیەشدا هیچ جیاوازیەك لە نێوان کڵێسەی دەوڵەتی‌و ئەنجومەنە ئاینیەکانی دیکەدا(نا دەوڵەتی) بەرچاو ناکەوێت.

بەڵام لە هەموو کڵێسەکاندا دوو مەسەلە بەرچاو دەکەون کە دەبێت بایەخێکی تایبەتیان پێبدرێت. یەکێکیان بە شێوەی روکەش عیبادەت‌و نەریتەکانێتی, ئەوی دیکەیان باوەڕەکان‌و مەسەلە ئیمانیەکانن کە هەر کام

لەم مەسەلانە دەبێ بە شێوەیەکی جودا راڤەبکرێت تا کۆی مەسەلەی لێکبوردن بە شێوەیەکی رونتر دەرك بکرێت.

یەکەم, بە بڕوای من فەرمانڕەوای مەدەنی دەربارەی شێوەی روکەشی عیبادەت, ئەو مافەی نیە کە لە رێگەی یاساوە نە ئەو کلێسەیەی کە پێوەی وابەستەیەو, نە تەنانەت کڵێسەکانی دیکەش ناچار بکات تا لە نەریت و یان رێ‌و رەسمێکی تایبەت لە عیبادەتکردنی یەزدان کەڵك وەربگرن. وە ئەمەش تەنها لەبەر ئەوە نیە کە کڵێسەکان ئەنجومەنگەلێکی ئازادو خۆبەخشن, بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە عیبادەتکردنی یەزدان تەنها لەو کاتەدا دروستە کە ئەنجامدەرانی, ئەو باوەڕەیان هەبێ کە یەزدان ئەم عیبادەتەیان لێ قبوڵ دەکات: هەر کارێك بە ئیمان پشت ئەستور نەبێ, نە لەناوخۆیدا(فی نفسهِ) باشەو نە لەبەر قاپی یەزدانیشدا پەسەند دەکرێت, کەواتە سەپاندنی کۆمەڵێ مەسەلە کە لەگەڵ حوکمی ویژدانی خەڵکیدا نایەتەوە, بەسەر خەڵکیدا لەهەر گروپێك بن, لە راستیدا بە مانای ئەوەیە کە فەرمانیان پێبدرێت تا لە یاساکانی یەزدان سەرپێچی بکەن, بەسەرنجدان لەوەش کە ئامانجی هەموو دینەکان بریتیە لە رازیکردنی یەزدان‌و پێویستی ئەم کارەش ئازادی کرداره, کەوابوو کرداری لەمجۆرە زیاد لە سنور بێهودە دێتە پێشچاوو.

رەنگە لەم قسانە ئەوە هەڵێنجرێت کە من بە کاربردنی هەر جۆرە زۆرە ملیٚ‌و ناچاریەك لەمەسەلە رێگە پێدراوەکاندا لەلایەن فەرمانڕەوای مەدەنیەوە بە ناڕەوا ئەزانم, لە کاتێکدا کە ئەگەر ئەو, ئەم مافەی نەبێت تەواوی مەسەلەی یاسارێژی بەشتێکی بێبایەخ دادەنرێ. نەخێر, من بێ هیچ تێڕامانێك قایلم بەوەی کە مەسەلە رێگاپێدراوەکان لەژێر دەسەڵاتی یاسادان‌و رەنگە بتوانین بڵێین کە هیچ مەسەلەیەك هێندەی ئەم مەسەلانە بە یاسایی دانانرێت. بەڵام ئەم قسەیە بەو مانایە نیە کە فەرمانڕەوا ئازادە هەر چۆنێك خۆی بیەوێت لە مەسەلە رێگەپێدراوەکاندا فەرمان دەربکات. قازانجی گشتی مەحەکی یاسارێژیە, ئەگەر شتێك قازانجی بۆ دەوڵەت نەبێ گەرچی تەواو رێگەپێدراویش بێت, نابێ لە رێگەی یاساوە جێگیر بکرێت.



جیا لە مانەش, مەسەلەگەلێك کە لەڕوی چیەتیەوە بە رێگەپێدراو دائەنرێت, کاتێك کە لەخزمەتی کڵێسەو عیبادەتکردنی یەزداندا بێت ئەوا لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوای مەدەنی دەچنە دەرەوە. چونکە ئەوانە بەو شێوە بەکارهێنانەوە بە هیچ جۆرێك بە مەسەلە مەدەنیەکانەوە گرێ نادرێن. تەنها ئەرکی کڵێسە رزگارکردن‌و ئاسودەیی رۆحی مرۆڤەکانە, بە هیچ شێوەیەك دەوڵەت یان هیچ ئەندامێکی پەیوەندی بەوەوە نیە کە ئەم یان ئەو نەریتە عیبادیە چ بە کارهێنانێکی هەیە؟ ئەنجامدانی رێ‌و رەسمە عیبادیەکان‌و هەروەها ئەنجامنەدانیان لەلایەن ئەنجومەنە مەزهەبیەکانەوە هیچ یەکێکیان قازانج یان زیان بە ژیان, ئازدای, یان دارایی هیچ مرۆڤێك ناگەیەنن. بۆ نمونە گریمان کە(غسل تعمید) بە ئاو, خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی رێگە پێدراو بێت‌و هەروەها گریمان کە ئەگەر تێگەیشتنی فەرمانڕەوای مەدەنی لەمجۆرە ناولێنانە ئەوە بێت کە وەك دەرمان یان بەرگرتن لەو نەخۆشیانەی کە روبەڕوی منالان دەبنەوە سودی هەیەو, ئەم مەسەلەیە هێند گرنگ بێتە بەرچاو کە دەبێ یاسا چاودێری جێبەجێکردنی بکات, لەم حاڵەتەدا فەرمانڕەوای مەدەنی ئەو مافەی هەیە تا حوکمێك دەربکات کە لەو روەوە یاسایەك دابنرێت. بەمجۆرە ئایا کەسێك هەیە بڵێ فەرمانڕەوای مەدەنی بەو مافەی کە هەیەتی دەتوانێت بە سودوەرگرتن لە یاسا فەرمان بدات تا هەموو منالان بە مەبەستی ئەوەی رۆحیان پاکبێتەوە لە رێگەی قەشەکانەوە بە ئاوی کانی پیرۆز بشۆرێن‌و ناویان لێبنرێت؟ لە یەکەم تێڕوانیندا جیاوازی لە رادەبەدەری ئەم مەسەلەیە بۆ هەموو لایەك ئاشکرا دەبێت. ئێستا ئەگەر مەسەلەی دوهەم بۆ منالانی خێزانێکی جولەکە بەکاربەرین ئاشکرایە کە چی رودەدات؟ چونکە چ شتێك دەتوانێت بەربگرێت لەو فەرمانڕەوا مەسیحیەی کە هاوولاتی جولەکەی هەیە تا دەست لەو کارەی هەڵبگرێت؟ ئێستا ئەگەر قایل بین بەوەی کە نابێت زیانێکی لەوجۆرە بەر ئەوکەسە جولەکەیە بکەوێ, واتە نابێ هانیبدەین بە پێچەوانەی باوەڕی خۆیەوە لە مەسەلە ئاینیەکاندا کارێك ئەنجامبدات کە لە بنەڕەتدا بە رێگە پێدراو

www.pertwk.com

دانراوە, ئیدی چۆن دەکرێ باوەڕبکەین کە دەتوانین ئەمجۆرە مەسەلانە بەسەر مەسیحیەکدا داسەپێنین؟

جیا لەمانەش, هەر بەو هۆیەوە ئەو شتانەی کە لە بنەڕەتدا ڕێگە پێدراوون بە هیچ جۆرێك ناکرێ لە ڕێگەی مرۆڤەوە بە بە شێك لە عیبادەتکردنی یەزدان بگۆڕدرێت, چونکە ئەو شتانە بە مەسەلەگەلێکی ڕێگەپێدراو دادەنرێن. لەو ڕووەوە کە مەسەلە ڕێگەپێدراوەکان لەخۆیدا(فی نفسهِ) توانای ئەوەیان نیە کە ڕەزامەندی یەزدان بە دەستبێنن, کەواتە هیچ دەسەلاّتێك یان هێزێکی مرۆیی ناتوانێت ڕێزو حورمەتێك بەم مەسەلانە ببەخشێت کە ئاکامەکەی ڕەزامەندی یەزدانی لێبکەوێتەوە. سودوەرگرتن لە مەسەلە ڕێگەپێدراوەکان کە یەزدانیش حەرامینەکردوون, ئازادو یاسایین, کەواتە لەمجۆرە مەسەلانەدا دەسەلاّتی مرۆڤ پەسەندکراوە. بەلاّم لەو مەسەلانەی دیکەدا کە پەیوەندیان بە ئاینەوە هەیە, وانیە. لە عیبادەتکردنی یەزداندا مەسەلە ڕێگەپێدراوەکان ڕەوایەتیان نیە, مەگەر ئەوەی کە یەزدان خۆی دیارییان بکات وەك ئەوەی یەزدان لە ڕێگەی فەرمانکردن بە پێویستی ئەم مەسەلە ڕێگەپێدراوانەوە, حوکمبکات کە ئەم مەسەلانە بەشێکن لە عیبادەتێك کە خۆی زەمانەتی ئەوەی کردووە لە مرۆڤە بێچارەو گوناهکارەکەی قبوڵدەکات. نەخێر, ئایا کاتێك یەزدانی(قەهار) لێمان بپرسێت کە چ کەسێك داوای لێکردوون مل بۆ ئەم جۆرە مەسەلانە یان ئەم قسانە کە چ بکەن, ئایا هێندە بەسە کە بڵێین فەرمانڕەوا دەستوری داوە؟ ئەگەر بواری دەسەلاّتی مەدەنی تا ئەو رادەیە فراوان بێت, ئایا چ شتگەلێکی نا شەرعی دی وەك مەسەلەی دینی ناناسرێن؟ چەند زۆرن ئەو نەریتە عیبادیە پوچ‌و داهێنانە وەهمیانەی کە لە ڕێگەی دەسەلاّتی فەرمانڕەواوە دێنە ئاراوەو بە پێچەوانەی ویژدانی مرۆڤەکانەوە بەسەر بەندەکانی یەزداندا دەسەپێنرێت؟ چونکە لە ڕاستیدا بەشێکی زۆری ئەم ڕێ‌و ڕەسم‌و خورافاتە لە هەندێ شت کەڵك وەردەگرن کە لە ڕوانگەی ئاینەوە لە ناوەڕۆکدا ڕێگەپێدراون‌و, لەو ڕووەوە کە یەزدان فەرزینەکردون ئەنجامدانیان بۆ هیچ کەسێك بە گوناح دانانرێت. پڕژاندنی ئاوی پیرۆزو سودوەرگرتن لە نان‌و شەرابیش چ لە ناوەڕۆکداو چ لە



باروودۆخی ئاسایی ژیاندا, بە مەسەلەگەلێکی ڕێگەپێدراو دادەنرێن. کەواتە ئەگەر یەزدان مەسەلە ڕێگەپێدراوەکان بە بەشێك لە ئاین یان بە بەشێك بۆ عیبادەتکردنی خۆی دانەنابێت, ئایا کەسێك هەیە بڵێ کە دەتوانین ئەم مەسەلانە وەك شتێکی ئاینی یان وەك بەشێك لە عیبادەتی یەزدان بزانین؟ ئەگەر دەسەلاّتی مرۆڤ یان دەسەلاّتی مەدەنی بیتوانیایە کارێکی لەو جۆرە ئەنجامبدات, ئیدی بۆچی لەرێ‌و ڕەسمی(عەشای ڕەبانی)دا وەك بەشێك لە عیبادەتی یەزدان لە جیاتی نان لە ماسی‌و لە جیاتی خواردنەوەی شەراب لە(بیرە) کەڵکیان وەرنەگرت؟ بۆچی لە کڵێسەدا لە جیاتی پرژاندنی ئاو لە پرژاندنی خوێنی ئاژەڵە کێوییەکان کەڵك وەرناگرن؟ وە بۆچی ئاگری دۆزەخ لە جیاتی ئاگر لە ئاو نەبووو, زۆر شتی دیکەش؟ هەرچەند ئەم مەسەلانە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا ڕێگەپێدراوبن, بەلاّم کاتێك بەبێ مۆڵەتی ئیلاهی بە بەشێك لە عیبادەتکردنی یەزدان لە قەڵەمبدرێن, هێندەی قوربانیکردنی سەگێك بەحەرام‌و ناشرین دائەنرێت, ئاکامی ئەمجۆرە کارانەش لەبەر قاپی یەزداندا بە خراپ دێتە ئەژمار. بۆچی قوربانیکردنی سەگ هێندە ناشرینە؟ لای زاتی پیرۆزی یەزدان چ جیاوازیەك لە نێوان سەگ‌و بزنێکدا هەیە؟ ئایا لەوە زیاترە کە یەزدان سودوەرگرتن لە عیبادەتی بۆ یەکێکیان فەرزکردووەو, ئەوی دیکەشیانی حەرام کردووە؟ کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە مەسەلە ڕێگەپێدراوەکان هەرچەند کە لەژێر سایەی دەسەلاّتی فەرمانڕەوای مەدەنیشدابن, دیسان نابێت بەو بیانووانەوە وەك مەسەلەگەلێکی ئاینی لە قەڵەمبدرێن‌و بەسەر کۆڕە ئاینیەکاندا داسەپێنرێن, چونکە ئەگەر ئەو مەسەلانە بخرێنە ریزی عیبادەتەکانی یەزدانەوە بەتەواوەتی ڕێپێدراوی خۆیان لە دەستدەدەن. کەسێك کە عیبادەتی یەزدان دەکات, بەنیەتی ڕەزامەندی یەزدان‌و بەدەستهێنانی میهرەبانیەکانی ئەو کارە ئەنجامدەدات, بەلاّم کەسێك کە بەپێی فەرمانەکانی خەڵکانی دی لەبەر قاپی یەزداندا کارێك ئەنجامدەدا کە بەدڵی خۆشی نین, ناتوانێت ئەو کارانە بە نیەتی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی یەزدان ئەنجامبدات, چونکە یەزدان دەستوری ئەنجامدانی ئەو

www.pertwk.com

کارانەی نەداوە. ئەم کارانە یەزدان خۆشنوود ناکەن و ئاگری غەزەبیشی دانامرکێننەوە، بەڵکو بەهۆی ئەمجۆرە سەرپێچیکردنە ئاشکرایانەوە کە بەتەواوەتی لەگەڵ چییەتی و ئامانجی عیبادەتی یەزداندا ناکۆکن، بە مەبەست و لە رووی ئاگاییەوە ئاگری غەزەبی یەزدان دادەگیرسێنن.

رەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بکرێت کە ئەگەر تەواوی ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە عیبادەتی یەزدانەوە هەیە لە دەرەوەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی مرۆڤەکانەوە بن، ئەدی چۆن کڵێسە دەتوانێت کات و شوێنی عیبادەت و شتانی تری لەمجۆرە دیاریبکات؟ لە وەڵامدا دەڵێم دەبێت ئێمە لە عیباداتی ئاینیدا جیاوازی دابنێین لە نێوان ئەو شتەی کە بەشێکە لە بنەماکانی عیبادەت و، ئەو شتەش کە بە بەشێك لە لقەکانی ئەو عیبادەتە دادەنرێت. ئەو شتەی کە بەبەشێك لە بنەماکانی عیبادەت دادەنرێ و بەهۆی یەزدانەوە دیاریکراوە، بە تەواوەتی خواستی خۆیەتی و لێرەوە ئەرکێکی فەرزکراوە. لقەکان شتانێکن کە ئەگەرچی زۆرجار ناکرێ لە مەسەلەی عیبادەت جیایان بکەینەوە، بەڵام وردەکاریەکان و یان حوکمکردن بە لابردن و چاککردنیان لەلایەن یەزدانەوە دیاریناکرێت، هەر لەبەر ئەوە بە مەسەلەگەلێکی رێگەپێدراو لە قەڵەمئەدرێن. کەواتە کات و شوێنی عیبادەت و شێوەو جۆری عیبادەتی یەزدان لەلایەن باوەڕدارانەوە، لەمجۆرە مەسەلە رێگەپێدراوانەن، چونکە ئەم شتانە ئەکەونە خانەی لقەکانەوەو بە تەواوەتی بە مەسەلەگەلێکی رێگەپێدراو دادەنرێن و یەزدانیش هیچ شتێکی بەسەر ئەو لقانەدا دانەسەپاندووە. بەڵام بۆ نمونە لای(کەلیمیەکان) کات و شوێنی عیبادەت و نەرێتی کەسانێك کە لەو عیبادەتەدا بەشداریدەکەن تەنها بە لقەکان ناژمێردرێن، بەڵکو بە بەشێك لە بنەماکانی عیبادەت دادەنرێن، بەشێوەیەك ئەگەر بە کەموکوڕی یان پێچەوانەی ئەو شتانەی کە باوون ئەنجامیبدەن، ئیدی ناکرێ هیچ ئومێد هەبێت بەوەی کە ئەو کارانە لەبەر قاپی یەزداندا قبوڵبکرێت. بەڵام ئەم شتانەی لای مەسیحیەکان کە لەژێر سایەی ئازادی(ئینجیل)دا دەژین، تەنها بە لقەکانی عیبادەت لە قەڵەم دەدرێن، بەو جۆرەی کە هەر کڵێسەیەك



بە پێی تێگەیشتنی خۆی دەتوانێت لەو شتەی کە بۆ ئامانجی گروپە مەزهەبیەکەی خۆی و هەروەها بۆ کەماڵ و پاکردنەوەی ئاکار بە باشتریان دەزانێت، کەڵکوەربگرێت.

هەڵبەتە کەسانێك لەژێر کاریگەری وانەکانی ئینجیلیدا پێیان وایە کە یەزدان یەکەمین یان حەوتەمین رۆژی حەفتەی جیاکردۆتەوەو، ئەو رۆژانەش بە تایبەت بۆ عیبادەتکردنی(ئەو) دانراوون، هەروەها لای ئەو کەسانە ئەمە بە قۆناغێکی کاتی و مەسەلەیەکی لاوەکی و سادە دانانرێت، بەڵکو بە بەشی سەرەکی بۆ عیبادەتی یەزدان لە قەڵەدەدرێن کە نەدەکرێت بگۆڕدرێت و، نە دەکرێت گوێی پێنەدرێ و کەمتەرخەمی لە بەرامبەردا بکرێت.

دوەهەم، هەر بەو جۆرەی کە فەرمانڕەوا مافی ئەوەی نیە کە بە کەڵکوەرگرتن لە یاساکان هیچ قوربانی و رێ و رەسمێکی عیبادی بەزۆر بەسەر هیچ گروپێکدا داسەپێنێت، هەر بە هەمان شێوەشە مافی ئەوەی نیە رێگە لەو نەریت و رێوڕەسمە عیبادیانە بگرێت کە پێشتر کڵێسە پێیان قایل بووەو دانیپیاناوون و هەروەها ئەنجامیداوون. چونکە لە راستیدا ئەگەر فەرمانڕەوای مەدەنی کارێکی وا بکات، کڵێسە نابووت دەکات. تەنها ئامانجی ئەم دەزگا مەزهەبیەئەوەیە کە ئازادانە بەو شێوەیەی کە خۆی دیاریدەکات. بە عیبادەتکردنی یەزدانەوە خەریك بکرێت.

بەپێی ئەم بنەمایە ئێوە دەڵێن ئەگەر هەندێ لە گروپە ئاینیەکان بڕوایان بە قوربانی کردنی منالان هەبێت، یان هەروەکو مەسیحیە بەراییەکان بەدرۆ تاوانبارکران، هەروەها ئەمانەش بە شێوەیەکی شەهوانی خۆیان بە بەرەڵایی سێکسیەوە ئالودەبکەین یان خەریکی هەندێ کاری چەپەڵ و ناشرین بن، ئایا لەمجۆرە حاڵەتانەدا بەهۆی ئەوەی کە ئەنجامدەرانی ئەو کارانە بە ئەندامی گروپێکی مەزهەبی لە قەڵەمدەدرێن، داخۆ دەبێت فەرمانڕەوای مەدەنی بەنەرمونیانی و لێکبوردنەوە رەفتاریان لەتەکدا بکات؟ من بە(نەخێر) وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە. ئەم شتانە نەك تەنها لە کاروبارە ئاساییەکانی ژیاندا یاسایی نین، بەڵکو هەروەها لە ژیانی تایبەتی هیچ تاکێکیشدا رەوا نین و، کەواتە نە لە عیبادەتکردنی

یەزدانداو نە لە هیچ ئەنجومەنێکی ئاینیدا رەواو ئاسایی نین. بە بڕوای من ئەگەر ژمارەیەك لە خەڵکی بۆ مەبەستی بەڕێوەبردنی رێوڕەسمێکی ئاینی لە دەوری یەك کۆببنەوەو(گوێرەکەیەك) قوربانی بکەن, نابێ یاسا رێگە لەو کارەیان بگرێت. "ملیبوئس" کە خاوەنی گوێرەکەکەیە دەتوانێ بەپێی یاسا گوێرەکەی لە خانوی خۆی سەر ببڕێتو هەر پارچەیەکی کە خۆی بیەوێت بیسوتێنێت, چونکە ئەو کارەی هیچ زیانێك بە گیانو ماڵی ئەوانی دی ناگەیەنێتو هەر بەم بۆنەیەوە دەتوانێت لە کۆبونەوەیەکی مەزهەبیدا گوێرەکەکەی قوربانی بکات, وە ئەم کارەشی چ رەزامەندی یەزدانی لەسەر بێت یان نەبێت, ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە کە بزانێت یەزدان قبوڵی دەکات یان نایکات. تەنها ئەرکی فەرمانڕەوا لەم بوارەدا ئەوەیە کە چاودێری ئەوە بکات هیچ زیانێك بە حکومەت نەگاتو هەروەها هیچ کەس بە هۆی ئەو کارەوە چ لە روی گیانیەوەو چ لە روی داراییەوە زیانی لێنەکەوێت. کەواتە ئەوەی کە دەتوانرێت لە میوانداریەکدا سەرفبکرێت, دەکرێ لە قوربانیەکیشدا کەڵکی لێوەربگیرێت. بەڵام ئەگەر بەرێکەوت باوردۆخێك بێت ئاراوە کە بەرژەوەندی کۆمەڵ وا پێویست بکات کە ماوەیەك بۆ مەبەستی زیادبوونی وەچەی(گا)کان کە بەهۆی مەرگو ئافاتەوە زۆریان لەناوچوون, هەموو جۆرە سەربڕینێك قەدەغە بکرێت, لەم حاڵەتەدا چ کەسێك دەستێوەردانی فەرمانڕەوای مەدەنی بۆ قەدەغەکردنی کوشتنی(گا)کان لەلایەن رەعیەتەکانەوە بۆ هەر مەبەستێك بێت, بە کارێکی نا دروست لە قەڵەم دەدات. تەنها دەبێت سەرنج لەو خاڵە بدەین, یاسایەك کە لەم بوارەدا دادەنرێ بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە مەزهەبەوە نیە, بەڵکو پەیوەندی بە مەسەلەیەکی سیاسیەوە هەیە, واتە یاسا کاری بە رێو رەسمی قوربانیکردنەوە نیە, بەڵکو سەربڕینی(گا)کان قەدەغە دەکات.

بەم شێوەیە ئەو جیاوازیەی نێوان کڵێسەو دەوڵەتمان بۆ ئاشکرا دەبێت. فەرمانڕەوا ناتوانێت ئەو شتەی کە لە روانگەی حکومەتەوە یاسایی و رەوایە, لە کڵێسەدا قەدەغەی بکات. هەموو ئەو شتانەی کە رەعیەتەکان بۆ سودی ئاسایی خۆیان لەبەکارهێنانیدا رێگەپێدراوون,



فەرمانڕەوا ناتوانێتو نابێت بۆ قازانجی مەزهەبی گروپێکی تایبەتی خەڵك, قەدەغەی بکات. ئەگەر کەسێك بە شێوەیەکی یاسایی لە خانوی خۆیدا نانو شەراب بە پاڵکەوتنەوە یان چۆکدادانەوە بخوات, نابێت یاسا ئەو ئازادیەی لە عیبادەتی ئاینیشدا لێزەوتبکات, گەرچی لە کڵێسەداخواردنی نانو شەراب بە شێوازی گەلەك جیاواز ئەنجام دەدرێو بە بەشێك لە نەریتە مەزهەبیەکانو رەوشی عیبادەتکردنی یەزدان دادەنرێت. بەڵام نابێت ئەو مۆڵەتە بە کڵێسەکان بدرێت کە لە نەریتە پیرۆزەکانی خۆیاندا بە هەندێ کارەوە سەرقاڵبن کە بەشێوەیەکی خۆڕسکی زیان بە بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی خەڵکی دەگەیەنێتو کەواتە بەپێی یاسا بە قەدەغەکراو دادەنرێن. دەبێ هەمیشە فەرمانڕەوای مەدەنی هۆشیار بێت کە بەشێوەیەکی خراپ کەڵك لە دەسەڵاتەکەی وەرنەگرێتو بە بیانوی قازانجی گشتیەوە زوڵم لە کڵێسە نەکات.

رەنگە بوترێت باشە ئەگەر گروپێك کافر بێت چی؟ ئایا دیسان دەبێت فەرمانڕەوا بە نەرمونیانی و لێبوردنەوە لەتەك ئەو گروپە کافرەدا رەفتار بکات؟ لە وەڵامدا دەپرسم دەکرێ بۆ سەرکوتکردنی گروپێکی کافر چ دەسەڵاتێك بە فەرمانڕەوای مەدەنی بدرێت کە ئەم دەسەڵاتە لە کاتو شوێنێکی دیکەدا بۆ ناوتکردنی گروپی لەسەر حەق بەکار نەهێنرێ؟ دەبێ هەمیشە بزانین کە دەسەڵاتی مەدەنی لە هەموو شوێنێکدا یەکسانەو, هەر حوکمڕانێك لە روانگەی خۆیەوە ئاینی خۆی بەراستو لەسەر حەق دەزانێت, کەواتە ئەگەر لەمەسەلە مەعنەویەکاندا دەسەڵاتێکی لەمجۆرە(دەسەڵاتی سەرکوتکردنی گروپی کافر) بە فەرمانڕەوای مەدەنی بدرێت, هەر وەکو بۆ نموونە لە(جنێف)دا رویدا, ئەوا(فەرمانڕەوا) دەتوانێت لە رێگەی زۆرو خوێن رشتنەوە مەزهەبێك کە لە وڵاتەکەیدا وەك مەزهەبی کفرو بتپەرستی ناسراوە, ریشەکێش بکاتو هەروەها هەر بە پێی ئەم بنەمایە فەرمانڕەوایەکی دی دەتوانێت لە وڵاتی دراوسێدا مەزهەبی دروستکراوی(پرۆتستانت) سەرکوتبکاتو, لە هندستانیشدا فەرمانڕەوا دەتوانێت مەسیحیەکان سەرکوتبکات, دەسەڵاتی مەدەنی لەسەر بناغەی خواستی فەرمانڕەوا هەم دەتوانێ هەموو شتێك لە ئاییندا

www.pertwk.com

بگۆڕێت, هەم دەتوانێت ڕێگە لە هەموو جۆرە گۆڕانێك بگرێت. ئەگەر دەسەڵاتی مەدەنی بتوانێ بۆ یەکجار لە ڕێگەی دانانی یاساو ئەنجامدانی سزاوە, گۆڕانکاریەك لە ئایندا بکات, ئەوسا ئیدی ناکرێ هیچ سنورێکی لەمکارەدا بۆ دابنرێو لێرەوە شێوەی گۆڕانی هەموو شتەکان, لەسەر بناغەی پێوەری حەقیقەتێك کە فەرمانڕەوا دیاریدەکات, یاسایی و ڕێگەپێدراو دەبێت. نابێت بە هیچ جۆرێك هیچ کەسێك بە هۆی وابەستەبوونی بە ئاینی خۆیەوە, لە حەزو بەهرە دونیاییەکانی بێبەشبکرێت, تەنانەت نابێت ئەمریکیەکانیش کە بەرەعیەتی فەرمانڕەوای مەسیحی دادەنرێن, لەبەر ئەوەی کە بە باوەڕەکانو عیبادەتەکانی ئێمە قایل نین لە روی گیانیو داراییەوە زیانیان بەربکەوێت. ئەگەر ئەوان لەو باوەڕەدان کە بەڕەچاوکردنی نەریتە عیبادیەکانی وڵاتی خۆیان ڕەزامەندی یەزدان بەدەستدێننو, بەمجۆرە بە بەختەوەری دەگەن, دەبێت لەم حاڵەتەدا بە خۆیانو یەزدانیان بسپێرین. وەرن با لەم مەسەلە باش تێبفکرین, ئەویش ئەوەیە کە ژمارەیەکی کەم لە مەسیحیە هەژارو دەستکورتەکان دەچنە وڵاتی کافرەکانەوە, ئەم غەریبانە(مەسیحیەکان) داوای کۆمەك لە دانیشتوانی کافری ئەو وڵاتە دەکەنو, ئەو کافرانەش لە روی بەزەییو دڵنەرمیەوە پێداویستیەکانی ژیان بۆ ئەوان(مەسیحیەکان) دابیندەکەن. بەمجۆرە کەلوپەلی پێویست دەخرێتە بەردەست ئەو مەسیحیە تازانەوەو ماڵو خانویان پێدەدرێتو تەواوی ئەوانە(مەسیحیەکانو کافرەکان) بەیەکەوە گرێدەدرێنو یەك میللەت دروستدەکەن. بەم شێوەیە ئاینی مەسیحی لەم وڵاتانەدا ریشە دادەکوتێو گەشەدەکات. بەڵام ئاینی مەسیحی ناتوانێت یەکسەرو بەخێرایی ببێتە بەهێزترین دەسەڵاتو تا ئەو کاتەی بارودۆخەکان بۆ ئاینی مەسیحی بەمجۆرە بێت, ئاشتیو دلۆڤانی, ئیمانو یەکسانی مافەکان لە نێوان خەڵکیدا دەپارێزرێت, تا ئەوەی کە لە کۆتایدا فەرمانڕەوای مەدەنیش بە ئاینی مەسیحیەوە گرێدەدرێو بەم شێوەیە گروپی ئەوان(مەسیحیان) یەکجار بەهێز دەبێت. پاشان بە خێرایی تەواوی بڕیارنامەکان پوچەڵدەکرێنەوەو هەموو مافە مەدەنیەکان پێشێلدەکرێنو هەوڵدەدرێت کفرو بتپەرستی بنەبڕ بکرێت. پێدەچێت ئەم



کافرە بێگوناهانە(نامەسیحیەکان) کە بنەماکانی دادپەروەریو مافە سروشتیەکانیان بە ووردی ڕەچاو کردووەو بە هیچ جۆرێك سەرپێچیان لە یاسا کۆمەڵایەتیەکان نەکردووە, ئەگەر دەست لە ئاینی رابوردوو دێرینیان هەڵنەگرنو ئەو ئاینە تازە دەرکەوتووە پەسەند نەکەن, دەبێ هیچ ئومێدێکیان بەو موڵكو داراییانەی کە لە باوو باپیرانیانەوە بۆیان جێماوە نەمێنێتو, تەنانەت رەنگە لە مافی ژیانیش بێبەریبکرێن. کەواتە لە کۆتایدا ئاشکرابوو کە ئەگەر ئەو دەمارگیریە ئاینیە کە لە خزمەتی دامەزراوەی کڵێسەدایە لە تەك خواستی دەسەڵاتدا بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ئەوانی دیکەدا تێکەڵبکرێت, چ شتگەلێك دێنێتە ئاراوە؟ و دەکرێ چەند بە ئاسانی هەندێ بە هانەی وەك ئاین یان چاودێریکردن لە رۆحی مرۆڤەکان وەك دەمامکێك بۆ چاوچنۆکیو تاڵانو پایەخوازی بەکاربهێنرێت؟ ئەو کەسەی کە پێی وایە دەبێت کفرو بتپەرستی لە ڕێگەی یاساو سزاکانەوەو هەروەها بە ئاگرو شمشێر لە تەواوی وڵاتەکاندا بنەبڕبکرێت, ئەگەر هەمانشت بەسەر خۆیدا بێت چ هەڵوێستێکی دەبێت؟ چونکە هۆکاری ئەم مەسەلانە چ لە ئەوروپابن یان لە ئەمریکا هەر بە یەکێك دادەنرێن. ئەو گروپە فەرمانڕەوایەی کە بەرهەمی دەسەڵاتەکەی بە هۆی یەکێتی کڵێسەو دەربارەوە دروستبووە, بە هیچ جۆرێك مافی ئەوەی نیە کە نەکافرەکانی ئەمەریکاو نە ئەوانەی بە شێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوەو هەروەها نەیارانی مەسیحی ئینگلتەرە لە نیعمەتە دونیایەکانیان بێبەشبکات, ناکرێ هیچ مافێکی مەدەنی بە هۆی مەسەلە مەزهەبیەکانەوە لە جێگەیەکدا زیاتر لە چاو جێگایەکی تردا, بگۆڕدرێت یان هەڵوەشێنرێتەوە.

هەندێ کەس پێیان وایە کە(کفر) تاوانەو کەواتە نابێت دەربارەی ئەو مەسەلەیە(لێکبوردن) بە رەوا بزانین, خۆ ئەگەر مەبەستیان لەوەیە دەبێت دورە پەرێزی لە(کفر) بکرێت,لەم حاڵەتەدا لێکدانەوەکەیان راستە. بەڵام لەم قسەیەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا نابێت کە چونکە(کفر) تاوانە, کەواتە فەرمانڕەوا دەبێ کافرەکان سزا بدات, چونکە ئەوە ئەرکی فەرمانڕەوا نیە لە تەواوی ئەو حاڵەتانەدا کە بەدیدی ئەو بایەخیبوونو گوناح لە دژی

www.pertwk.com

یەزدان لە قەڵەمدەدرێن, بە شێوەیەکی یەکسان(لەهەردوو مەسەلەی ئایینی و مەدەنی)دا سوود لە شمشێرەکەی بۆ مەبەستی سزادان وەربگرێت. لە روانگەی بەشێکی زۆر لە خەڵکی, چاوچنۆکی, بێبەزەیی, خراپەکاریو زۆر شتی وەك ئەمانەش بە گوناح دادەنرێن, بەڵام هیچ کەسێك ناڵێت کە دەبێ فەرمانڕەوای مەدەنی سزای ئەو جۆرە گوناهبارانە بدات. لەبەر ئەوەی هەرگیز ئەمجۆرە گوناهانە نەزیان بە مافەکانی خەڵکانی دی دەگەیەنێتو نەئاشتی کۆمەڵگاش تێکدەدات. نەخێر تەنانەت لە هیچ وڵاتێکدا لە رێگەی یاساوە خەڵکی لەسەر هەندێ تاوانی وەك درۆزنیو پەیماشکێنی سزانادەن, مەگەر لە هەندێ مەسەلەی تایبەتدا کە لەو جۆرە مەسەلانەشدا نەگەندەڵی حەقیقی ئەم گوناهانەو نە ئەو لاوازیەش لەبەرچاو دەگیرێت کە بەهۆی ئەنجامدانی ئەم کارانەوە لەبەرامبەر یەزداندادەکرێت, بەڵکو تەنها ئەو زەرەرو زیانە کە لەم رەوە بە دراوسێکانی کەسی گوناهبار گەیشتووە. ئەگەر لە هەندێ وڵاتی تر لە روانگەی پاشای موسڵمان یان کافرانی ئەو وڵاتەوە, ئایینی مەسیحیەت بە ناڕاستو بوختانکردن بە یەزدان لە قەڵەمبدرێن, چی؟ ئایا بە پشتبەستن بەم بەڵگانەو بەکارهێنانی هەمان شێواز لەو وڵاتەدا, مەسیحیەکان تەفرو توونا ناکەن؟ بەڵام دیسان رەنگە ئەمانە پێداگرن لە سەر ئەوەی کە دەبێ بە پێی شەریعەتی حەزرەتی(موسا) ئەم کافرانە بنەبڕ بکرێن. ئەمکارە بە پێی شەریعەت(موسا) بەراست دادەنرێ, بەڵام بۆ ئێمەی مەسیحی راست نیە. هیچ کەسێك لافی ئەوەی لێنەداوە کە دەبێت مەسیحیەکان تەواوی ئەو شتانە ئەنجامبدەن کە لەلایەن شەریعەتی(موسا)وە دانراوە. هیچ شتێك لەوە بێماناتر نیە کە رەمەکیانە یاسا ئاکاریو شەرعیەکان جیا بکرێتەوە لە یاساکانی رێورەسمە عیبادیەکان کە مرۆڤەکان بە شێوەیەکی باو کەڵکی لێوەردەگرن, چونکە هیچ یاسایەکی دانراو ناتوانێت خەڵکی بە ئەنجامدانی کارێك ناچار بکات, لەو حاڵەتەدا نەبێت کە ئەو کەسانە بەو یاسایانە قایل بووبن. بە تەواوەتی دەستەواژەی "گوێبگرن ئەی نەتەوەی بەنی ئیسرائیل" ئەوە دەردەخات کە فەرمانەکانو راسپاردەکانی شەریعەتی(موسا) بە تایبەت پەیوەندی بە قەومی(بەنی ئیسرائیل)ەوە



هەیە. ووردبونەوە لەم خاڵە لە خۆیدا وەڵامێکی راستە بۆ ئەو کەسانەی کە پێدادەگرن لەسەر حەقانییەتی شەریعەتی(موسا) لەمەڕ سزادانی مەرگ بۆ کافرەکان. بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەم شتانەشدا, من بە تێڕامانێکی زیاترەوە ئەم بەڵگەیە شیدەکەمەوە.

لەڕوانگەی کۆمەڵەی جولەکەوە پرسەی کافرەکان دوو حاڵەت لەخۆدەگرێت. حاڵەتی یەکەم دەربارەی کەسانێکە کە بەخۆشحاڵیەوە ئایینی حەزرەتی(موسا)یان قبوڵکردووو بونە ئەندام لە کۆمەڵەی جولەکەدا, بەڵام دوای ماوەیەك رویان لە پەرستنی خوای نەتەوەی(بەنی ئیسرائیل) وەرگێڕا. لەتەك ئەو کەسانەدا وەك خائینو یاخیگەلێك رەفتار دەکرا وەك ئەوەی خیانەتیان بە پاشا کردبێت, چونکە حکومەتی یەهودیەکان کە لە رووی رووبەڕووبونەوە لەتەك کافرو موشریکەکاندا لە کۆمەڵگاکانی دی جیاواز بوو, حکومەتێکی ئاینی بێسنورو رەها بوو. لەم حکومەتەدا هیچ جیاوازیەك لەنێوان دەوڵەتو مەرجەعی مەزهەبیدا نەبووو, نەشدەکرا هەبێت. لەم کۆمەڵگەیەدا ئەو یاسایانەی دەربارەی عیبادەتی یەزدانی بێهاوتاو نادیار دادەنرا, هەر هەمان یاسا مەدەنیەکانی خەڵکی بوونو بە بەشێك لە یاساکانی حکومەتە سیاسیەکان لە قەڵەمدەدرا. لە راستیدا لەمجۆرە کۆمەڵگایەدا یەزدان خۆی یاسادانەر بوو, ئێستا گەر کەسێك بتوانێت لەم سەردەمەدا کۆمەڵگایەکم بۆ دیاریبکات کە لەسەر ئەم بنەمایە دروستکرابێت, منیش بەوە قایلدەبم کە دەبێت لەم کۆمەڵگایەدا یاسا مەزهەبیەکان وەکوو پێویست بەشێك بن لە یاسا مەدەنیەکانو, رەعیەتەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی حکومەتیش دەتوانن و دەبێت بە تەواوەتی لە رێگەی دەسەڵاتی مەدەنیەوە پەیڕەوی لە کڵێسە بکەن. بەڵام بەپێی تێزەکانی ئینجیل, هەرگیز لە کۆمەڵگایەکی مەسیحیدا شتێکی لەو جۆرە بەرچاو ناکەوێت. گەلێك شارو وڵات هەبوون کە ئاینی حەزرەتی مەسیحیان قبوڵکردبوو, بەڵام فۆڕمە کۆنەکانی حکومەتەکانی خۆیان پاراستو بە هیچ جۆرێك یاسا مەسیحیەکان دەستیان وەرنەدا لە کاروباری حکومەتەکەیاندا. بە دڵنیاییەوە مەسیح ئەوەی فێری مرۆڤەکان کردووە کە چۆن دەتوانن لەرێگەی ئیمانو کاری چاکەوە بە ژیانی ئەبەدی

بگەن, بەڵام حکومەتی دانەمەزراند. ئەو(مەسیح) فۆڕمێکی تایبەتو نوێی بۆ پەیڕەوکارانی دەستنیشاننەکردو هیچ کاتێك شمشێری نەدایە دەست فەرمانڕەوای سیاسیو مۆڵەتی نەدا کەڵك لە شمشێر وەربگیرێت تا مرۆڤەکان ناچار بکرێن دەست لە ئاینی پێشوویان هەڵبگرنو ئاینەکەی ئەو قبوڵبکەن. دوهەم, هیچ کاتێك بێگانەکانو ئەو کەسانەی کە لە بەرامبەر کۆمەڵگای(بەنی ئیسرائیلدا) بە بێگانە دادەنران, ناچار نەبوون کە بەزۆر شەریعەتی جولەکەکان رەچاو بکەن, بەڵام بە پێچەوانەوە لە هەمان وولاتدا بڕیاری لە سێدارەدانی جولەکەیەك کە بو بووە کافر دەردەکرا, لە کاتێکدا بەپێی فەرمانەکانی کتێبی تەورات"نابێ بێگانەکان بکەونە بەر شالاوی ئازارو ئەشکەنجەوە" [سەفەری خروج, بەشی 22, بەندی 21] من دان بەو حەقیقەتەدا دەنێم کە حەوت نەتەوەی نیشتەجێی سەرزەمینێك کە بە"بەنی ئیسرائیل" بەڵێنی دابوو, بە تەواوی لەناوچوون, بەڵام ئەم لەناوچوونە تەنها بەهۆی ئەوەوە نەبوو کە ئەوان بەکافرو بتپەرست دادەنران, چونکە ئەگەر هۆکەی ئەوە بوایە ئەدی بۆچی(موئابیەکان[8])و نەتەوەکانی دی بەخشران؟ نەخێر لەبەر ئەوە بوو کە یەزدان بێئەوەی شەرکێکی هەبێت بەتاکە فەرمانڕەوایی جولەکەکان دادەنراو, نەیدەتوانی لەسەر زەمینی(کەنعان)دا کە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی بوو, پەرستنی یەزدانێکی دیکە کە بە خیانەتێکی گەورە دژی ئەو دادەنرا, قبوڵبکات. چونکە نەدەکرا ئەمجۆرە سەرپێچیکردنە ئاشکرایە لەتەك حکومەتەکەیدا لەو سەرزەمینەدا کە تەواو مەسەلەیەکی سیاسی بوو, بگونجێنێت.کەواتە, دەبوایە هەر جۆرە خودانەناسیو بتپەرستیەك لە قەڵەمڕەوی حکومەتی یەزداندا ریشەکێشبکرێت, چونکە لە راستیدا ئەم مەسەلانە پشتگیریکردن بوو لە یەزدانێکی دی واتە پشتگیریکردن لە فەرمانڕەوایەکی دی کە بە دژی شەریعەتی یەزدان[فەرمانڕەوای رەها]دادەنرێت. بەمشێوەیە دانیشتوانی(کەنعان) لە وڵاتاکانی خۆیان دەرکرانو تەواوی موڵكو ماڵی ئەو وڵاتانەش بە(بەنی ئیسرائیل) بەخشرا.

هەر لەبەر ئەم هۆیە منالانی(ئیسحاق[9])و لووت, (ئیمیمەکان[10])و (هۆریمەکان[11]) یان لە وڵاتی خۆیان دەرکردو, بەمجۆرەش یەزدان



وڵاتەکەیانی بەهێرشبەرەکان بەخشی[12]. گەرچی بەمشێوەیە کفرو بتپەرستی لە وولاتی(کەنعان)دا ریشە کێشکرا, بەڵام تەواوی کافرو بتپەرستەکان لەناوچوون. تەواوی بنەماڵەی(راحاب[13])و هۆزی(گیبوون[14]) کە هاودینی هۆزی(یوشع) بوون, بەپێی رێکەوتنامەیەك مۆڵەتی نیشتەجێبوونیان وەرگرتو گەلێك لە دیلەکانیش کە لەناو جولەکەکاندا دەژیان کافر بتپەرستبوون. حەزرەتی(داود)و حەزرەتی(سولەیمان) لە دەرەوەی سەرزەمینی مەوعود[ئیسرائیلی ئێستا-وەر] چەندان وولاتیان خستە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیانو سەرکەوتنەکانیان تا روباری فوراتی گرتەوە. تەنانەت یەك کەس لەناو ئەو دیلە زۆرانەی کە گرتبوونیان نادۆزینەوە لەناو ئەو میللەتە زۆرانەدا کە خستبونیانە ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆیان کە بە زۆر کرابێت بە جوولەکەو ناچار کرابێت خوای لەسەر حەق بپەرستێتو, یان بە هۆی کفرو بتپەرستیەوە سزادرابێت, ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە ئەوان گوناهبار بوون. بە دڵنیاییەوە ئەگەر کەسێك خۆی بە ئاینەکەی ئەوانەوە گرێبدایەو حەزی بکردایە ببێت بە ئەندامی کۆمەڵگاکەیان, وەك پێویست ملکەچی یاساکانیان دەبوو, واتە ئاینی ئەوانی قبوڵدەکرد. بەڵام ئەو, ئەمکارەی بەو پەڕی رەزامەندیو بەپێی حەزوو ویستی خۆی ئەنجامدەدا, نەك لەسەر بناغەی زۆرو فشار. ئەو بە پێچەوانەی مەیلی خۆیەوە تەسلیمی ئەو ئاینە نەدەبوو تا بەو هۆیەوە گوێڕایەڵبوونی خۆی بۆ ئەوانی دی دەربخات, بەڵکو وەك نیعمەتێك, داواکارو خوازیاری ئاین بوو وە هەر لەگەڵ ئەوەی کە بە ئاینی جولەکە قایل دەبوو ئیدی دەکەوتە ژێر چاودێری کڵێسەکانی حکومەتەوە, ئەو یاسایانەی کە بەپێی بنەماکانی هەموو دیارەکانی کفرو بتپەرستی لە قەڵەمڕەوی وولاتی(کەنعان)دا بە قەدەغەکراو دادەنرا. بەڵام هەر بەو جۆرەی کە پێشتر قسەمان لەسەر کرد, ئەم یاسایانە بەناو هیچ یەك لە وولاتەکانی دەرەوەی سنوورەکانی(کەنعان)دا بڵاونەبوونەوە تەنانەت ئەو وولاتانەش کە لەژێر دەسەڵاتی جولەکەکاندا بوون, تا ئێرە دەربارەی فۆڕمی روکەشی عیبادەت قسەمان کرد, ئێستا ئیتر بەراڤەکردنی بنەماکانی(ئیمان)ەوە سەرقاڵدەبین.

www.pertwk.com

بەشێك لە بنەماكانی ئاین پراكتیكین و بەشەكەی دیكەش تیۆرین. گەرچی هەریەك لەوانە ناسین و تێگەیشتنی حەقیقەتی لەخۆگرتووە، بەڵام بنەما تیۆریەكان تەنها بەزەین و تێگەیشتنی خەڵكیەوە گرێدراوەو، بنەما پراكتیكیەكانیش كاریگەری لەسەر ئیرادەو رەفتاریان دادەنێت، بیروڕا تیۆریەكان و بنەماكانی ئیمان بەو شێوەیەی كە ناو دەنرێن، تەنها دەبێ ببن بە بەشێك لە بیروڕاكانی خەڵكی و ناكرێ بەهۆی یاسای مەدەنیەوە بەسەر كڵێسەدا داسەپێنرێت، چونكە كارێكی بێهوودەیە كە یاساكان دەستوور بدەن تا خەڵكی هەندێ كار ئەنجامبدەن كە توانایان بە سەریاندا ناشكێت. كەواتە باوەڕكردن بە(راستی)و (هەڵەی) مەسەلەكان، پەیڕەوی لە ئیرادەو خواستی ئێمە ناكەن. بەهەر حاڵ ئێستا هێندەی پێویست بكات قسەم لەسەر ئەم بابەتە كردووە، بەڵام هەندێ كەس دەڵێن لێگەڕێ با لانیكەم خەڵكی وا خۆیان دەربخەن كە مرۆڤگەلێكی باوەڕدارو ئایینپەروەرن، ئەو ئاینە ئازیزو خۆشەویستەی كە خەڵكی ناچار بەپیاكاری دەكات و، بۆ بەخشین و بەختەوەربوونی رۆحیان لەگەڵ یەزدان و چ لەتەك مرۆڤدا درۆ دەكات! ئەگەر فەرمانڕەوا پێی وایە بەمجۆرە دەتوانێت مرۆڤەكان رزگار بكات، دەبێ بڵێین بە تەواوی بێئاگایە لەو رێگایانەی كە بە بەختەوەری دەگات. بەڵام ئەگەر ئەم كارانە بۆ رزگاركردنی ئەوان ئەنجام دەدات، ئیدی بۆچی زۆرجار بنەماكانی ئاین دەخاتە چوارچێوەی یاسایەكی مەدەنیەوە.

جیا لەمانەش، نابێت فەرمانڕەوا ووتارە مەزهەبیەكان قەدەغە بكات و هەروەها نەهێڵێت گروپە مەزهەبیەكان باوەڕی تیۆری خۆیان بخەنەڕوو، چونكە بە هیچ جۆرێك ئەم مەسەلانە بە مافی مەدەنی رەعیەتەكانەوە گرێنەدراوە. ئەگەر ئەندامێكی كڵێسەی كاسۆلیكی(رۆما) پێی وابێت ئەو شتەی كە خەڵكی پێی دەڵێن(نان) لە راستیدا ئەوە جەستەی(مەسیح)ە ئەو بەم باوەڕەی هیچ زیانێك لە دراوسێكەی نادات. ئەگەر جولەكەیەك باوەڕی بەوە نەبێت كە(ئینجیل) ووتەی یەزدانە، ئەوا بەو باوەڕەی هیچ شتێك لە مافە مەدەنیەكانیخەڵكی ناگۆڕێت. ئەگەر كافرێك گومانی لە رەسەنایەتی ئینجیل و تەورات هەبێت، نابێت وەك هاوولاتیەكی ترسناك و



خراپەكارسزا بدرێت، یان ئەگەر كەسێك باوەڕی بەم مەسەلانە هەبێت یان نەبێت، دەبێ دەسەڵاتی فەرمانڕەواومۆڵەكایەتی خەڵكی، هەردوكیان بە شێوەیەكی یەكسان بپارێزێت. من قایلم بەوەی كە باوەڕەكانی كافرەكان پوچ و بێبایەخن، بەڵام ئەركی یاساكان ئەوە نیە كە راست و دروستی باوەڕەكان دیاریبكەن و هەورەها گیان و ماڵی هەموو خەڵكی بپارێزن، تەنها ئەم شتانە بە ئەركی ئەوان دادەنرێت. چونكە ئەگەر بۆ تەنها یەك جاریش دەست لە حەقیقەت هەڵبگرین بەو جۆرەی كە هەیە، ئەوسا باشتر دەتوانێت خۆی دەربخات. بەدەگمەن حەقیقەت توانیویەتی و ئەشترسم هەرگیز نەتوانێت تائەو رادەیە لە دەسەڵاتی مرۆڤگەلێكی گەورە كە بەسەختی تێیگەیشتوون و رێزیان بۆ داناوە كۆمەك وەربگرێت. ناكرێ لە رێگەی یاساكانەوە حەقیقەت فێری خەڵكی بكرێت و، پێویست ناكات بەزۆرە ملیێ بخرێتە زەینی خەڵكیەوە، چونكە لە راستیدا گەندەڵی و ناڕاستیەكان بەهۆی هێزی بێگانەو بەكرێ گرتەوە پەردەدەسێنن، خۆ ئەگەر حەقیقەت نەتوانێت بە توانایی خۆیەوە زەینی خەڵكی بكاتەوەو، بۆ ئەمكارەش پەنا بۆ زۆرو ملهوڕی ببات، لەو حاڵەتەدا هیچ دەسەڵات و بایەخێكی نامێنێت. ئەمانە دیدی منن دەربارەی مەسەلە تیۆریەكان و ئێستاش دێمە سەر لایەنە پراكتیكیەكان.

ژیانێكی باش كە ئاین و تەقوای راستەقینە بەشێكی سەرەكی پێكهێناوون لە هەمان كاتدا بە حكومەتی مەدەنیشەوە گرێدراوە. كەواتە لەناو ژیانێكی باشدا چ ئاسایشی رۆحی خەڵكی و چ ئاسایشی كۆمەڵگەش دابیندەكرێت و، كردەوە ئاكاریەكانیش بە هەردوو قەڵەمڕەوی دادوەری دەرونی و دەرەكیەوە گرێدەدرێن، واتە پەیوەندیان بە هەردوو فەرمانڕەوای مەدەنی و دەرونیەوە هەیە(فەرمانڕەوای حكومەت و ویژدان). لەم روەوە پێشبینی ئەو مەترسیە گەروەیە دەكرێت كە هەر یەك لەم دووانە دەستدرێژی بكەنە سەرهەرێمی یەكدی و ناكۆكی و ناتەبای لەنێوان پارێزەری ئاشتی و ئاسایشی وولات و هەورەها چاودێرانی بەختەوەری رۆحی خەڵكی بێتە ئاراوە. بەڵام ئەگەر بەدروستی ئەو شتە رەچاو بكرێت

که پێشتر دەربارەی سنوری ئەو دوو دەسەڵاتە قسەی لەسەرکرا, ئیدی تەواوی ئاستەنگەکانی ئەم باسە لەنێو دەچن.

هەر تاکێك خاوەنی رۆحێکی نەمرەو ئەو توانایەی هەیە کە تا هەتایە بەختەوەر یان بەدبەخت بێت‌و, بەختەوەریشی بەستراوە بە باوەڕەکردن‌و جێبەجێکردنی ئەو کارو بارانەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لوتفی یەزدان بە دەستبهێنێت‌و یەزدانیش هەر بەو بۆنەیەوە ئەو شتانەی فەرزکردووە. لەم پێشەکیەوە بەو دەرئەنجامە دەگەین کە یەکەم, رەچاوکردنی ئەم بنەمایانە گەروەترین ئەرکن کە خراونەتە ئەستۆی مرۆڤو, دەبێت زیاترین بایەخ‌و تەقەلای ئەو مرۆڤە بۆ بەدەستهێنان‌و بەدیهاتنی ئەو بنەمایانە تەرخان بکرێت, چونکە هیچ شتێك لەم دونیایەدا شیاوی بایەخپێدان نیە کاتێك کە لەتەك(ئەبەدیەت)دا بەراوورد دەکرێت. دوهەم, چاودێریکردنی مرۆڤەکان شتێکی فەرزە تا ئەوان بە هەندێ باوەڕی نادروست‌و هەروەها شێوازی نەشیاوی عیبادەتەکانیان دەستدرێژی نەکەنە سەر مافی یەکدی‌و هەروەها سزای ئەبەدی یەکێکیان زیان بە ژیانی ئەوی دیکەیان نەگەیەنێت. لەبەر ئەوە چاوەدێریکردنی بەختەوەری‌و بەخشینی رۆحی هەرکەسێك مەسەلەیەکە پەیوەندی بە خودی ئەو کەسەوە هەیە. نامەوێ کەس واتێبگات کە گوایە مەبەستم رەتکردنەوەی تەواوی ئەو رێنماییە خێرخوازانەو تەقەلاسۆز ئامێزانەیە کە بە مەبەستی چاکردنەوەی هەڵەکانی خەڵکی ئەنجامدەدرێن. لەراستیدا ئەم کارانە بۆ هەر مەسیحیەك بە گەورەترین ئەرك دەژمێردرێت. هەرکەسێك دەتوانێت بەهەر ئەندازەیەك کە بیەوێت ئامۆژگاری‌و قسەو باس لەسەر رزگارکردنی خەڵکانی دی بکات, بەڵام دەبێت هەر جۆرە زۆرو ناچارکردنێك قەدەغە بکرێت‌و نابێت هیچ شتێك بە زۆرەملێی ئەنجامبدرێت. هیچ کەسێك بەر لەوەی کە رازیبکرێت, ناچار نیە بە زۆرە ملێ گوێڕایەڵی(ئەمرونەهییەکان)ی خەڵکانی دیی بێت. لەم بارەیەوە هەر کەسێك بۆ داوەریکردن لەسەر خۆی, خاوەنی دەسەڵاتێکی رەهاو بێئەندازەیە, ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە رەفتاری ئەو کەسە لەو زەمینەیەدا تەنها بەخۆیەوە گرێدراوەو زیان بە کەسێکی دی ناگەیەنێت.



بەڵام مرۆڤەکان سەرەڕای ئەم رەهەندە رۆحیە کە نەمرە, لەسەر ئەم گۆی زەویە خاوەن ژیانێکی جەستەیشتن. لەبەر ئەوەی ژیانی مرۆڤ(فانی)و زوو تێپەڕە, کەواتە پێویستیان بە هەموو جۆرە ئاسانکاری‌و کەرەستەیەك هەیە تا پارێزگارییان لێبکات. ئەم ئاسانکاری‌و کەرەستانەش شتانێکن کە بە هەوڵ‌و تەقەلا بە دەستهاتوون‌و پارێزراوون, چونکە ئەو شتانەی کە بۆ ئاسوودەیی‌و ئاسایشی ژیان بە پێویست ئەزانرێن خۆبەخۆ لە سروشتەوە هەڵناقوڵێن‌و ناتوانین بە ئاسانیش بەدەستییبهێنین, کەواتە لایەنە دونیاییەکەی مرۆڤ شایستەی چاودێری‌و بایەخپێدانی زیاترەو دەبێ کاری زۆرتر لەسەر بکرێت. بەڵام بەدبەختی مرۆڤ لەوەدایە کە لە جیاتی ئەوەی خۆی زەحمەت بکێشێت,بە پێچەوانەوە ئەوە بە لە(پێشتر) دەزانێت کە بەرهەمی رەنجی ئەوانی دی تالان بکات, کەواتە پێویستی مافی مۆڵکایەتی مرۆڤەکان بەرامبەر بەو شتانەی کە بەهۆی هەندێ کاری راستەوە بە دەستیان هێناوەو هەروەها پێویستی دابینکردنی ئازادی کارو تواناکانی بەمەبەستی بەدەستهێنانی شتگەلێ کە لە ئایندەدا خوازیاری دەبن, مرۆڤەکانی هاندا تا پێکەوە کۆمەڵگایەك دروستبکەن کە لەرێگەی هاوکاری دوولایەنەو دەسەڵاتی هاوبەشەوە, بتوانن داکۆکی لە مافی مۆڵکایەتی خۆیان بکەن دەرهەق بەو شتانەی کە ئاسایش‌و خۆشبەختی ژیانی دونیایان بۆ فەراهەمدەکات. ئەمەش لەکاتێکدایە کە چاودێریکردنی بەختەوەری ئەو دونیای هەرکەسێك پەیوەستە بە خودی ئەو کەسەوە, چونکە ناتوانرێت بە دەستهێنانی بەختەوەری ئەو دونیا لە رێگەی تەقەلای کەسێکی دیەوە فەراهەمبکرێ‌و لە دەستدانیشی زیان بە کەسێکی تر ناگەیەنێت, هەورەك چۆن ناکرێ بەهۆی دەسەڵاتی دونیاییەوە خواستی بەختەوەری ئەو دونیا نەهێڵرێت. بەڵام, گەرچی مرۆڤەکان دێنە کۆمەڵگایەکەوە کە بەپێی رێکەوتنێکی دوو فاقی‌و هاریکاریکردن بۆ داکۆکیکردن لە مۆڵکایەتی دونیایان هاتۆتە ئاراوە, لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە مۆڵك‌و دارایەکانیان بەهۆی فێڵ‌و تالانی هاووڵاتیان یان دەستدرێژی دوژمنکارانەی بێگانەکانەوە هەڕەشەی لێبکرێت. چارەسەرکردنی پەتای دوهەم, سوپاو پارەو زۆربوونی ژمارەی

www.pertwk.com

رەعیەتەکانی دەوڵەتەو، چارەسەرکردنی پەتای یەکەمیش دانانی یاساو مافی چاودێریکردنە بەسەر هەموو ئەو شتانەدا کە پەیوەندیان بە دوژمنانی دەرەوەو ناوەوە هەیە، لەو رووەشەوە کۆمەڵگا بە فەرمانڕەوای سیاسی سپێردراوە. لێرەوەیە سەرچاوەی بەدیهاتنی یاسادانەرو هەر ئەمەشە کەڵك و سنورەکانی تاکی یاسادانەر کە لەهەموو وڵاتێکدا دەسەڵاتێکی سەرکەوتووە. بە بڕوای من بۆ پاراستن و دابینکردنی مۆڵکایەتی تایبەتی هەموو مرۆڤەکان، دەبێ ئەم ئامرازە [یاسادانەر] بێتە ئاراوە، واتە بۆ چاودێریکردنی ئاشتی و سامان و مۆڵکایەتی گشتی کە هی تەواوی خەڵکیە، لەگەڵ ئەوەشدا بە دیهاتنی ئەم ئامرازە[یاسادانەر] تاڕادەیەکی گونجاو پێویستە بۆ زۆربوونی توانا رۆحیەکانی خەڵکی بە مەبەستی روبەڕووبوونەوە لە ئاستی دەستدرێژی بێگانەکاندا.

ئێستا کە ئەم بابەتانە رونکرانەوە، دەکرێ بە ئاسانی تێبگەین دەسەڵاتی یاسادانەر دەبێ بە دوای[دابینکردنی] چ ئامانجێکەوە بێ و چ ڕێساگەلێکیش دەیکاتە یاسادانەر. لەم بابەتەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە تەنها بەڵگەی ئەندامبوونی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگاو، تەنها شتێکیش کە ئەوان بە دوایەوەن(دابینکردنی) بەختەوەری دونیایی و[بەدەسهێنانی] سامانی روکەشی کۆمەڵگایە. هەر بەمجۆرە ئاشکرایە کە ئازادی مرۆڤ پەیوەندی بە بەختەوەری ئەبەدی خودی مرۆڤەوە هەیەو بە پارێزراویش دەمێنێتەوە، هەر بەم هۆیەوە هەر مرۆڤێك دەبێت کارێك ئەنجامبدات کە ویژدانی پێی قایل بووە، ئەم کردەوەیەشی یەزدان پەسەندی دەکات، یەزدانی رەها کە بەختەوەری ئەو مرۆڤە بە رەزامەندی و قایلبوونی ئەوەوە بەستراوە، چونکە یەکەم ئەرکی مرۆڤ لەبەرامبەر یەزداندا بەندایەتیەو، دوهەمیش گوێڕاڵبوونە لەهەمبەر یاسامەدەنیەکان.

رەنگە هەندێ کەس بپرسن ئەگەر فەرمانڕەوابە کەڵکوەرگرتن لە دەسەڵاتی خۆی فەرمان لەسەر شتێك بدات کە لای ویژدانی خەڵکی هەڵە بێت، چی؟ وەڵامەکەم ئەوەیە کە ئەگەر حکومەت بەو پەڕی ئیمان و دڵسۆزانەوە بەڕێوەببرێ و لە راستیدا حوکمەکانی فەرمانڕەواش لە پێناوی بەرژەوەندیە گشتیەکاندا بێت، ئەمجۆرە شتانە بەدەگمەن رودەدات. بەڵام



رەنگە ئەگەر شتێکی وەها روبدات، بە بڕوای من دەبێ ئەو کەسە لەو کارەی کە بەهەڵە دەستنیشانی کردووە، خۆی بە دوور بگرێ و لەهەمان کاتیشدا دەبێ تەحەمولی ئەو سزایانەش بکات کە پێی وایە شایستەی ئەو نین. کەواتە لە مەسەلە سیاسیەکاندا ئەرکی داوەریکردنی تایبەتی تاکەکان دەربارەی یاسایەك، دیاریکراوە. هەر بەمجۆرە خێری(بەرژەوەندی) گشتیش بەربەست نیە لەبەردەم بەکاربردنی سزا یاساییەکانداو، ناکرێ سزا یاسایەکانیش لابرێن و چاوپۆشیان لێبکرێت. بەڵام ئەگەر یاسا پەیوەست بێت بەهەندێ شتەوە کە لە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادانیە، وەك ئەوەی کە خەڵکی یان گروپێك لەوان ناچاربن بە مەزهەبی زاڵ قایل بن و لە عیبادەت و ڕێوڕەسمی عیبادیدا پەیڕەوی لە کڵێسەیەکی دی بکەن، لەم حاڵەتەدا ئەوان ناچار نین کە بەهۆی ئەو یاسایەوە دژایەتی ویژدانی خۆیان بکەن. لەبەر ئەوە کۆمەڵگای سیاسی بە تەواوەتی بۆ دابینکردن و پاراستنی مۆڵکایەتی مرۆڤەکان لەمەڕ ئەو کارانەی کە پەیوەندیان بە ژیانی دونیاییەوە هەیە، هاتۆتە ئاراوە. چاودێریکردنی رۆحی مرۆڤەکان و لەبەرچاوگرتنی ئەو مەسەلانەی پەیوەستە بە بەختەوەری ئەبەدیەوە، هیچ پەیوەندیەکی بە حکومەتەوە نیەو ناچێتە ژێر سایەی قەڵەمڕەوە کەیەوە، بەڵکو بەختەوەری رۆحی مرۆڤەکان بە تەواوەتی بە خودی خۆیان سپێردراوە. فەرمانڕەوا ناتوانێت شتە دونیاییەکان لە مرۆڤەکان یان بەشێك لەوان زەوتبکات و بە هەندێ کەسی تری ببەخشێت، تەنانەت ناتوانێت بە کەڵکوەرگرتن لە یاساش مۆڵك و دارایی هاووڵاتیەکانی ئاڵوگۆڕ بکات [واتە بە مەیلی خۆی بیداتە کەسێکی دی– وەر]. لەبەر ئەوەی ئەم مەسەلانە هیچ پەیوەندیەکی بە ئامانجی حکومەتی مەدەنیەوە نیە، کەواتە نابێ فەرمانڕەواکان بە بیانووی مەزهەب چ دروست بێت یان هەڵە، زیان بە مەسەلە دونیاییەکانی هاووڵاتیەکانیان بگەیەنن، چونکە تەنها کاری حکومەت ئەوەیە کە دەبێت چاودێری ئەم مەسەلانە بکات. رەنگە هەندێ کەس بپرسن ئەگەر فەرمانڕەوا پێیوابێت کە ئەم جۆرە یاسایانە بە قازانجی خێری گشتیە، چی؟ لە وەڵامدا دەڵێم هەرچەند داوەریکردنی تایبەتی تاکەکانیش

www.pertwk.com

هەڵەبێت, دیسان لە سزاکانی یاسا نا بەخشرێن, لێرەوە هەڵسەنگاندنی تایبەتی فەرمانڕەواش- کە من بەو شێوەیە ناوی دەبەم- هیچ مافێکی تازە بە فەرمانڕەوا نادات بۆ ئەوەی یاساکان بەسەر ڕەعیەتەکانیدا بسەپێنێت, چونکە نە لە(دەستور)ی حکومەتدا ئەمجۆرە مافەی دەردێتێ و, نە تەنانەت خەڵکیش دەتوانن ئەو مافەی پێببەخشن. ئەگەر مافێکی لەو جۆرە بە فەرمانڕەوا ببەخشرێت, کەمترین ئاکام ئەوە دەبێت ئەو لە ڕێگای قەڵاچۆکردنی ئەوانی دیەوە سیاسەتێك دەگرێتەبەر کە ئامانجی دەوڵەمەندکردن و بەرزکردنەوەی پلەو پایەی لایەنگران و هاوگروپەکانی خۆی دەبێت. بەڵام ئەگەر فەرمانڕەوای سیاسی پێی وابێت کە مافی دانانی ئەو جۆرە یاسایانەی هەیەو ئەو یاسایانەش هاوتان لەتەك قازانجی گشتیدا, لە کاتێکدا خەڵکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەت روانگەیەکی پێچەوانەی ئەویان هەبێت, چی؟ چ کەسێك دەبێت داوەری لە نێوانیاندا بکات؟ لە وەڵامدا دەڵێم تەنها یەزدان دەتوانێت داوەری لەسەر ئەم مەسەلەیە بکات, یەزدانێك کە لە رۆژی قیامەتدا هەرکەس بەپێی حەقی خۆی سزا دەدات, واتە هەر کەسێك هەوڵبدات لە پێناوی پەرەپێدانی تەقواو بەختەوەری گشتی و ئاشتی مرۆڤەکاندا, بەپێی ئەو پاکژی و راستگۆییە خەڵات دەکرێت. بەڵام داخۆ لەم مەودا زەمانیەوە تا رۆژی قیامەت دەبێ چی بکەین؟ وەڵامی من ئەوەیە, دەبێت یەکەم شت بایەخی بنەڕەتی و بنچینەیی هەر تاکێك وا بەستە بێت بە خودی خۆیەوەو لە قۆناغی دواتریشدا بە ئاشتی گشتیەوە[ئینجیلی لۆقا, بەشی شەشەم]. گەرچی تا ئێستاش ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی واتێدەگەن کە لەمجۆرە کۆمەڵگایەدا ئاشتی و ئاسایش لە ئارادایە, لە کاتێکدا بە چاوی خۆیان دەبینن کە هەموو شتێك وێرانکراوە[15]. هەمیشە دوو جۆرە کێشمەکێش و ململانێ لە نێو مرۆڤەکاندا هەیە, یەکێکیان پەیڕەوی لە یاسا دەکات و ئەوی دیکەیان لە ڕێگەی زۆرو دەسەڵاتەوە کاری خۆی بەرەو پێشەوە دەبات و, هەردووکیان لە بنەڕەتدا بەو شێوەیەن کە کۆتایی یەکێکیان سەرەتای دەستپێکردنی ئەوی دیکەیانە. نامەوێت دەستوری بنەڕەتی میللەتە جۆراوجۆرەکان راڤە بکەم, بەڵام هێندە دەزانم کە ئەگەر



وتوێژێك دەستێبکات و داوەرێك نەبێت تاکۆتایی بەو قسەو باسانە بهێنێت, داخۆ چ کارەساتێك روودەدات.

ڕەنگە بڵێن لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوا بە هێزترە, مەیل و خواستی خۆی دادەسەپێنێت و قسەی خۆی بەسەر ئەوانی تردا زاڵ دەکات. بێگومان بەو جۆرەیەوە, بەڵام لێرەدا مەسەلەکە تەنها ئەوە نیە کە گومان لە پێشهاتنی ئەو روداوە بکەین, بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بە فەرمانڕەوای راست و چاکخوازەوە هەیە.

ئێستا با بچینە سەر ووردەکاریەکان. بە بڕوای من دەبێت فەرمانڕەوا باوەڕگەلێك کە هیچ ناکۆکیەکیان لەتەك کۆمەڵگای مرۆیی و هەندێ پێوەری ئاکاریدانیە کە بۆ بەردەوامبوونی کۆمەڵگای مەدەنی پێویستن, تەحەمولبکات. بەڵام بە دەگمەن باوەڕی بەمجۆرە لە کڵێسەکاندا بەرچاودەکەوێت, چونکە هیچ یەك لەو گروپانە بەو پلەی نەفامیە ناگات ئەوە بەراست بزانێت بۆ وانە ئاینییەکان ئەو بابەتانە بڵێتەوە کە بە ئاشکرا بنەماکانی کۆمەڵگا لە قەدەکات و بەم شێوەیەش لەلایەن تەواوی خەڵکیەوە تاوانبار بکرێت, لەبەر ئەوە لەم حاڵەتەدا بەرژەوەندیەکان و ئاسایش و پێگەو بەهاوکەسایەتی و هەموو شتێکیان هەڕەشەی لێدەکرێت.

گەندەڵیەکی شاراوەو گەورەی دی کە بۆ کۆمەڵگا زۆر ترسناکە, ئەو دۆخەیە مرۆڤەکان بە هەندێ ئیمتیازی تایبەت بۆ خۆیان و هاوگروپەکانیان قائیل بن و, ئەو ئیمتیازە نا بەجێییانەش لە پشت پەردەی قسەی درۆو تەڵەکەبازیدا بشارنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە ئەم ئیمتیازە نا بەجێیانە لەتەك مافە مەدەنیەکانی کۆمەڵگادا ناکۆکن, بۆ نمونە ناتوانن هیچ گروپێك بدۆزینەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەوە رابگەیەنێت کە مرۆڤەکان ناچارنین لەبەرامبەر بەڵێن و پەیمانەکانیدا وەفاداربن, یان ئەوە رابگەیەنێت کەسانێك کە لەڕوی ئاینیەوە هاوباوەڕی پاشا نین, دەتوانن لەسەر تەختی پاشایەتی دایگرن و یان ئەوەی کە حاکمییەتی هەموو شتێك تەنها بۆ خۆی بەڕەوا دەزانێت. لێرەوە ئەو باوەڕانەی بەمجۆرە بە ئاشکراو بێپەردە دەخرێتەڕوو, بەخێرایی تەواوی هەزرو ئیرادەی فەرمانڕەوا بەرەولای خۆی رادەکێشێ و زەینی کۆمەڵگاش هۆشیار

www.pertwk.com

دەکاتەوە تا ڕێگە لە بڵاوبونەوەی ئەمجۆرە گەندەڵیە ترسناکە بگرێت, بەڵام کەسانێکی تر دەبینین کە هەمان ئەو مەسەلە(ئەهریمەنیانە) بە شێوەیەکی دی دەردەبڕن. ئەوانەی خەڵکی فێردەکەن"کە نابێ لەتەك مورتەدەکاندا راستگۆبن" دەبێ لەوە زیاتر چ مەبەستێکی دیکەیان هەبێت, لە راستیدا مەبەستیان ئەوەیە کە تەنها ئەوانن مافی هەڵوەشاندنەوەی بەڵێن‌و پەیمانیان هەیە. چونکە ئەوان هەموو ئەو کەسانەی ئەندامی گروپەکەیان نین. بە کەسانی بێدین لە قەڵەمدەدەن‌و, یان لانیکەم هەر کات بۆیان بڕەخسێت تۆمەتێکی لەو جۆرەیان بۆ دروستدەکەن.

ئایا مەبەستیان لەو قسەیە چیە کە"ئەگەر پاشایەك تەکفیر بکرێ, تاج‌و تەختی پاشایەتی لە دەستدەدات؟" زۆر ئاشکرایە لەم ڕێگەیەوە بەرکەنارکردنی پاشا بە مافی خۆیان دەزانن. چونکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرن مافی تەکفیرکردن, مافی تایبەتی لێپرسراوە رۆحانیەکانی خودی خۆیانە. دەستەواژەی"حکومەت, خەڵات‌و بەخششێکی ئیلاهیە" قسەیەکە لەلایەن کەسانێکەوە دەکرێت کە بە ئاشکرا لافی مۆڵکدارێتی بەسەر هەموو شتێکدا لێدەدەن. کەواتە, ئەمانە گەر بڕواو ئیمانیان بەشتێك نەبێت, ئیدی پێوستیان بەوە نیە کە خۆیان بە ئیماندارو دینداری راستەقینە پیشانبدەن. لەبەر ئەوە ئەم کەسانەو نمونەی ئەوانیش, خەڵکانێکن کە تەنها هەر خۆیان بە ئیماندارو دیندارو راستئەندێش دەزانن‌و لە راستیدا بەدەربڕینێکی سادە هەموو ئیمتیازە تایبەتیەکان یان دەسەڵاتدارێتی بەسەر خەڵکیدا, مافی خۆیان دەزانن‌و کەسانێك هەن بە بیانووی دینەوە ململانێ لەتەك هەر دەسەڵاتێکدا دەکەن کە لەسەر مەزهەبێکی جیاواز لەوەی ئەوانە. بە بڕوای من نابێ فەرمانڕەوا بە هیچ جۆرێك بە لێکبوردن‌و نەرمونیانیەوە هەڵسوکەوت لەتەك ئەو جۆرە کەسانەدا بکات, هەر بەو شێوەیەی نابێت لەتەك کەسانێکدا کە کردەوەی لێکبوردن لە مەسەلە ئاینیەکاندا بە ئەرکی خۆیان نازانن‌و هەروەها خەڵکانی دیکەش فێرناکەن, لێبوردنی هەبێت. هەموو ئەم تیۆرانەو تیۆرگەلی لەمجۆرە(کە هیچ مافێك بۆ ئەوانەی دی بەڕەوا نازانێ) دەلالەت لە چ شتێك دەکەن؟ ئەوە نەبێت کە دەیانەوێت‌و چاوەڕوانن تا لە دەرفەتێکی



گونجاودا دەسەڵاتی حکومەت بەدەستەوە بگرن‌و ماڵ‌و داراییەکانی هاووڵاتیەکانی خۆیان زەوتبکەین؟ وە تەنها تا ئەو کاتەی وەك پێویست دەسەڵاتیان بەسەر فەرمانڕەوادا دەشکێت, چاوەڕێی ئەوە لە فەرمانڕوا دەکەن بە لێبوردەیی و نەرمونیانیەوە رەفتاریان لەتەکدا بکات.

جیا لەمانەش, نابێت فەرمانڕەای سیاسی بە لێبوردەییەوە هەڵسوکەوت لەتەك ئەو کڵێسەیەدا بکات کە لەسەر ئەو بنەمایە دروستبووە, هەر کەسێك ببێتە ئەندامی خۆی لە خۆیدا دەبێ بە نۆکەری پاشایەکی دی‌و دەچێتە ژێر دەسەڵاتی ئەوەوە, چونکە لێکبوردن لە تەك ئەمجۆرە کڵێسەیەدا بەو بنەمایە دێ کە فەرمانڕەوا مۆڵەتی داوە دەسەڵاتێکی دەرەکی لە وڵاتەکەیدا بمێنێتەوەو هەروەها مۆڵەتی بەخەڵکیش داوە بچنە ریزی ئەو سەربازانەوە کە دژایەتی حکومەتەکەی دەکەن. ئەو جیاکردنەوە پوچ‌و نادروستەی نێوان دەربارو کڵێسە ناتوانێ ئەو ناسازگاریە چارەسەربکات, بە تایبەتی ئەو کاتەی چ کڵێسەو چ دەربار لە ژێر دەسەڵاتی رەهایی کەسێکدا بن کە ئەو, نەك تەنها دەسەڵاتی ئەوەی هەیە ئەندامانی کڵێسەکەی خۆی بۆ گەیشتن بە خواستەکانی هانبدات– ئەو خواستانەی کە دەکرێ تەنها مەزهەبێك بن یان ئامرازگەلێك بن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی– بەڵکو هەر بەو جۆرەش دەتوانێت بە بیانوی ئازادی قیامەتەوە هانیانبدات تا لە بەرامبەر ئەو خواستانەدا ملکەچ بکەن. شتێکی زۆر بێمانایە کەسێك تەنها لەروی ئاینیەوە خۆی بە پەیڕەوی حەزرەتی محەمەد(د. خ) بزانێ بەڵام لە تەواوی مەسەلەکانی دیکەدا, پەیڕەو وەفاداری فەرمانڕەوای مەسیحی بێت لەکاتێکدا ئەوەش قبوڵدەکات کە دەبێ خۆی بە تەواوەتی ملکەچی دەستورەکانی موفتی(قسطنطنیە) بکات, هەر ئەو موفتیەی کە خۆشی بە تەواوەتی ملکەچی دەستورەکانی ئیمپراتۆری عوسمانیەو حوکمە ئیلاهیەکانی ئاین بەپێی مەیلی ئەو ئیمپراتۆریەتە دەردەبڕێت. کەواتە موسڵمانێك کە لەناو مەسیحیەکاندا ژیان بەسەر دەبات, زۆر ئاشکرایە بە حکومەتەکەشیان قایل نابێت. چونکە بەوە قایل بووە هەمان کەسێك کە ڕێبەری ئاینەکەیەتی بە فەرمانڕەوای بەهێزی حکومەتەکەشی دادەنرێ.

www.pertwk.com

دواقسەم ئەوەیە نابێت بە لێکبوردن و دڵنەرمیەوە رەفتار لەتەك ئەو کەسانەدا بکرێت کە بوونی یەزدان رەتدکەنەوە. ئەو بەڵێن و سوێندو پەیمانانەی کۆمەڵگای مرۆیی پابەند دەکات, ناتوانێ هیچ پابەندبوون و(تەعەهود)ێك بۆ مرۆڤە بێدینەکان دروستبکات, چونکە هەڵگەڕانەوە لەیەزدان گەرچی تەنانەت لەزەین و ئەندێشەشدا بێت, تەواوی ئەو شتانە [بەڵێنەکان, پەیمانەکان, سوێندەکان] بێبایەخدەکات. جیا لەمانەش ئەو کەسانەی بە بێدینی خۆیان هەموو ئاینەکان بێهێز دەکەن و لەناویان دەبەن, بە هیچ شێوەیەك مافی ئەوەیان نیە بەهۆی عیبادەتی روکەشەوە لە مافی لێکبوردن بەهرەمەندبن. بەڵام سەبارەت بە باوەڕەکردەییەکان گەرچی ئەوانەش بە تەواوی لەلادان و هەڵە بەدوور نین, لەگەڵ ئەوەشدا گەر پەیڕەوانی ئەم باوەڕانە هەوڵندەن کە ئەوانی دی بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە یان نەیانەوێت ئەو گروپەی کە ئەو جۆرە باوەڕانەیان فێر دەکات لە مافی ئاسایشی مەدەنی بەهرەمەندبێت, لەم حاڵەتەدا هیچ بیانویەك نیە تا بە لێکبوردن و دڵنەرمیەوە رەفتاریان لەتەکدا نەکرێت.

دەبێت بابەتێك راڤە بکەم ئەویش پەیوەندی بە هەندێ کۆڕی تایبەتیەوە هەیە کە بەشێوەیەکی رەمەکییانەو بەناویشانی جۆراوجۆری وەك ئەنجومەنە نهێنیی و نایاساییەکان و هەروەها شوێنی گەشەکردن و پەروەردەکردنی تاقمچێتی و ئاژاوەگێڕی قسەیان لەسەر دەکرێت و, رەنگە ئەمجۆرە ئەنجومەنانەش هەبن و, تەسەور دەکرێت کە بوونی ئەمجۆرە کۆڕە نهێنیی و نایاساییانە لە خۆیدا بیانویەك بێت بۆ دژایەتیکردنی لێکبوردن. بەڵام بوونی کۆبونەوەی نهێنی دەرئەنجامی شتێکی تایبەت نیە لە شێوازو رەفتاریاندا, بەڵکو هەڵقوڵاوی ئەو بارودۆخە نالەبارەیە کە لە ئەنجامی سەرکوتکردنی ئازادیی و خراپ پیادەکردنیدا هاتۆتە ئاراوە. ئەگەر بنەماکانی لێکبوردن و نەرمونیانی پیادەبکرێن, بە خێرایی ئەمجۆرە تۆمەتانە لەنێو دەچن, واتە ئەوەی کە تەواوی گروپەکان هانبدرێن بنەمای لێکبوردن وەك پایەو بنچینەی ئازادی خۆیان لە قەڵەمبدەن و خەڵکی فێربکەن ئازادی ویژدان بە یەکسانی چ بۆ ئەوان و چ بۆ نەیارەکانیشیان,



مافی سروشتی هەر تاکێکەو نابێ هیچ کەس لەمەسەلە ئاینیەکاندا لە رێگەی یاساوە یان بەکاربردنی زۆرەملێوە ناچار بکرێت. کەواتە بە دیهاتنی ئەم مەسەلەیە, تەواوی بوارەکانی ناڕەزاییی و دڵەراوکێی ویژدان دەسڕێتەوە و بە یەکجاری هۆکارەکانی ناکۆکیی و دوژمنایەتی لەنێودەچێت و, هیچ مەسەلەیەك لەناو ئەم کۆڕە نهێنیانەدا نامێنێتەوە جگە لەوەی لەبەرامبەر تەواوی کۆڕەکانی دیکەدا ئاشتی ئامێزانەتر رەفتار دەکەن و کەمتر ئاژاوە بۆ دەوڵەت دروستدەکەن. وەرن با بەشێوەیەکی تایبەتی لە ریشەی ئەمجۆرە تۆمەتانە بکۆڵینەوە.

دەڵێن کۆڕو کۆبونەوەکان, ئاشتی گشتی دەخەنە مەترسیەوەو هەڕەشە لەمانەوەی دەوڵەت دەکەن. منیش دەڵێم ئەگەر وایە, ئەدی بۆچی رۆژانە کۆڕو کۆبونەوەی جۆراوجۆر لە بازاڕەکان و دادگای دادوەرەکاندا پێکدێت؟ بۆچی خەڵکی بۆ کڕین و فرۆشتن لە دەوری یەك کۆدەبنەوەو کۆڕ دەگرن؟ و بۆچی کۆبونەوەی خەڵکی لە شاردا مەسەلەیەکی شیاوو پەسەندکراوە؟ رەنگە بڵێن ئەوانە هەموو کۆڕی مەدەنین, بەڵام ئێمە دژایەتی کۆڕە مەزهەبیەکان دەکەین. منیش دەڵێم رەنگە زەمینیەکی زیاتر بۆ کێشمە کێش و دەرگیری لەناو ئەو کۆڕانەدا کە تەواو دوورن لە مەسەلە مەدەنیەکانەوە, بەرچاو بکەوێت, بەڵام جێگەی سەرسوڕمانە کۆڕە مەدەنیەکان لە کەسانێك پێکهاتووە کە لە مەسەلە ئاینیەکاندا جیاوازیان لە تەك یەکتردا هەیە, لەکاتێکدا ئەنجومەنە مەزهەبیەکان لە کەسانێك پێکهاتووە کە هەموویان باوەڕێکی یەکسانیان هەیە(16)! گوایە دەربارەی مەسەلە ئاینیەکان پێکەوە رێککەوتوون کە ئەوانە پیلانگەلێکن لە دژی حکومەت و, بەمجۆرە خەڵکی بەبێ هەبوونی ئازادی لەو کۆڕانەدا, (زۆر) لە روی دۆستایەتی و دلۆڤانیەوە لە مەسەلە ئاینیەکاندا لە تەك یەکتردا رێکناکەوون. لەگەڵ ئەمانەشدا بەردەوام جەخت دەکرێت لەوەی کۆمەڵگا مەدەنیەکان, کۆمەڵگایەکی کراوەو ئازادن و هەموو کەسێکیش دەتوانێ بە ئازادی ژیانی تیا بەسەر بەرێت لە کاتێکدا ئەنجومەنە مەزهەبیەکان یەکجار نهێنین و, دەرئەنجام هەندێ دەرفەتی گونجاو بۆ هەندێ پیلانی نهێنی دەڕەخسێنن. لە وەڵامدا دەڵێم کە بە تەواوەتی ئەمجۆرە لافلێدانە بە

www.pertwk.com

هەڵە دەزانم, چونکە هەندێ کۆڕی مەدەنی جۆراو جۆر هەیە کە بۆ هەموو کەسێك کراوەو ئازاد نیە. من لێتان دەپرسم, کێ گوناهی ئەو کۆڕانە لە ئەستۆ دەگرێت کە بەشێوەی نهێنیو شاراوە ئەنجامدەدرێ؟ ئایا گوناهی ئەو کەسانەیە کە حەزدەکەن لەو جۆرە کۆڕانەدا حزوری کۆمەڵایەتیان هەبێت, یان ئەو کەسانەی رێ لە حزوری کۆمەڵایەتی ئەو جۆرە کۆڕانە دەگرن؟ جیا لە مانەش بڕواتان وایە گروپە مەزهەبیەکان بیروڕاو کردەوەی خەڵکی پێکەوە گرێدەدەنو هەروەها یەکیدەخەنو لەبەر ئەوە یەکجار ترسناکە. خۆ ئەگەر بەو شێوەیە بێت, کەواتە بۆچی فەرمانڕەوا ترسو دڵەڕاوکێ دایناگرێت لەو کلێسەیەی کە پێوەی وا بەستەیەو, بۆچی کۆڕەکانیان بەو هۆیەی مەترسی دروستدەکات بۆ حکومەت, قەدەغە ناکات؟ رەنگە بڵێی لەبەر ئەوەی خۆی ئەندامی ئەو ئەنجومەنەیەو بگرە سەردەستەشیانە, گوایە لە یادتان چووە ئەو ئەندامی کۆمەڵگاو رابەری هەموو خەڵکیشە.

وەرن با بەشێوەیەکی رونتر ئەم بابەتە راڤە بکەین. فەرمانڕەوا لە بوونی کلێسەکانی دی دەترسێت بەڵام لە کلێسەکەی خۆی ناترسێت. کەواتە لەتەك کلێسەکەی خۆیدا میهرەبانو هاودڵە, بەڵام بەرامبەر کلێسەکانی دی سەختگیرو بێبەزەیی خۆی دەردەخات. لەگەڵ ئەندامانی کلێسەکەی خۆیدا وەك مندالاَن رەفتار دەکاتو, تەنانەت ئەگەر یاخیو خراپەکاریش بن چاوپۆشیان لێدەکات, بەڵام وەك کۆیلەیەك رەفتار لەتەك ئەوانی دیکەدا دەکات هەرچەند پاكو بێتاوانیش بن, هەروەها بەکاری سەختو زینـدانو زەوتکردنی مۆڵكو داراییەکانیان سزایان دەدات. هەمیشە دڵنەواییو چاودێری لە هاومەزهەبەکانی خۆی دەکاتو, نەیارەکانیشی دەداتە بەرقامچیو زوڵمیان لێدەکات. لە کاتێکدا ئەگەر رێگەیەکی دی هەڵبژێرێتو مۆڵەت بە نەیارە ئاینیەکانی بدات کە وەك تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا لە ئیمتیازە مەدەنیەکان بەهرەمەندبن, بە خێرایی بۆی دەردەکەوێ ئەو کۆڕە مەزهەبیانە هیچ جۆرە مەترسیەکیان(بۆ حکومەتەکەی ئەو) نیە. بەمجۆرە ئەگەر کەسانێك کە بەشدارن لە پیلانە تێکدەرانەکاندا, نابێ وا وێنایان بکرێت کۆڕە



مەزهەبیەکان ئیلهامی پێبەخشیوون, بەڵکو ئەو سەختیو ستەمانەی بەرامبەریان کراوە, هانیداوون خۆیان لەو بارودۆخە نالەبارە رزگار بکەن. لە هەر کوێیەك حکومەتی دادپەروەرو میانڕەو هەبێت, ئاشتیو ئاسایش پایەدار دەبێ, بەڵام چەوسانەوە دەبێتە هۆی وروژاندنی خەڵکیو مرۆڤەکان هاندەدات تا خۆیان لە ئازاری کۆیلەیەتیو ستەم رزگار بکەن. پێی لێدەنێم کە زۆربەی ئاژاوەگێڕییەکان بە هۆی پاڵنەرە ئاینیەکانەوە هاتونەتەئاراوە, بەڵام ئەوەش هەر راستە کە خراپەکاریەکی زۆر دەرهەق بە رەعیەتەکان کراوە بە هۆی مەزهەبەکەیانەوەو ژیانێکی ناخۆشیشیان بەسەر بردووە. باوەڕکە, ئەم کێشمەکێشانە دەرئەنجامی رەفتاری تایبەتی ئەم یان ئەو کلێسە یان فلان کۆمەڵگەی مەزهەبی نین, بەڵکو هەڵقولاَوی خواستی گشتیو هاوبەشی مرۆڤەکانن کاتێ دەخرێتە ژێر فشارێکی زۆرەوە, بەشێوەیەکی خۆڕسك هەوڵدەدەن خۆیان لەو دۆخە نالەبارە رزگار بکەن. گریمان, هەرگیز ناکۆکیە ئاینیەکان نەبونایەو هەندێ مەسەلەی دی بە هۆکاری جیاوازی نێوان خەڵکی دابنرانایە, بۆ نمونە تاکەکانی مرۆڤ بە پێی لەشو لارو روخسار لەیەك جیابونایەو, هەروەها گریمان کەسانێك کە قژیان رەشو چاویان قاوەییە, نابێت وەك هاوولاَتیەکانی دی لە ئیمتیازی یەکسان بەهرەمەندبنو, یان نابێت ئەو جۆرە کەسانە بە هۆی کارو پیشەکەیانەوە مۆڵەتی کڕینو فرۆشتنو بژێوی ژیانیان پێبدرێت, یان وا دابنێین کە نە دەبوایە ئەو جۆرە دایكو باوکانە بە پێی خواستی خۆیان پەروەردەو فێرکردنی منداڵەکانیان لە ئەستۆ بگرتایە, وەیان بڕیار وابوایە دەبێ ئەو جۆرە کەسانە لە تەواوی ئیمتیازەکانی یاسا بێبەشبن, وە یان کینە تۆزانەو لایەنگرانە لە بارەیانەوە داوەریبکرێت. ئایا دەکرێ لەوە بەدبین بین کە ئەو جۆرە کەسانە بەو شێوەیەی بەهۆی رەنگی قژو چاو لەوانی دی جیاکراونەتەوەو, بەهۆی چەوسانەوەی هاوبەشەوە تێکڕا یەکیان گرتووە, بە ئەندازەی ئەو گروپانەی بە هەندێ بیانووی مەزهەبی لە دەوری یەکدی کۆبونەتەوە, مەترسی بۆ فەرمانڕەوا دروستدەکەن؟ هەندێ کەس بۆ بازرگانیو سودوەرگرتن دەبنە ئەندامی ئەنجومەن یان گروپێكو, هەندێکی دیکەش چونکە هەر بەدوای قازانجدا دەگەڕێن,

www.pertwk.com

ئەنجومەنەکەیان لەبەر دەستکەوتی تایبەتی خۆیان خۆشدەوێ. لەبەر ئەوە هەندێ کەس بە هۆی دراوسێیەتی و هاوگەڕەك بوونەوە پێکەوە وابەستە دەبن و، هەندێکی دیکەش بە هۆی ئاینەوە لە دەوری یەك کۆدەبنەوە، بەڵام تەنها ستەمکردن دەتوانێت خەڵکی لە دژی جولانەوەو بزاڤە تێکدەرەکان هانبدات.

ئێوە دەڵێن ئەدی بۆچی خەڵکی لە عیبادەتکردنی یەزدانا وایان لێدێ دژایەتی خواستەکانی فەرمانڕەوا بکەن؟ منیش دەڵێم، ئایا من ئەوە عیبادەت دەکەم تا دژایەتی خواست و داواکاریەکانی فەرمانڕەوا بکەم؟ ئەو روبەڕووبونەوەیە لەتەك فەرمانڕەوادا، نە شتێکی پێویستەو نە بەشتێکی یاسایش دادەنرێ، دژایەتیکردنی خواستی فەرمانڕەوا قسەی ئێوەیەو، منیش دژایەتی ئەو قسەیەتان دەکەم، چونکە، لەراستیدا ئەم قسەیەی ئێوە بە بنچینەی تەواوی خراپەکارەیەکان دادەنرێ. بۆچی کۆڕە مەزهەبیەکانی کڵێسە بە بەراورد لەتەك کۆبونەوەکانی شانۆ، یان بازاڕدا کەمتر تەحەمول دەکرێن؟ مەگەر ئەوانەی ئەندامی ئەنجومەنە ئاینیەکانن، بەدکارترو سەرکێشتر نین لەو کەسانەی ئەندامی ئەنجومەنەکانی دیکەن؟ دیارە مەسەلەکە ئەوەیە بەدڕەفتاریان لەتەکدا دەکرێت، هەر بۆیە بەرگەی ئەو هەموو ستەمکاریە ناگرن، خۆ ئەگەر دەست هەڵبگرن لەو رق و کینەیەی بەرامبەر مافە هاوبەشەکانیان دەکرێ و، هەروەها یاساکان بگۆڕن و ئەو سزا سەختانەش کە ئەوانی خستۆتە ژێر فشارە، لاببەن، لەم حاڵەتەدا یەکسەر تەواوی شتەکان لە ئاشتی و ئاسایشدا دەبێت. نەخێر(ئاغا) ئەوانەی دژی مەزهەبی فەرمانڕەوان، خۆیان لە بەرامبەر پاراستنی ئاشتی کۆمەڵگادا گەلەك بە پابەندتر دەزانن، بە جۆرێك لەو روەوە بارودۆخ و هەلومەرجی ژیانیان لەوانی دی چاکترو گونجاوتر دەردەکەوێت. تەواوی گروپە مەزهەبیەکان وەك پارێزەرانی ئاشتی گشتی، چاودێری یەکدی دەکەن تا هیچ گۆڕان و وەرگۆڕانێك لە فۆڕم و بناغەی حکومەتدا نەیەتە ئاراوە، چونکە ئەوان هیچ ئومێدێکیان نەماوە بە باشتربوونی ئەو بارودۆخەی تا ئێستا بەسەریانبردووە. بە دەربڕینێکی دی، ئەوان بە تەواوەتی لەو روەوە ئومێدیان لەدەستداوە لەژێر سایەی



حکومەتێکی میانڕەوو دادپەروەردا وەك هاووڵاتیەکانی خۆیان لە بارودۆخێکی یەکسان بەهرەمەندبن. کەواتە، ئەگەر کڵێسەیەك لەتەك مەزهەبی فەرمانڕەوادا هاوڕاو سازگار بێت، لە هەموو رویەکەوە حکومەتی مەدەنی پشتیوانی لێدەکات و، هۆی ئەم مەسەلەیەش هیچ نیە لەوە زیاتر کە پێشتر وتمان فەرمانڕەوا، میهرەبانە بەرامبەر هاوئاینەکانی خۆی و یاساش پشتیوانی و لایەنگرییان لێدەکات. چەند خۆش دەبوو هێمنی و ئاسایشی حکومەتێك کە تیایدا هەموو هاووڵاتیەکانی باش و شەریفن و بێئەوەی بەپێی باوەڕە مەزهەبیەکان جیاوازی لە نێوانیاندا دابنرێ، هەر کەس چۆن پێی خۆشە بەو جۆرە بژی و، هەموان بە یەکسانی لە بەخشش و چاکەی فەرمانڕەوا بەهرەمەندبن و، بە یەکسانیش لە ئیمتیازەکانی یاسا کەڵکوەربگرن. بێگومان ئەمجۆرە حکومەتە پشتیوانی گشتی بۆخۆی مسۆگەر دەکات و پارێزگاریشی لێدەکرێت. هەر لە مجۆرە حکومەتەدا هیچ کەسێك لەوە ناترسێت لەلایەن یاساوە بە هۆی کارلێکی زاڵمانە [لایەنگرانە] وە رەفتاری لەتەکدا بکرێت، مەگەر کەسانێك کە زیان بە دراوسێ یان کەسە نزیکەکانیان دەگەیەنن و دژایەتی ئاشتی مەدەنی دەکەن. لە کۆتاییدا، بە کورتی دەبێ هەر مرۆڤێك لەو مافانە بەهرەمەند بێت کە بۆ خەڵکانی دی بەڕەوا زانراوە. ئایا عیبادەتکردنی یەزدان بەپێی شێوازی کڵێسەی کاسۆلیکی رۆما، بەڕەوا دانراوە؟ کەواتە با عیبادەتکردنی یەزدان بەپێی شێوازی(جنێف)یش [کڵێسەی پرۆتستانت] بەڕەوا بزانین. ئایا ئاخاوتن بە زمانی لاتینی لە بازاڕدا رەوایە؟ لێگەڕێن با لە کڵێسەشدا مۆڵەت بەو کەسانە بدرێ بەو زمانە ئاخاوتن بکەن. ئایا لە روی یاساییەوە هەر مرۆڤێك لە ماڵی خۆیدا مۆڵەتی هەیە چۆك دادا، بە پێوە بوەستێ، دابنیشێت یان هەر جۆرێك خۆی مەیلی لێبێت رەفتار بکات و جلی سپی یان رەش بپۆشێت و جلی کورت یان درێژ لەبەر بکات؟ مۆڵەتنەدەن نانخواردن، خواردنەوەی شەراب یان ناولێنانی مناڵەکانتان لە کڵێسەدا بە نایاسایی لە قەڵەمبدرێن. بە کورتی لێگەڕێن با تەواوی ئەو شتانەی کە بەپێی یاسا لە ژیانی رۆژانەی خەڵکیدا ئازادە، بۆ هەموو گروپەکانیش لە عیبادەتکردی یەزداندا ئازادبێت. مۆڵەت نەدەن بەپێی

ئەم پێوەرانە ژیانی کەسێك یان جەستەو رۆح, یان مۆڵكو داراییەکانی دووچاری کەمترین زەرەرو زیانبێت. ئایا مۆڵەتی پیادەکرنی بڕیارو دەستورەکانی کڵێسەی پرۆتستانت دەدەن؟ بۆچی نابێت کڵێسەی ئەسقەفیش وەك ئەوان مۆڵەت پێبدرێت؟ هەر چۆنێك بێت, دەسەڵاتی مەزهەبی چ لە دەستی یەك کەسدا بێت یان لە دەستی چەند کەسێکدا بێت, لە هەموو جێگایەکدا ئەم دەسەڵاتە یەکسان دەردەکەوێتو, کڵێسە نە لە مەسەلە مەدەنیەکاندا دەسەڵاتی هەیەو, نە دەتوانێت کەسێك ناچار بکاتو, نە دەتوانێ لە رێگەی پارەو سامانەوە کارێك بەرەو پێش بەرێت.

خەڵکی باوەڕ بەو کوڕو وەعزدانانە دەکەن رۆژانە ئەنجامدەدرێنو لە هەمانکاتیشدا پێی قایل دەبن. کڵێسەکان تەنها بەشێك لە باوەڕەکانی خەڵکی قبوڵدەکەن, بەڵام بۆچی نابێت هەموو جۆرە باوەڕەکان بەڕەوا بزانن؟ ئەگەر شتێك لە کوڕە مەزهەبییەکاندا هەیە ئاژاوەی لێبکەوێتەوە ئاشتی گشتی بخاتە مەترسیەوە, ئەوا دەبێت بە شێوازێکی جێگیرو یەکسان سزاو سەرزەنشت بکرێت, نەك بە هەندێ شێوازی جۆراوجۆر رەفتاری لەتەکدا بکرێتو, بە جۆرێك وا بزانین ئەو شتە لە بازاڕو شوێنی کڕینو فرۆشتنی خەڵکیدا رویداوە. نابێت ئەنجومەنی کڵێسەکان ببنە پەناگایەك تا جێگای خەڵکانی خراپو ئاژاوەچی بکەنەوە. دەبێت ئەو کەسانەی لە کڵێسەدا لە دەوری یەك کۆدەبنەوە, وەك ئەو کەسانەی کە لە تەلارو هۆڵەکاندا کۆدەبنەوە, پەیڕەوی یاسا بکەن. نابێت هیچ یەك لە ئەندامانی ئەم ئەنجومەنانە واوێنا بکەن کە بەهۆی کوڕو کۆبونەوەکانیانەوە لەوانی دی زیاتر لۆمەو سەرزەنشت دەکرێن. هەر کەس بەرپرسیارە بەرامبەر کردەوەکانی خۆیو نابێت لەبەر خاتری تاوانی خەڵکانی دی گومانو نەفرەتی لێبکرێت. دەبێ ئەو کەسانەی ئاژاوەگێڕ, دز, پیاوکوژ, جەردە, زیناکەر, درۆزنو بوختانکەرن, سەر بەهەر کڵێسەیەك بن چ کڵێسەی دەوڵەتی یان نا دەوڵەتی بێت, سزا بدرێنو سەرکوتبکرێن.

بەڵام ئەو کەسانەی باوەڕی ئاشتی خوازانەیان هەیەو بێخەوشو پاكو خاوێنو رەوشتبەرزن, دەبێ وەك هاووڵاتیەکانی دیکەیان لە بارودۆخێکی



یەکساندا ژیان بەسەر بەرن. ئەگەر پێکهێنانی کوڕە رەسمیەکان, بەڕێوەبردنو چاودێریکردنی جەژنەکانو عیبادەتە بە کۆمەڵەکان بۆ گروپو دەستەیەك لە راگەیەنەرە(مەزهەبیەکان) رێپێدراوو رەوا بێت, دەبێ بەهەمان شێوە تەواوی ئەو شتانە بۆ راگەیەنەرە پرۆتستانتو ئەو کەسانەش کە بە هیچ وابەستە نینو ئازادن, هەروەها بۆ گروپی(ئانا باپتیستەکان)و (ئارمینیەکان[18])و (کویکرەکان[19])و ئەوانی دیکەش ئازادو رەوا بێت. نەخێر, ئاغا ئەگەر بمانەوێت راشکاوانەتر لە حەقیقەت بدوێینو بمانەوێ ئەو شتە دەربڕین کە شیاوی کەسایەتی مرۆیی هەر تاکێکە لەبەرامبەر ئەوانی دیکەدا, دەبێ بڵێین نەکافرەکانو نەموسوڵمانەکانو جوولەکەکان, نابێ هیچ یەکێکیان بە هۆی مەزهەبەکەیانەوە لە مافە مەدەنیەکانی کۆمەڵگا بێبەشبکرێن, (ئینجیل) ئەمجۆرە دەستورە نادات. کڵێسەیەك کە لە بارەی خەڵکانی دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئیمانی خۆی, بیروڕا دەرنابڕێتو حوکمێك دەرناکات[نامەی یەکەم بۆ قرنەتیان, بەندی 11]و ئەو شتانە بە پێویست نازانێت, حکومەتێکیش بە شێوەیەکی یەکسان بە تەواوی مرۆڤە سەر ڕاستو ئاشتیخوازو زەحمەتەکێشەکان رازیبێت, ئیدی هیچ پێویست بە بەکارهێنانی زۆرو توندوتیژی ناکات. ئایا ئێمە بەوە قایلین کە کافرێك پەیوەندی لەگەڵماندا هەبێتو مامەڵەی کڕینو فرۆشتنمان لەتەکدا بکات؟ ئایا نابێت تەحەمولی ئەو کەسە بکەین لە یەزدان ئەپاڕێتەوەو دەیپەرستێت؟ ئەگەر مۆڵەت بدەین جولەکەکان لەناوماندا مۆڵكو خانووی تایبەتیان هەبێت, ئەدی بۆچی مۆڵەتیان نەدەینێ کەنیسەشیان هەبێت؟ بە بەراوردکردنی ئەو دوو حاڵەتە ئەوان خانوی تایبەتیان هەبێت یان کۆبونەوەکان لەبەرچاوی خەڵکی بکەن, ئایا ئەگەر مۆڵەتیان پێبدرێت بە ئاشکرا کۆبونەوەکان بکەن, باوەڕیان گەندەڵتر دەبێ؟ ئایا عیبادەتەکەیان خراپترو ناشرینتر دەردەکەوێت؟ ئایا ئاشتی گشتی زیاتر هەڕەشەی لێدەکرێت؟ ئەگەر ئەمجۆرە شتانە لە کۆمەڵگا مەسیحیەکاندا بۆ جولەکەکانو کافرەکان پەسەندکراو بێت, بە دڵنیاییەوە بارودۆخی کافرەکانو جولەکەکان خراپتر نەدەبوو؟

ڕەنگە بڵێین, بەڵێ دەبێ ڕێبگیرێت لە بەڕێوەچوونی کۆڕە مەزهەبییەکان, چونکە ئەوان دەرفەتێکی زۆر بۆ دەرگیریو ئاژاوەو جەنگی مەدەنی دەڕەخسێنن, لە وەڵامدا دەڵێم ئایا ئەمە گوناهی ئاینی مەسیحیە؟ ئەگەر بەمجۆرە بێت, بە دڵنیاییەوە ئاینی مەسیحی لە تەواوی ئاینەکانی تر خراپترەو نابێت هیچ کەسێك پێی قایل بێتو هیچ حکومەتێکیش نابێ لەڕێی لێبوردنو نەرمونیانیەوە ڕەفتاری لەتەکدا بکات. لەبەر ئەوە, ئەگەر ئەم شتانە سروشتی ئاینی مەسیحی بن, ئەوا ئاینی مەسیحی ئاژاوەگێڕو تێکدەری ئاشتی گشتیەو تەنانەت خودی ئەو کڵێسەیەش فەرمانڕەوا پەیڕەوی لێدەکات, ناتوانێت خۆی لەم گوناهە بەدوور بگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێ هۆی تەواوی ئاژاوەو جەنگە مەدەنیەکان بە ئاینی مەسیحی بزانین, ئاینێك کە گەورەترین دوژمنی چاوچنۆکیو پلەو پایەخوازیو شەڕو ئاژاوەیەو, بە تەواوەتی هەموو جۆرە خواستێکی زێدەڕەوانەو ناماقوڵ ڕەتدەکاتەوە. تا هەنووکەش ئاینی مەسیحی خاکەڕاترینو ئاشتی خوازترین ئایینە. بەمجۆرە دەرهەق بەو خراپەکاریو بەدکاریانەی ئاینیان لەبەردەم تۆمەتو هەڕەشەی خەڵکیدا داناوە, دەبێ بە دوای هەندێ هۆکاری دیکەدا بگەڕێین. ئەگەر باش تێڕامێنین بۆمان دەردەکەوێت تەواوی ئەو هۆکارانە ئەم مەسەلەیە لەخۆدەگرن کە من قسەم لەسەر کرد.

جیاوازیو فرەیی باوەڕو بیروڕاکان, شتێك نین نەتوانین ڕێیان لێبگرین بەڵام تێکڕای خەڵکی دان بەو مەسەلەیەدا دەنێن کە هۆکاری هەموو ئەو شەڕو ئاژاوانەی بە بیانووی مەزهەبەوە لەسەر زەمینی مەسیحیەکاندا ڕویانداوە, سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگەگرتن لە لێکبوردن لە هەمبەر کەسانێکدا بیروڕایەکی جیاوازیان هەبووە. ڕێبەرانو پێشەوایانی کڵێسە بە هۆی خواستو تەماحی زۆریانەوە ڕوودەکەنە حکومەتو, بۆ دژایەتیکردنی نەیارە فکریەکانیشیان لە پلەو پایەی فەرمانڕەواکان کەڵکوەردەگرنو بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە خورافەپەرستی ساویلکانەی کۆمەڵێکی بێهزر وەردەگرن, چونکە ئامۆژگاریە مەزهەبیەکانیان لەتەك فەرمانەکانی ئینجیلو فەرمان بە چاکەکردن یەکناگرێتەوەو, بە جۆرێك



ئەم کارەش ئەنجامدەدەن کە جوداخوازە مەزهەبیو بیدعەتکارەکان لە تەواوی مۆڵكو داراییەکانیان بێبەشدەکەنو تەفروتونایان دەکەن. بەمجۆرە, بە تەواوەتی مەزهەبو حکومەت تێکەڵ بە یەکدی دەکەن کە لەناوخۆیدا(فی نفسهِ) دوو مەسەلەی جیاوازن. گەلەك سەختە کەسێك بەو پەڕی ڕەزامەندیو ڕەغبەتەوە بەوە قایل بێت لەو نیعمەتانە بێبەشبکرێت کە بە هەوڵو تەقەلای خۆی بەدەستی هێناوونو, وێڕای تەواوی ئەو یاسا مرۆییو ئیلاهیانە کە حوکم بە دادپەروەریو یەکسانی مافەکان دەکەن, ببێتە قوربانیو لەلایەن کەسانی ترەوە شاڵاوی بۆ ببرێت, بە تایبەت لە کاتێکدا کە پاكو بێتاوانیش بێت. بە هیچ جۆرێك ڕێورەسمی مەزهەبی کە خەڵکی ئەنجامی دەدەن لە قەڵەمڕەوی تواناو دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا نیە, بەڵکو مەسەلەیەکە بە تەواوی ویژدانی مرۆڤەکانەوە گرێدراوە, چونکە خەڵکی تەنها لە بەرامبەر یەزداندا بەرپرسیارێتی ڕەفتارو کردەوەکانیان لە ئەستۆ دەگرن. ئایا دەکرا چاوەڕێی شتێکی دیکە بووینایە لەوە زیاتر کە ئەم کەسانە ئازاریان دەچێشتو لەو ماندوبوونو دڵتەنگیەگەلەك ناخۆشەی گەمارۆی دابوونو, دەبوایە لە کۆتایدا بەو دەرئەنجامە بگەیشتانەیە کە مافی ئەوەیان هەیە لە ڕێگەی زۆرو دەسەڵاتەوە لە هەمبەر دەسەڵاتو زۆرەملێی ئەوانی دیکەدا ڕابوەستن؟ و داکۆکی لە مافی سروشتی خۆیان بکەنو نەهێڵن بە پەنا بردنە بەرچەكو دەسەڵات لەبەر خاتری مەزهەب, لە مافو مافە سروشتیەکانیان بێبەشبکرێن؟ هەر وەك چۆن توانای ئەو کارەشیان هەیە. تا هەنووکەش لە مێژوودا ئەندێشەی باو لەم مەسەلانەدا هەر ئەمەیەو بە یەکجار بەرچاوو ئاشکرا لە قەڵەمدەدرێتو, تا کاتێکیش لە ڕێگەی هەندێ بەڵگەوە ڕاڤە نەکرێت, لە داهاتووشدا هەر درێژەی دەبێت. لە ڕاستیدا تا ئەو کاتەی ئەو باوەڕە زاڵ بێت کە ئازارو ئەشکەنجەی نەیارانی مەزهەبی بدرێت, هەر بەو جۆرەی تا ئێستاش لەلایەن فەرمانڕەواو خەڵکیەوە بەمجۆرە ڕەفتار دەکرێو, تا ئەو سەردەمەش ئەو خەڵکانەی دەبێت ڕاگەیەنەری هێمنیو ئاشتی بن, بەڵام بە تەواوی هێزو توانایانەوە گرفتو کێشە بۆ خەڵکی دروستبکەنو شەیپوری شەڕ لێبدەن, ناکرێ لەم حاڵەتە زیاتر چاوەڕێی

شتێکی دیکه بین. به راستی جێی سەرسوڕمانە فەرمانڕەوا تەواوی ئەم شەڕانگێزو ئاژاوەچییانەی ئاشتی گشتی تێکدەدەن, تەحەمول دەکات. ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت فەرمانڕەواکان ئەیانەوێت لە تالآنیەکانی ئەواندا شەریك بن؟ بەمجۆرە ئەوە بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن لە چاوچنۆکی و غروری ئەو کەسانە وەك کەرەسەیەك بۆ مەبەستی زیادکردنی دەسەڵاتی خۆیان کەڵکوەربگرن. کێ هەیە لەوە تێنەگات ئەم مرۆڤە شەریفانە!(قەشەکان و رۆحانیەکانی کڵێسە) لە راستیدا خزمەتگوزاری حکومەتن نەك ئینجیل و, هەروەها تێنەگات ئەمانە بەهۆی پیاهەڵدان و ستایشکردنی پاشاکان و مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان و لایەنگریکردن لە حاکیمیەتی ئەوان, بە تەواوی توانایانەوە بۆ پەرەپێدانی دیکتاتۆریەت لە کۆمەڵگادا هەوڵدەدەن. لەبەر ئەوە ئەگەر وا نەکەن, ناتوانن لە کڵێسەدا بمێننەوەو هیچ پلەو پایەشیان پێنادرێت. ئەمە هەر ئەو یەکێتیە ناپیرۆزەیە لە نێوان دەوڵەت و کڵێسەدا هەیە. لە کاتێکدا ئەگەر هەر یەکێك لەوان چالاکیەکانی لە سنوری خۆیدا ئەنجامبدات, واتە یەکێکیان بایەخ بە ئاسایشی دونیایی تاکەکانی کۆمەڵگا بدات و, ئەوی دیکەشیان رزگاربوونی رۆحیان لە ئەستۆ بگرێت, ئیدی هەرگیز هیچ دووبەرەکی و ناکۆکیەك لە نێوانیاندا سەرهەڵنادات. لە یەزدانی گەورەو میهرەبان داواکارم وانەکانی ئینجیلی ئاشتی پایەدار بکات و فەرمانڕەوا مەدەنیەکانیش ناچار بکات رۆژ بە رۆژ زیاتر چاودێری ئەوە بکەن ویژدانیان لەتەك یاسای ئیلاهیدا بگونجێنن و, هەرچی باشتر لە رێگەی یاسا مرۆییەکانەوە ویژدانی خەڵکی پابەند بکەن و دەرفەتیان بدەنێ وەك باوکانی وڵات بە مەبەستی پێشکەوتنی هەمەلایەنەی خۆشگوزەرانی گشتی منداڵەکانیان, لەتەواوی تەگبیرو تەقەلاکانیان کۆمەك وەربگرن. لە یەزدان دەپاڕێمەوە دەرفەتی ملهوڕان و یاخییەکان و ئەوانەی کە زیان بە براو هاوڕەگەزەکانی خۆیان دەگەیەنن, نەدات و لێی دەپاڕێمەوە مۆڵەت بدات بە تەواوی ئەو رۆحانیانەی لافی جێنشینی(حەواریەکان) لێدەدەن کە, بەبێ دەستێوەردان لە مەسەلە دەوڵەتیەکان, بە هێمنی و ئاشتی



رێگەی حەواریەکان بگرنەبەرو تەواوی توانای خۆیان بۆ رزگارکردنی رۆحی مرۆڤەکان بەکاربهێنن.

رەنگە خراپ نەبێت ئەگەر هەندێ خاڵی دی دەربارەی مەسەلەی بیدعەتکاری(heresy)و جیابوونەوەی(schism) مەزهەبی زیاد بکەین. لەروانگەی مەسیحیەکەوە, تورکێکی عوسمانی بیدعەتکار یان جیاخوازی مەزهەبی نیەو ناتوانێت ببێت. ئەگەر کەسێك دەست لە ئاینی مەسیحی هەڵگرێت و ببێتە موسڵمان بە هۆی ئەو خواستە تازەیەوە بە بیدعەتکار یان جوداخوازی مەزهەبی دانانرێت, بەڵکو ئەو کەسە بە مورتەد( apo state) یان بێدین(infidel) دادەنرێ و لەم روەشەوە هیچ کەس گومانی نیە. بەمجۆرە بۆمان دەردەکەوێت, ئەو کەسانەی ئاینی جیاوازیان هەیە, ناتوانن یەکدی بە بیدعەتکار یان جوداخوازی مەزهەبی تاوانبار بکەن.

بەمجۆرە دەبێت لەوە بکۆڵینەوە کە ئایا دەکرێ خەڵکی بە تەنها یەك ئاینیان هەبێت. لەم رەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کەسانێك کە یەك ئاینیان هەیە, هەندێ یاسای ئاینی و عیبادی یەکسانیشیان دەبێت و, کەسانێکیش کە یاسای ئاینی و عیبادی هاوبەشیان نیە, ئاینی جیاوازیشیان دەبێت. لەبەر ئەوەی هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە ئاینەوە هەیە لە ژێر چاودێری یاساکانی ئایندا دەمێننەوە, ناچار بەو دەرئەنجامە دەگەین کە هەموو ئەوانەی بە یاساکانی ئاینێك قایلدەبن, ئاینێکی تەنها و هاوبەشیان هەیەو, دیارە پێچەوانەی ئەمەش راستی لەخۆدەگرێت. کەواتە تورکە عوسمانیەکان و مەسیحیەکان دوو ئاینی جیاوازیان هەیە, چونکە مەسیحیەکان کتێبی پیرۆزیان وەك یاساو دەستوری ئاینەکەیان قبوڵەو تورکە عوسمانیەکانیش قورئان پەسەند دەکەن. هەر بەم هۆیەوە جیاوازی لەنێوان ئاینەکاندا هەیەو تەنانەت دەکرێ هەر بەهەمان هۆ جیاوازی مەزهەبی لە نێو مەسیحیەکانیشدا هەبێت.

ئەگەرچی پەیڕەوانی(پاپ)و (لۆتەر) هەردولایان خۆیان بە مەسیحی دەزانن و هەر بۆیە بە مەسیحی ناودەبرێن, بەڵام دوو مەزهەبی جیاوازیان هەیە. لەبەر ئەوەی پەیڕەوانی(لۆتەر) تەنها کتێبی پیرۆزیان وەك یاساو

ڕێنمایکەری مەزهەبەکەیان قبوڵەو, پەیڕەوانی(پاپ) جیا لە کتێبی پیرۆز فتواکانی پاپیش پەسەند دەکەنو, تەواوی ئەم شتانە تێکڕا [واتە کتێبی پیرۆزو فەتوای پاپ] دەستوری کاری مەزهەبەکەیان پێکدێنێتو, بەمجۆرە مەسیحیەکانی پەیڕەوی(جان قەدیس) [یۆحەنا, خاوەنی ئینجیل] کە بەو ناوە ناسراوونو مەسیحیە(پرۆتستانتەکانی) جنێف, هەر یەکەیان مەزهەبێکی جیاوازیان هەیە, لەبەر ئەوە مەسیحیەکانی(جنێف) تەنها کتێبی پیرۆز وەك دەستوری کاری مەزهەبەکەیان پەسەند دەکەنو, مەسیحیەکانی پەیڕەوی(جان قەدیس) ریوایەتەکانی(پاپ) کە من نازانم کام ریوایەتانە وەك دەستوری کاری مەزهەبەکەیان پەسەند دەکەن.

ئێستا کە ئەرکی ئەم مەسەلانە رونکرایەوە, بەو دەرئەنجامە دەگەین کە: یەکەم, بیدعەتکاری جیابوونەوەیە کە لە گروپێکی مەزهەبیو لە نێوان پەیڕەوانی یەك مەزهەبدا, لەبەر ئەوەی کە بەشێك لە باوەڕەکان لەژێر سایەی بڕیارو دەستوری کاری ئەو مەزهەبەدا جێیان نابێتەوە. دوهەم, لە راستیدا لەناو کەسانێکدا کە تەنها کتێبی پیرۆزیان وەك ڕێنمایکەرو دەستوری کاری ئاینەکەیان قبوڵە, بیدعەتکاری بەو جیابوونەوەیە دەوترێت کە لەناو یەك گروپی مەسیحیدا بە هۆی باوەڕکردن بەو باوەڕانەوە روو دەدات کە لە عیبارەتەکانی کتێبی پیرۆزدا نیە.

بەمجۆرە جیابوونەوە بە دوو شێوە رودەدات: حاڵەتی یەکەم, ئەو کاتەیە کە گروپی گەورەتر یان بە هێزتر لە ڕێگەی پشتیوانیەکانی فرەمانڕەواوە بە دەرکردنی ئەوانی دی لە گروپەکەی, خۆی لە خەڵکانی دی جیا دەکاتەوە, چونکە ئەوان بەو باوەڕانە قایل نابن کە لە عیبادەتە ئاشکراکانی کتێبی پیرۆزدا نەبێت. کەم نین ئەو کەسانەی لە گروپێکی مەزهەبی جیادەبنەوەو دەسەڵاتی فەرمانڕەواش ناتوانێت کەسێك لە مەسەلەی بیدعەتکاریدا بە گوناهبار بزانێت, بەڵکو تەنها ئەو کەسە بیدعەتکارە کە خۆی بە ناسینی گروپە بەناوبانگەکانەوە خەریکدەکاتو کڵێسەکان بە گروپو دەستەی جۆراو جۆر دابەشدەکاتو جیاوازیو ئیمتیازی هەر یەکێکیشیان دەستنیشاندەکاتو, بە هۆی ئەو باوەڕەی هەیەتی بە ئارەزوو ئیرادەی خۆی لە گروپێکی مەزهەبی جیادەبێتەوە.



حاڵەتی دوهەم, ئەو کاتەیە کە تاك راستەخۆ خۆی لەو گروپە مەزهەبیە جیادەکاتەوە, چونکە کڵێسە رای خۆی لەهەمبەر باوەڕێکدا دەرنابڕێت لەلایەن کتێبی پیرۆزەوە قسەی لەسەر نەکرابێت.

ئەم دوو گروپە(هەردوکیان) بیدعەتکارن, چونکە یەکێکیان(کاسۆلیکەکان) دەربارەی بنەماو پایەکانی ئاین بە هەڵەدا دەچێتو, ئەوی دیکەیان(پرۆتستانتەکان) لە دژایەتیکردنی سەرسەختانەی لەهەمبەر زانستو مەعریفەدا بە هەڵەداچووە. چونکە ئەوانەی کە کتێبی پیرۆز بە تەنها پایەو بنەمای خۆیان دەزاننو, لە هەمانکاتدا هەندێ لەو مەسەلانەش کە لە کتێبی پیرۆزدا نیە وەك پایەو بنەمای ئاین دەخەنەڕوو. بەمجۆرە ئەوانی دی ئەو باوەڕانەی کە زیادکراوون بۆ بنەمای ئاین, پەسەند ناکەنو بە مەسەلەگەلێکی پێویستو بنەڕەتی ئەو ئاینەی نازانن, ئیدی بە دوورکەوتنەوەیان لە خەڵکیو دەرکردنی ئەوانی دیکە لە گروپەکەیان زەمینەی جیابونەوەو لێکدابڕان لە کڵێسەدا فەراهەمدەکەن. ئەمەش بەو مانایە دێ کە ئەوان ناتوانن لافی ئەوە لێبدەن باوەڕو دروشمەکانیان لەتەك ئاینو کتێبی پیرۆزدا بگونجێنن, چونکە ئەگەر ئەو باوەڕو دروشمانە لە دەقە(ئاشکراکانی) کتێبی پیرۆزدا خرابێتەڕوو, ئیدی ناکرێ هیچ گومانێك لەو مەسەلانە بکرێت, لەبەر ئەوەی هەموو مەسیحیەکان بەوە قایلن کە ئەم مەسەلانە لەوەحی ئیلاهیەوە سەرچاوەیان گرتووەو هەر لەبەر ئەوە بە پایەو بناغەی ئاین دادەنرێن. بەڵام ئەگەر ئەوان بڵێن پوختەی ئەو باوەڕەی دەریدەبڕن لە کتێبی پیرۆزەوە هەڵێنجراوە, بێگومان ئەمە بۆ ئەوان بە کارێکی ماقوڵو شایستە دادەنرێ کەمتمانە بەو باوەڕە بکەنو ئیمانی پێبهێنن, چونکە بە بڕوای ئەوان ئەمجۆرە باوەڕانە لەتەك دەستورەکانی ئایندا یەکدەگرێتەوە. بەڵام داسەپاندنی ئەم باوەڕانە بەسەر کەسانێکدا کە پێیان وایە لە کتێبی پیرۆزدا دانیپیانەنراوە, بە مەسەلەیەکی نا ماقوڵو نەشیاو دادەنرێت. لەبەر ئەوە جیابوونەوەو لێکدابڕان بە هۆی ئەمجۆرە باوەڕو دروشمانەوە کە نە بە بنەمای ئاین دادەنرێنو نە دەتوانن جێگەی بنەمای ئاین بگرنەوە, دەبنە هۆی ئەوەی بیدعەتکاری سەرهەڵبدات. پێموانیە کەسێك

www.pertwk.com

هێندە گێل‌و نەفام بێت جورئەت بکات تێگەیشتن‌و راڤەکارییەکانی لەسەر کتێبی پیرۆز بەوەحی ئیلاهی لە قەڵەمبدات, هەروەها مەسەلەگەلێکی ئیمانی کە لەسەر بناغەی خەیاڵ‌و گومانی خۆی دروستیکردوون لەتەك حەقانیەتی کتێبی پیرۆزدا بە بەرابەر بزانێت. ئەوەم قبووڵە هەندێ مەسەلە لەڕووی وێکچوونەوە لەتەك کتێبی پیرۆزدا هێندە روون‌و ئاشکرا دێنە بەرچاو کە هیچ کەس ناتوانێت ئەم مەسەلانە کە لە کتێبی پیرۆزەوە وەرگیراوون, لاببات یان بەدرۆ بخاتەوە, کەواتە لەمجۆرە مەسەلانەدا جیاوازی بیروڕا لە ئارادا نیە. من تەنها ئەوە دەڵێم دەتوانین باوەڕ بەم بیروڕا یان هەر بیروڕایەکی دی بکەین کە لە کتێبی پیرۆزەوە هەڵێنجراوە, بەڵام چونکە لەو بڕوایەداین نەریتمان لەگەڵ دەستورەکان‌و فەرمانەکانی ئایندا یەکدەگرێتەوە, لەبەر ئەوە مافی ئەوەمان نیە ئەو شتانە وەك ئەرکێکی پێویستی ئاین بەسەر خەڵکانی دیکەدا, داسەپێنین. مەگەر ئەوەی رازی بین وەك چۆن ئێمە باوەڕەکانمان بەسەر خەڵکانی دیکەدا دادەسەپێنین, ئەوانیش بەهەمان شێوە رەفتارمان لەتەکدا بکەن‌و هەروەها رازی بین بە زۆرە ملێ تەواوی بیروباوەڕە جۆراو جۆرو دژبە یەکەکان هەر لە باوەڕی پەیڕەوانی(لۆتەر[20])و (کالڤین[21])و (ریمونسترانتەکان[22])و (ئانا باپتیستەکان)ەوە بگرە تا گروپەکانی دی, قبوڵبکەین‌و ئیمانیان پێبهێنین. گروپگەلێك کە هەر یەکەیان داهێنەری شێوازو باوەڕێکەو خۆیان بە پێویستیەکی پەسەندکراوو راستەقینەی کتێبی پیرۆز لە قەڵەمدەدەن‌و, وایدادەنێن کە لە رێگەی ئەم دروشم‌و باوەڕانەوە لایەنگرانی خۆیان رزگار دەکەن. سەرسام دەبم لە خۆ بە زل زانین‌و غروری کەسانێك کە واتێدەگەن پێداویستی رزگاربوونی رۆحی خەڵکی چاکتر لە رۆحی پاك(روح القدس) راڤە دەکەن, ئەو رۆحە پاکەی کە بە حیکمەتی هەتایی و نەمری یەزدان ناسراوە.

وەك پێویست دەربارەی واژەی بیدعەتکاری قسەمان کرد کە بە گشتی تەنها لە بەشە تیۆریەکانی ئایندا بە کاردەهێنرێ, ئێستاش بابیر لە مەسەلەی جیابوونەوەی مەزهەبی بکەینەوە کە ئەویش وەك مەسەلەی بیدعەتکاری بە گوناه دادەنرێت. بە بڕاوی من ئەم دوو واژەیە گوزارشت



لەو ناکۆکیە نابنەڕەتیانە دەکەن کە لەسەر مەسەلە بێبایەخەکانی ئاین لە نێوان گروپە مەزهەبیەکاندا دێنە ئاراوە. لەو روەوە بەکارهێنانی واژەکان لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە, بە باشترین پێوەرو دەستور دادەنرێن‌و هەروەها ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بیدعەتکاری پەیوەندی بە گوناهی باوەڕەکانەوە هەیەو جیابوونەوەی مەزهەبیش پەیوەندی بەو هەڵانەوە هەیە کە لە شێوەی پەرستن یان شێوازی بۆنە ئاینیەکاندا روو دەدەن, دەبێ ئێمەش ئەم دوو واژەیە بەپێی ئەو جیاوازیانە راڤە بکەین.

کەواتە, جیابوونەوەی مەزهەبی بەو هۆیانەوە کە پێشتر قسەمان لەسەر کرد بریتیە لە, پچڕاندنی پەیوەندی‌و دوورە پەرێزی لە کڵێسەیەك کە بە هۆی شێوەی پەرستنی یەزدان یان شێوازی بۆنە مەزهەبیەکانەوە دێتە ئاراوە, کە بە هیچ جۆرێك ئەو پەرستن‌و بۆنانە بەشێکی پێویستی ئاین نین. ناکرێ هیچ مەسەلەیەك لە مەسەلە عیبادیەکان, یان ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان بە شێوازو بۆنە مەزهەبیەکانەوە هەیە بۆ گروپە مەسیحیەکانیش بە پێویست‌و وەك ئەرك دابنرێن, مەگەر تەنها ئەو شتانە نەبێت کە بە ئاشکرا یاسادانەرمان(مەسیح), یان حەواریەکان لە رێگەی وەحی(رۆحی پاك)ەوە فەرمانی پێکردوون.

بە کورتی کەسێك کە نکۆڵی هیچ یەك لەو مەسەلانە ناکات کە کتێبی پیرۆز بە ئاشکرا قسەی لەسەر کردوون‌و, کەسێکیش کە بە هۆی ئەو مەسەلانەوە کە لە کتێبی پیرۆزدا بە ئاشکرا قسەیان لەسەر نەکراوە, زەمینەی ناکۆکی و جیابوونەوە نەهێنێتە ئاراوە, گەرچی رەنگە لەلایەن تەواوی گروپە مەسیحیەکانەوە یان بەشێك لەوان, وەك کەسێك بناسرێت کە هەرگیز بۆنی مەسیحیەتی راستەقینەی نەکردووە, بەڵام لە ڕاستیدا ئەو جۆرە کەسە نە بیدعەتکارەو نە جوداخوازە.

تا هەنووکەش دەتوانین بە دوورو درێژی‌و باشتر ئەم مەسەلانە رونبکەینەوە, بەڵام دڵنیام ئەندامانی  گروپەکەی تۆ بەم رونکردنەوە کەمە قایل دەبن.

www.pertwk.com

## پەراوێزەکان

1. بالتازار هۆبمایر(Hubmaier) (1520−1480) ریفۆرمخوازی ئاینی ئەڵەمان کە بە هۆی باوەڕەکەیەوە لە شاری(ڤیەنا) سوتاندیانو هاوسەرەکەشیان خستە روباری دانووبەوە.

2ـ میکائیل سروتومن لە شاری ویلانۆی ئیسپانیا لە خێزانێکی ناسراوو بە توانا لە دایك بوو. سروتوس پێی وابوو سێ فاقی لە مەسیحیەتدا[باوك, کوڕ, رۆحی پیرۆز ]بە کفر دەزانێ, هەر بەو هۆیەوە لە(جنێف) لەلایەن کالڤینستەکانەوە حوکمی سوتاندنی بەسەرادراو لە 27 ئۆکتۆبەری 1553 لە خواروی شاری(جنێف) لەسەر گردی(شامپل) حوکمەکەی بەڕێوەچوو, سوتێنرا.

3. ئۆرلێوس ئاوگوستین(Arelius Augustihe) لە ساڵی 354ی میلادی لە باکوری ئەفەریقا لە شاری(تاگسست) لە دایك بووە, سەرەتا پەیوەندی بە ئاینی(مانی)یەوە کردو بەڵام دوای سەرگەردانیەکی زۆر نوقمی ئاینی مەسیحی بوو, ساڵی 386 دەستیپێکرد بە خوێندنەوەی کارەکانی ئەفلاتوونو, ماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری مەوعزەکانی ئەسقەف(ئەمبرۆز) دابوو تا لە کۆتایدا لە ساڵی 387 بوو بە مەسیحیو لە هاوسەرە نا مەسیحیەکەی جیابۆتەوە. ساڵی 430ی میلادی کۆچی دوای کرد. (ئاوگۆستین) یەکەم کەسە کە فەلسەفەی ئیفلاتوونی لەتەك مەسیحیەتدا بەراورد کردووەو لە ڕێگەی فەلسەفەوە گومانە مەزهەبیەکانی سەلماند.

4ـ ئیفسوس(Ephesus) شارێکی کۆنی یۆنانەو, نزیك کەناری دەریای(ئیجە). ئەم شارە لەلایەن ئێرانیەکانو ئەسکەندەری ماکەدۆنیو رۆمەکانەوە داگیرکرا. پێش سەردەمی مەسیحیەت بە هۆی



پەرستگای(دیانا)وە ناوبانگی دەرکرد. (ئیفسوس) ناوەندی بەرایی مەسیحیەت بوو, پۆلسی حەورایسەردانی کرد.

5. دیانا, خوای ئاوارتەی رۆمەکان بوو, کچی ژوپیتەرو لاتوون بوو, خوای دارستانو ئاژەڵان بوو. ئەو بەپێی فەرمانی باوکی نەدەبوو شوو بکات.

6. عەشای رەبانی یان شێوی یەزدان, دواهەمین شێوە کە مەسیح بەر لە دەستگیرکردنی لەگەڵ حەواریەکاندا خواردی.

7. هەلومەرجێك کە مەترسی بۆ ئەوان تیا نەبێتو قازانجی هەبێت.

8ـ ariah, پەیوەندی بە باوەڕی ئاریۆسەوە هەیە, (Arius) رێبەری کڵێسەی ئەسکەندەریە بوو کە پێی وابوو عیسا خاوەنی رەهەندەی ئیلاهی نیە.

9ـ موئابی لە هۆزی موئاب بوون کە لە خۆرهەڵاتی دەریای مردودا دەژیانو زمانیان نیمچە عیبری بوو.

10. ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم خەلیلو سارا بوو.

11. ئەمیم(Emim) هۆزێکی نیشتەجێبوون لەسەر زەمینی موئابدا.

12ـ هۆریم(Horim) هۆزی(شاسەدر) کە هاوڕێیحەزرەتی داودو سولەیمان بوو, دیاریەکی زۆری بۆ پەرستگای ئۆرشەلیم رەوانە کرد.

13. تەورات, سەفەری تەسنیە, بەشی دوهەم, بەندی 21.

14ـ راحاب(Rahab) ژنێکی خەڵکی ئەریحا بوو کە کۆمەکی جاسوسەکانی(یوشع)ی کردو بەمجۆرە خۆیو خێزانەکەی لە مردن رزگار کرد.

15ـ گیبوون, هۆزی چەند بەشی خواروی خۆرهەڵاتی ئاسیاو خۆرئاوای هیند.

www.pertwk.com

16ـ پێدەچێت(لۆك) پێی وابێت لە كۆمەڵگایەكدا كە لە نێوان فەرمانڕەواو خەڵكیدا جیاوازی بیروڕا هەبێت ئاشتیو ئاسایش دوچاری هەڕەشە دەبێو لە راستیدا هەموو شتێك لەناو دەچێت.

17ـ بە بڕوای(لۆك) كۆمەڵگا مەدەنیەكان بە بەراورد لەتەك كۆمەڵە مەزهەبیەكاندا, بە هۆی بەهرەمەندبوون لە فرەییو پەرتەوازەیی زەمینەیەكی زیاتر بۆ كێشمەكێشو دەرگیری دەڕەخسێنن.

18. گروپێك لە پرۆتستانتەكانی(زوریخ) كە لە ساڵی 1524دا دروست بوو, پێیان وابوو كە كڵێسە بۆی نیە دەست وەردات لە مەسەلە سیاسیەكاندا.

19ـ پەیوەست بە ئارمینۆس(**Arminius**) زانای زانستی ئیلاهی هیندی كە گروپێكی لە پرۆتستانتەكان دروستكرد.

20 بەشێك لە مەسیحیەكان كە بڕوایان بە پەرستنی كڵێسەی رەسمی نەبوو, لە هەموو حاڵەتێكدا دژی جەنگو زۆركردن بوو

www.pertwk.com

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان

| ژ | ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | شائیسماعیلی یەکەمو جەنگی چاڵدێران | فارسی | هاشم حیجازی فەر | مێژوویی | 1999 | کەمال رەشید |
| 2 | رێکخراوە نێو دەوڵەتیو هەرێمییەکان | عەرەبی | ئەحمەد موسەوی | سیاسی | 1998 | عەلی قادر عوبێد |
| 3 | بنەماکانی داڕشتن لە میدیاکاندا | فارسی | ئومێد مەسعودی | راگەیاندن | 1999 | مەجید ساڵح |
| 4 | *History of A Brief Kordistan* | کوردی | فوئاد تاهیر سادق | مێژوو | 2002 | فوئاد تاهیر سادق |
| 5 | کاریگەری نەست | عەرەبی | د.عەلی وەردی | دەروونناسی | 1995 | سەمەد زەنگەنە |
| 6 | دیموکراسی | فارسی | ئانتونی ئاربلاستەر | دیموکراسی | 2000 | رێباز مستەفا |
| 7 | شمشێری دیمەلکیس | عەرەبی | نازم حیکمەت | شانۆنامە | 1974 | عەزیز گەردی |
| 8 | بەڵگەنامەکانی ئینگلیز | ئینگلیزی | ئا/بلال ن.شمشیر | سیاسی | 1991 | سەلمان عەلی |
| 9 | چۆن لەگەڵ منداڵەکەمدا رەفتار بکەم؟ | فارسی | د.گاربر | پەروەردەیی | 2000 | شەیدا سەلاح |
| 10 | شەترەنج | ئەڵمانی | ستیڤان سڤایک | نۆڤلیت | 2000 | عەبدولموئمین دەشتی |
| 11 | سەرمایەداریی هاوبەشی | عەرەبی | ئالان مینك | سیاسی/ ئابووری | 2001 | دلێر میرزا |
| 12 | جیهانێکی لێکترازاو | عەرەبی | ئەنتۆنی گیدنز | سیاسی | 2000 | عەبدوڵلا قەرەداغی |
| 13 | ناسنامە بکوژەکان | عەرەبی | ئەمین مەعلوف | سیاسی | 1999 | کەژاڵ ئەحمەد |
| 14 | جريمة العراق في الابادة الجماعية | الانجليزيه | منظمة حقوق الانسان | وثائقي | 2001 | جمال ميرزا عزيز |
| 15 | دیموکراسی چییە | فارسی | دیڤید بیتهام | سیاسی | 2000 | شۆڕش جوانڕۆیی |
| 16 | دەربارەی دیموکراسی | فارسی | رۆبەرت داڵ | سیاسی | 1999 | ئامانج عەزیزکەندی |
| 17 | سەر هەڵدانی ئاژاوە گێڕی | ئینگلیزی | رۆبەرت دی کاپلان | سیاسی | 2000 | شاخەوان مەنسور |
| 18 | راپەڕینی عەلەوییەکان | فارسی | محەمەد سوڵتانی | مێژوویی | 2003 | حەسەن عبدالکریمو کەمال رەشید |
| 19 | ئاریاو مادەکان | فارسی | د. ئەردەشیر خوداداديان | مێژوویی | 2003 | عەلاء نوری بابا عەلی |

## زنجیرەی بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان

| ژ | ناوی کتێب | زمان | نووسەر | بابەت | ساڵی دەرچوون | وەرگێر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 20 | تیۆری نێودەوڵەتی | عەرەبی | د. ئەحمەد محەمەد رەفعەت/ د. ساڵح بەکر ئەلتەیار | سیاسی | 1998 | کوێستان جەمال |
| 21 | دیالۆگێك لەمەڕ علمانیەت | عەرەبی | د. فەرەج عەلی فودە | فیکری | 2003 | ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی |
| 22 | فەیلەسوفە پاگانەکان | ئینگلیزی | تیمۆسینی فریكو پیتەر گاندی | فەلسەفی | 2003 | چنور محەمەد محەمەد |
| 23 | *حزبە سیاسییەکانی میسر* | فارسی | نووسینگەی داڕشتنی بەرنامەو خزمەتگوزاری رێنمایی و. کاروباری دەرەوی کۆماری دەرەوەی ئیسلامی ئێران | سیاسی | 2003 | ئەژی گۆران/ ئەحمەد قادر سەعید |
| 24 | کورد لەیاداشتەکانی ئارچی رۆفیڵت دا | فارسی | ئارچی رۆزفیڵت | مێژوویی | 2003 | کارزان مەحەمەد |
| 25 | کەوێتی دامەنتاری | ئینگلیزی | ئەدەبی میللەتان | چیرۆك | 2003 | عزیز گەردی |
| 26 | The kurdish culture | ئینگلیزی | فواد تاهر صادق | رۆشنبیری | 2003 | فواد تاهر صادق |
| 27 | مێژزوونوسانی کورد | کوردی | عوسمان سەید قادر | مێژوویی | 2003 | فازڵ حەسەن |
| 28 | بەختەوەری | ئەڵمانی | فیرنادۆ سافەتەر | کۆمەڵناسی | 2003 | عەبدولموئمین دەشتی |
| 29 | رۆشنبیرو دەسەڵات | عەرەبی | سعدالدين ابراهيم | رۆشنبیری | 2003 | هەڵکەوت عەبدوللا |
| 30 | شانۆ لە چەند وتارێکدا | عەرەبی | عەونی کەڕومی | شانۆیی | 2003 | م. پەروەر |
| 31 | ستراتیژیی سەربازیی | فارسی | ریچارد کاگلەر | سیاسی | 2003 | دلێر میرزا |